

دکتۆر عەبدولڕەزاق محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانان:

## هەژماری من جگە لە ڕێکخستنی مووچە، بەنیشتمانیکردنی ئەو ماف و خزمەتگوزارییانەیە کە هاووڵاتییان پێویستیان پێیەتی

# گوڵان

ساڵی سی و یەکەم (١٤١٢)- (٦)ی ئایاری ٢٠٢٤





سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی عێراق:

## پێکهێنانی هەرێمی دیکەی فیدڕاڵی هەڕەشەیە بۆ سەقامگیری و یەکپارچەیی عێراق

ئەگەر تەنیا یەک هەرێم لە عێراقدا ددانپێدانراو بێت ئەوا سیستمی سیاسی دەبێتە تێکەڵەیەک لە سەنتراڵی و فیدڕاڵی

# سەرەتاکانی دەرکەوتنی سیستمی فیدڕەسی لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا




# بۆچی یاسای نەوت و غاز لە ٢٠٠٧ دەرنەچوو

## ١١٣

دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر یاسای نەوت و غاز، هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەری ڕێککەوتن و، پاشکۆیەک لەگەڵ ڕێککەوتنەکەدا نووسرا، کە ئەگەر هەتا مانگی ئایاری ٢٠٠٧ یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمان پەسەند نەکرا، هەر لایەنێک مافی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکانی نەوتیان هەیە.

لە کاتی ناردنی پرۆژەیاساکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، حوسێن شەهرستانی کە ئەو کات وەزیرێکی دەستڕۆیشتووی شیعە بوو، گوتبووی: پێویست ناکات خۆمان بەو یاسایەوە سەرقاڵ و گرفتار بکەین، کورد ئەو توانایی و لێهاتووییەیان نییە خۆیان نەوت دەربێنن.

دواتر ڕەشنووسەکە بۆ وردبینی ڕەوانەی ئەنجومەنی شووڕا کرا. لە ئەنجومەنیشدا بە بیانووی هەڵەی زمانەوانییەوە دەسکارییەکی زۆری یاساکە کرا و، هیچ بەها و نرخێکیان بۆ یاساکە نەهێشتەوە کە لە ڕاستیدا ئیشی شووڕا گونجاندنی زمانی نووسینەکەیە لەگەڵ زمانی یاسا.

ئەوەی ڕاستی بێت هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، مەبەستی بەغدا دەرهێنانی دۆسیە و کەیسی نەوت لە دەستی هەرێمی کوردستان بوو کە ئەوەش پێچەوانەی دەستوور بوو. حکوومەتی عێراق هۆکاری پەسەندنەکردنی یاسای نەوت و غاز بوو کە هەتا نووسینی ئەو دێرانەش هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە. لەو قەیرانەدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بەرپرسیارێتییەکی لەسەر شان نییە و، هەموو کارەکانی بەپێی دەستوور و ڕێککەوتنەکان کردووە.

هەر پەیوەست بە بابەتی نەوت و غاز، دوای ماوەیەک و لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٧دا نوێنەرانی دوو کۆمپانیای ئەمەریکی (راس پیرو و هانت) هاتنە کوردستان و ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتن و گرێبەستی نەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان.




ژمارە (٣٤)ی ئاداری ٢٠٢٤ی گۆڤاری (شرۆڤە) کە وەرزە گۆڤارێکی سیاسیی هزرییە، بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات، کەوتە بەر دیدی شرۆڤەکارانی سیاسی و فیکری و خوێنەرانەوە.


لەم ژمارەیەدا (١٢) بابەتی فیکری و سیاسی و ستراتیژی و ئابووری بڵاوکراونەتەوە، یەکێك لەو بابەتانە کە دەستپێکی وتارەکانە بەناونیشانی (پەرەپێدانی فرەیی سیاسی و پتەوکردنی کلتووری دیالۆگ و لێبوردەیی لەناوماڵی کوردستاندا وەکو ئامانجێکی نەتەوەیی لە پرۆگرامی پارتیدا لە دیدی فازل میرانی)، هەروەها بابەتێك بەناوی (پێگەی مستەفا بارزانیی نەمر لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورددا) لە نووسینی پ.د کەیوان ئازاد ئەنوەر، بابەتی (پرۆژە دەستووری کوردستان لەنێوان ئامادە و نا ئامادەبوونی کورددا)عوسمان عەلی وەیسی نووسیویەتی،(ستراتیژی ئێران لە هاوکێشە گۆڕاوە جیۆسیاسییەکاندا) بە پێنووسی د.شوکریە برادۆستی، چەند بابەتێکی دیکە لە هەمان ژمارەی (شرۆڤە)دا بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: (تەنگژەکانی ناوچەکە، بە تیشك خستنە سەر کاریگەرییەکان) د.چنار بابەبکر محەمەد بارزانی نووسیویەتی، سەبارەت بە ڕاگەیاندن، بابەتێکی غازی حەسەن دەخوێنینەوە بە ناوی (گوتاری ڕاگەیاندن و ئایندەی پێگەی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان)، دیارە شەڕی ئەلکترۆنیش چەند لاپەڕەیەکی لەم گۆڤارەدا گرتووە لە وتارێکی ئەکبەر تەوەکول و وەرگێڕانی مەریوان غەریب بە ناوی (چەمکی شەڕی ئەلیکترۆنی و بەکارهێنانی لە شەڕی داهاتوودا).. ئەمە جگە لە بابەتگەلێکی دیکە کە لەو ژمارەیەی وەرزە گۆڤاری (شرۆڤە)دا بڵاوکراونەتەوە، ڕاستییەکەی هەوڵ و ماندوبوونی سەرنووسەری گۆڤارەکە(د. چنار سەعد عەبدوڵڵا) و ستافی نووسین و هونەری، دیار و بەرچاوە، دانەیەك لەم گۆڤارە گەیشتۆتە (گوڵان)، دەستخۆشییان لێ دەکەین و هیواداریین سەرجەم ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیەدا بەرچاو دەکەون، ببنە سەرچاوە بۆ توێژەر و خوێنەران.





(شهادات مختارة) کتێبێکی تازە چاپکراوی بەڕێز فازل میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە بە زمانی عەرەبی، بە(٢٢٠) لاپەڕە کەوتە بەر دەست و دیدی خوێنەرانەوە و کتێبخانەی کوردی پێ ئاوەدان بووەتەوە.

بەڕێز میرانی لە کتێبی ئەم جارەیدا ڕاو بۆچوون و ئامادەبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی لەهەمبەر سەرجەم ڕووداو و پێشهات و بۆنەکان خستووەتە ڕوو، لە میانی (١٩) وتار و لێدوان و دیداردا سیاسییانە و بەرپرسانە و بوێرانە ئامادەیە و بەشداریی زۆربەی بۆنەکان بوو، ئەوەتا لە هەشتەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر و چلەی کاك ئیدریسی هەمیشە لەیاد وتارێکی پێشکەش کردووە کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە خەمی مستەفا بارزانی تەنیا کێشەی کورد نەبووە، بەڵکو بەردەوام جەختی کردووەتەوە لەسەر ڕزگاربوونی هەموو گەلی عێراق لە دەست کۆلۆنیالیزم، لەبارەی کاك ئیدریس بەوە وەسفی دەکات ئەو پیاوە قارەمانە بووە کە ئارامی و کۆڵنەدان و بەرخودان، هەڵوێست و خەسڵەتگەلی ئەو تێکۆشەرە بوون، کە لە دڵ و دەروونیدا جێگیر بوون.

بەڕێز میرانی لە بۆنەکانیشدا وتار و ئامادەبوونی هەبووە، لە یادی دامەزراندنی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان باس لەم دوو ڕێکخراوە دەکات کە بە فەرمانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی شان بەشانی یەکێتی و ڕێکخراوەکانی دیکە دامەزراون.. لە وەسفی پێشمەرگە و بەرخودان دژی تیرۆریسانی داعشدا، هەروەها لە یادی تێکۆشەر و سەرکردە شەهید و کۆچکردووەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش وتاری هەبووە، لە ساڵیادی کۆچی دوایی دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس و فرەنسۆ هەریری و حەمید ئەفەندی، هەروەها لە پرسەی زانای ناوداری کورد پرۆفیسۆر د.مستەفا زەڵمی وتارێکی خوێندووەتەوە و جەخت دەکاتەوە کە ئەو زانا و یاساناس و بیرمەندە کوردستانییە، تەنیا موڵکی شارێك یان ناوچەیەك نییە، بەڵکو مرۆڤێکی کوردستانی تەنانەت عێراقیشە، سامان و گەنجینەیەکی فیکری و یاساییە. جگە لەمانەی کە ئاماژەمان پێکردن، لەم کتێبەدا چەندین بابەتی دیکە دەخوێنینەوە پاشکۆی کۆتایی ئەم کتێبە بۆ وێنەکانی بەڕێز میرانی تەرخان کراوە لە سەردەمە جیاوازەکانی ڕۆژانی خەباتیان وەك پێشمەرگە و سیاسەتمەدارێکی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستان. بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە دەستخۆشی لە بەڕێز میرانی دەکەین، هەر سەرکەوتوو بێت.





دوو کتێبی بەڕێز(شێخ زیدو باعەدری) بە زمانی عەرەبی چاپکراون، یەکەمیان بەناوی(نهج بارزان تجاه المكونات الكوردستانية)، دووەمیشیان(الكورد الايزيديون بين كماشة الفرمانات والمادة (١٤٠) من الدستور العراقي)، لە کتێبی یەکەمدا نووسەر جەخت لە ڕێبازی بارزانی دەکاتەوە لەهەمبەر پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی کوردستان، لەم ڕووەوە سەرەتا ئاماژە بە زاراوەی (کۆتا) دەکات کە مێژووەکەی بۆ ڕۆژگارێکی دێرین دەگەڕێتەوە، دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا پەرەی سەندووە، تا ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکان لە ڕووی کێبڕکێی سیاسییەوە گرنگییان پێداوە، بەشداربوون و فرەیی دوو سیما و خەسڵەتی شارستانین لە ڕووی تەرخانکردنی پێگە و کورسی لە پەرلەمان و ئەنجومەنەکاندا بۆ ئەو نەتەوە و ئایین و ئایینزایانەی کە ژمارەی دانیشتووانیان کەمە.

نووسەر ئەم بابەتەی بە دادپەروەری لە ڕێبازی بارزانیدا پەیوەند کردووە، کە چۆن ئەم دادپەروەرییە لەم ڕێبازە پیرۆزەدا لەئاست پێکهاتەکاندا پشکی شێری هەیە، بۆیە پەیوەندیی ئەم ڕێبازە بەم پێکهاتانەی کە لە کوردستاندا دەژین ڕۆڵی دیار و بەرچاو دەبینێت لە بەردەوامبوونی پێکەوەژیان، ئەو پێکهاتانەش بریتین لە: کریستیان بە نەتەوەکانییەوە(کلدان و ئاشوور و سریان و ئەرمەن)، کورد بە جیاوازیی ئایین و ئایینزا و شێوەزارەکانیانەوە(موسڵمانی سوننە و شیعە و ئێزیدی و کاکەیی و شەبەك و فەیلی)، تورکمان و جوو کە کوردستانیی ڕەسەنن، ئەو عەرەبانەی لەبەر دۆخی ژیان و سیاسی ڕوویان لە کوردستان کردووە، زەردەشتی، سابئەی مەندائی، بەهائی.

دواتر نووسەر باس لە کوردانی ئێزیدی دەکات لە سایەی ڕێبازی بارزان، ئینجا ئاماژە بە یەکە یەکەی نەتەوە و ئایینەکان دەکات کە لە کوردستاندا دەژین، لە کۆتاییدا ئەلبوومێکی وێنە و چەندین بەڵگەنامە و نووسراوی تایبەت بە کوردانی ئێزیدی هاوپێچ کردووە.

لە کتێبی دووەمدا، کە پێشەکییەکەی لەلایەن پرۆفیسۆر محەمەد ئیحسان شارەزا لە کاروباری ناوچە دابڕێنراوەکان نووسراوە، ئاماژە بە کوردانی ئێزیدی دەکات کە لە هەموو ئایینەکان زیاتر ڕووبەڕووی کوشتن و چەوسانەوە و شوێنبزرکردن و نەمان بوونەتەوە، بە درێژایی مێژوو هەوڵی سڕینەوەیان دراوە، بەڵام لەسایەی عەقیدە و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیدا ئەم پێکهاتە گرنگ و ڕەسەنەی کورد مافیان بۆ دەستەبەرکراوە و بە هەموو شێوەیەك بەرگرییان لێکراوە.

نووسەری ئەم کتێبە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێزیدییەکان بە مافی خۆیان ناگەن ئەگەر لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی جێبەجێ کردنی ماددەی(١٤٠)ی دەستوور کێشەی ناوچەکانیان چارەسەر نەکرێت، شێخ زیدۆ باعەدری یەکێکە لە نووسەر و توێژەرە بە تواناکان کە ڕاستگۆیانە و بە بەڵگە پەرژاوەتە سەر نووسینی ئەم کتێبە گرنگە، چونکە خۆی یەکێکە لەو پێکهاتە ڕەسەنە، لە بوارەکانی سیاسەت و مافی مرۆڤ کاری کردووە، لە هەموو تەوەر و مەیدان و بۆنەکاندا داکۆکی لە کوردانی ئێزیدی کردووە، لەم کتێبەدا نووسەر تەوەرەکانی بەم شێوەیە دابەش کردووە: کوردانی ئێزیدی کێن؟، واقعی جوگرافیی ئێزیدییەکان، واقیعی سیاسیی ئێستای ئێزیدییەکان، ئێزیدییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانی و داخوازییە ڕەواکان، دوا تەوەریش: ئێزیدییەکان و ماددەی(١٤٠) و ڕیفراندۆمی چارەنووسساز لە ٢٥ ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار ڕەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

پ.د. شێرزاد نەجار




## ڕۆحی دەستوور: گرفتی شێواندن!

حوسێن عەلی ئاغا فەیلی :



## پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و کوردانی فەیلی هەبوو، هەر ئەمەش بوو وای لێکردن هاوکاریی شۆڕش ئەیلوول بکەین

پرۆفیسۆر گۆڤەند شێروانی :



## عێراق ڕۆژانە ٣٠ ملیۆن دۆلار لە ڕاگرتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم زیانی بەردەکەوێت

د. گوڵدەران عەبدولڕەحیم :



## هەژماری من هەنگاوێکی پێشکەوتووە بۆ گەیشتن بە حکومەتی ئەلەکترۆنی

زیا بەتروس :



**دەڤەری بارزان هەر لە کۆنەوە شوێنی پێکەوەژیان بووە و شێخەکانی بارزان بەرگرییان لە هەموو ئایینەکان کردووە**

**لە ساڵیادی ڕۆژی جیهانیی تالاسیمیا هۆشداریی زیادبوونی ڕێژەی تووشبووان دەدرێت**



**بەهای خۆراکیی هێلکە**



**درۆنێک بۆ ڕاوە ماسی**



**لە نیوان حەیران و لاوک، حەیراوک فۆرمێکی تازەو داهێنانێکی نوێی قادر ئەسعەد**



یوسرا ئیبراهیم :

**هیچ شتێک وەک ئەوە چێژبەخش نییە خزمەت بە گەل و نیشتمانی خۆت بکەیت**



# سەرەتاکانی دەرکەوتنی سیستمی فیدڕەسی

# لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا


ERBIL
KURDISTAN
REGION
BAGHDAD
IRAQ

**ڕۆژی ١٨ی شوباتی ٢٠١٤ فائیق زێدان سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی عێراق ئەو داوایەی ڕەت کردووە کە هەرێمێکی دیکە هاوشانی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا دابمەزرێت**

**واقیعی جوگرافی و نەتەوەیی هەرێمی کوردستان پێش جێبەجێکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بوونی هەبووە، لەمەش زیاتر هەرێمی کوردستان دۆخێکی تایبەتی هەیە و لەلایەن هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراقەوە ددانی پێدانراوە**

لەگەڵ ئەوەی لە ماددەی ١٩٩ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراقدا هاتووە: «پارێزگایەك، یان زیاتر مافی پێکهێنانی هەرێمێکیان هەیە بە پشتبەستن بە داواکارییەك بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەری»، بەڵام لە ڕۆژی ١٨ی شوباتی ٢٠١٤ فائیق زێدان سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی عێراق لە میانەی دیدارێکیدا لەگەڵ (محەمەد نوری کەربولی پارێزگار و عومەر مشعان دەبووس سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار)، ئەو داوایەی ڕەت کردووە کە هەرێمێکی دیکە هاوشانی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا دابمەزرێت.

بەپێی بەیاننامەی ئەنجومەنی دادوەری لەسەر ئەم سەردانە ئاماژە بەوە کراوە، کە قازی فائیق زێدان لە میانەی گفتوگۆکانی لەگەڵ پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار هەوڵی داوە، بەمجۆرە پاکانە بۆ ڕەتکردنەوەی پێکهێنانی هەرێمی دیکە بکات، کە «واقیعی جوگرافی و نەتەوەیی هەرێمی کوردستان پێش جێبەجێکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بوونی هەبووە، لەمەش زیاتر هەرێمی کوردستان دۆخێکی تایبەتی هەیە و لەلایەن هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراقەوە ددانی پێدا نراوە، بۆیە بیرۆکەی دامەزراندنی هەرێمی دیکە لە هەر ناوچەیەکی دیکەی عێراق ڕەت دەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەڕەشە لەسەر ئاسایش و یەکپارچەیی عێراق دەکات».

ئەم قسە ڕاشکاوانەی فائیق زێدان سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی عێراق، دەرخستنی ڕاستییەکە کە دەسەڵاتدارانی عەرەبی شیعەی عێراق دەیانەوێت عێراق بێجگە لە هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی یەکگرتوو «Unitary state» بێت و، بە شێوازێکی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دەوڵەتە یەکگرتووە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێك دەخرێتە، ئەم شێوازە تێکەڵاوە لە « دەوڵەتی سەنتراڵی و فیدراڵی» لە فەلسەفەی دەستووردا پێی دەگوترێت «فیدرەسی».



**● میکانیزمی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا**

بە چەند مانگێك پێش هەڵبژاردنەکانی نۆڤمبەری ٢٠١٦ و، بەبێ ئەوەی بزانرێت سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا (هیلاری کلینتۆن) یان (دۆناڵد ترەمپ) دەبێت، کۆنگریسی ئەمریکا لێژنەیەکی بە سەرۆکایەتیی (مادلین ئۆلبرایت) و (ستیڤن هادلی) بۆ دیراسەتی سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهێنا، بۆ ئەوەی وەك ڕەشنووسی سیاسەتی تازەی ئەمریکا بخرێتە بەردەستی سەرۆکی تازەی ئەمریکا لە ٢٠١٧ ئەوجا ئەو سەرۆکە کۆماریی بێت، یان دیموکراتی.

لەو بەشەی ڕاپۆرتەکە کە تایبەت بوو بە عێراق هاتبوو «دوای تەواوبوونی شەڕی دژی داعش، پرۆسەی دووبارە ڕێکخستنەوەی عێراق دەستی پێدەکرێتەوە، بەڵام سەرەتا لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق و دوای تەواوبوونی ئەم پرۆسەیە هەوڵ دەدەین کە دووبارە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق ڕێك بخرێتەوە».

لە حوزەیرانی ٢٠١٧ کاتێك لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لێژنەی باڵای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی دامەزرا، یەکەم ئامانجی ئەم لێژنەیە ئەوە بوو کە هەم دەسەڵاتدارانی عێراق و هەم دەوڵەتانی هەرێمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەپەیامی ئەنجامدانی ئەم ڕیفراندۆمە تێبگەن، کە ئامانج لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان ئەوەیە کە «ئاکامی ئەم ڕیفراندۆمە هەر چییەك بێت، پاشان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاکامە گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق بە ناوبژیوانی و هەماهەنگیی دەوڵەتانی هەرێمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستی پێبکرێت، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق ڕێك بخرێتەوە». بەڵام بەداخەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هەرێمی، گڵۆپی سەوزیان بۆ هێزەکانی عێراق (سوپا و حەشدی شەعبی) بە پشتگیریی سوپای پاسداران و خیانەتی ناوخۆیی هەڵ کرد، کە هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان

و ٥١٪ی خاکی کوردستان داگیر بکەنەوە، کە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بە خوێن و ئیرادەی پێشمەرگە ڕزگار کرابوون.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ پەرلەمانی عێراق، پاش ئەوەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا ٢٥ کورسی بەدەستهێنا، بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی شیعە و ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕوون بووەوە کە تەنیا ڕێگە بۆ ئەوەی کورد لە پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراقە بەشدار بێت، ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی ڕێککەوتن بکرێت، لەمیانەی دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی تازەی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی د.عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگرییان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کردبوو و لەسەر ئەم خاڵانەش ڕێککەوتن کرا:

- ئەقلییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا بگۆڕێت و یەکتری قبوڵکردن هەبێت و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان پارێزراو بێت.
- کێشە کەڵەکەبووە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە میکانیزمی دەستووری و بە ڕێککەوتن و هەماهەنگیی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێن.

لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنە لایەنە کوردستانییەکان لە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدیدا بەشدارییان کرد، کە لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە متمانەی پێ درابوو. لەم بەروارەدا ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی هەرێمی کوردستانیش ڕاگەیەندرابوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا بە تەنیا ٤٥ کورسی لە ١٠٠ کورسی پەرلەمانی کوردستانی بەدەستهێنا، ئەمەش ئاماژەیەکی دیکە بوو کە حکومەتی داهاتووی کوردستان (کابینەی نۆیەم) کە دادەمەزرێت و بەپێی ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی عێراق هەماهەنگ دەبن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، قورساییەکەشی لای پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت.

لایەنە عێراقییەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە ئومێدێکی گەورەیان لەسەر حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی هەڵچنیبوو، وەك پیشاندانی نییەتی باش و پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستانیش لە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی. سەرۆك بارزانی ئەو بانگهێشتنامەیەی هاوپەیمانیی شیعەی قبووڵ کرد و لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ سەردانی بەغدای کرد و دوای ئەو پێشوازییە شکۆدارەی لێی کرا، لەلایەن عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیران و محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان و هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح و موقتەدا سەدر سەرۆکی تەیاری سەدری و تەواوی سەرکردە عێراقییەکانی دیکەوە، سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند «دەرفەتێك هاتووەتە پێشەوە و هیوادارم هەموو پێکەوە هەماهەنگ بین بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەین و ئەم دەرفەتەش وای کرد، کە من جارێکی دیکە سەردانی بەغدا بکەم».

دوای دانوستاندنە دوور و درێژەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کە نزیکەی نۆ مانگی خایاند بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی کابینەی نۆیەم لە پەرلەمانی کوردستان متمانەی وەرگرت، شاندێکی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق و حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کۆبوونەوە.

ئاکامی ئەم سەردانەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ بەغدا بە ڕادەیەك ئەرێنی بوو کە هەردوولا گەیشتبوونە قەناعەت بەوەی کە نییەتێکی باش لە هەردوولاوە هەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵام ئەم گەشبینییە درێژەی نەکێشا و بارودۆخی عێراق بە چەندین هۆکار کەوتەوە حاڵەتی پشێویی و پاشاگەردانییەوە، لەوانە:

- لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ خۆپیشاندانەکان لە بەغدا دەستیان پێ کرد و پاشان

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هەرێمی، گلۆپی سەوزیان بۆ هێزەکانی عێراق (سوپا و حەشدی شەعبی) بە پشتگیریی سوپای پاسداران و خیانەتی ناوخۆیی هەڵ کرد، کە هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان و ٥١٪ی خاکی کوردستان داگیر بکەنەوە، کە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بە خوێن و ئیرادەی پێشمەرگە ڕزگار کرابوون**

**تەنیا ڕێگە بۆ ئەوەی کورد لە پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراقە بەشدار بێت، ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی ڕێککەوتن بکرێت**



پارێزگاکانی دیکەی عێراقیشی گرتەوە، بەمەش بارودۆخی بەغدا و پارێزگاکانی عێراق کەوتەوە پاشاگەردانی و، لەناو ئەم پاشاگەردانییەشدا میلیشیا چەکدارەکانی عێراق جێگەی دەسەڵات و حکومەتیان گرتەوە.

- لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ عادل عەبدولمەهدی ناچار کرا، دەست لەکار بکێشێتەوە و پاش چەندین مانگ لە نەبوونی سەرۆک وەزیران لە حکومەتی عێراق، پاشان ڕێککەوتن کرا، مستەفا کازمی وەك سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەر دابنرێت و پاشان ڕۆژێك بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە دابنرێت.

- هەمان ساڵ (٢٠٢٠) پەتای کۆرۆنا لە عێراق و هەرێمی کوردستان بڵاو بووەوە، ئەم پەتایە هەموو کاروبارێکی لە عێراقدا ڕاگرت، تەنانەت ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان گەیشتە حاڵەتێك کە نەتوانرێت لە هەرێمی کوردستان مووچەی فەرمانبەران دابین بکرێت و لە عێراقیش پەرلەمان ڕێگەی بە حکومەتی عێراق دا، بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، بەڵام هەرێمی کوردستانی لێ بێبەش کرا.

دوای هەموو ئەم کارەساتانە، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ هەڵبژاردن ئەنجام درا، ئەمجارەیان لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە ٥٠٪ی کورسییەکانی کوردستانی بەدەستهێنا کە ٣٣ کورسی بوو، ئەمەش پەیامێکی دا بە لایەنە سیاسییەکانی شیعە (موقتەدا سەدر و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی)، بەوەی کە ئەگەر بیانەوێت پرۆسەی سیاسیی عێراق ڕێك بخەنەوە و لایەنە کوردستانییەکان لە حکومەتی داهاتووی عێراق بەشدار بن، ئەوا هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە، بێجگە لە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان.

ڕێککەوتنی ئەمجارەی نێوان چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لەگەڵ سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی کە پێی دەگوترێت «پرۆگرامی وەزاری» و لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە متمانەی پێ دراوە، نەخشەڕێگەیەکی دروستە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتی عێراق و هەروەها ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا تا چەند ئەم پرۆگرامە وەزارییە جێبەجێ دەکرێت، کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی سوودانی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێداگری و جدیبوونی سەرۆك بارزانی و هەڵوێستی توندی بەیاننامەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیداتەوە کە لە مارتی ٢٠٢٤ بە هەموو لایەکی ڕاگەیاند، ئەگەر ئەو پرۆگرامە وەزارییەی کە لە نێوان لایەنەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئیمزای لەسەر کراوە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکشێتەوە.

### ● کوردستان وەك تەنیا هەرێم
## لە ناو سیستمی تێکەڵەی فیدراڵی و سەنتراڵیدا

لە ساڵی ٢٠٠٤ و پێش ئەوەی دەستووری عێراق پەسەند بکرێت، تیمی ڕاوێژکاریی نێودەوڵەتی کە هاریکاری سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیان دەکرد بۆ نووسینەوەی دەستووری عێراق و، هاوکاتیش سەرقاڵی نووسینی کتێبێك بوون لەسەر «ئایندەی کوردستان لە عێراقدا»، یەکێك لەو پرسە گرنگانەی کە ورووژاندیان، ئەو پرسیارە بوو: «ئایا ئەگەر عێراق نەبووە دەوڵەتێکی فیدراڵی، ئایندەی کوردستان چۆن دەبێت؟» ئەم پرسیارە کە هەر دوو پرۆفیسۆر «براندان ئۆلێری و خالید ساڵح» وەك دوو پسپۆڕی دەستووری کاریان لەسەر دەکرد، ئەو کاتە ئاراستەی کارکردن لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەو ئاراستەیە بوو کە بۆ دەوڵەتی تازەی عێراق (دوای ٢٠٠٣) دەستوورێك بنووسرێتەوە کە بناغەی دەوڵەتێکی فیدراڵی، فرەیی، پەرلەمانی، دیموکراتی لەسەر بونیاد بنێت، ئەم ئاراستەیە کە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٢ لە کۆنگرەکانی (لەندەن، پاریس، پیرمام و هەولێر)

**بەیاننامەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیداتەوە کە لە مارتی ٢٠٢٤ بە هەموو لایەکی ڕاگەیاند، ئەگەر ئەو پرۆگرامە وەزارییەی کە لە نێوان لایەنەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئیمزای لەسەر کراوە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکشێتەوە**

**دەکرێت هەرێمی فیدرەسی سیستەمە سیاسییەکەی لەگەڵ دەوڵەتە یەکگرتووەکە جیاواز بێت، هەروەک چۆن سیستمی سیاسی و کارگێڕیی (هۆنگ کۆنگ و ماکاو) لە کۆماری چینی کۆمۆنیستی جیاوازە**

**ئەنجومەنی دادوەریی عێراق بە بەیاننامەی فەرمی سیستمی فیدراڵی بە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری و یەکپارچەیی عێراق دادەنێت**

لەسەری ڕێك کەوتبوون، بەڵام لەسەر ئاستی هەرێمی و دەوڵەتانی عەرەبی لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ پشتگیری لێ نەدەکرا، بەتایبەتیش هەر سێ دەوڵەتی (ئێران، تورکیا، عەرەبستانی سعودی). هەربۆیە پێشبینیکردنی پسپۆڕان بۆ ئەوەی «ئەگەر عێراق نەبوو بە دەوڵەتێکی فیدراڵی، کوردستان چی بکات؟» ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو بوو، ئێستاش دوای ٢٠ساڵ لە بەرزترین دەسەڵاتی دادوەریی عێراقەوە گوێبیستی ئەوە دەبین کە «ڕێگەپێدان بە دامەزراندنی هەرێمی دیکە هاوشانی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا ڕەت دەکرێتەوە، چونکە هەڕەشە لە ئاسایش و یەکپارچەیی عێراق دەکات، بەڵام هەرێمی کوردستان لەلایەن تەواوی گەلانی عێراقەوە دانی پێدا نراوە».

ئەم گوتارە ڕاشکاوەی فائیق زێدان سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی عێراق، ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئێستا نەخشەی ئەمری واقیعی عێراق بەمجۆرەیە.

- هەرێمی کوردستان پێش پەسەندکردنی دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥ بۆ ماوەی ١٤ ساڵ بوونی هەبووە، لە ساڵی ١٩٩١یشەوە تا ئێستا بوونی هەیە.

- عێراق وەك یەکپارچە بەبێ هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی یەکگرتووە «Unitary state».

چەمکی «فیدرەسی» وەك لە زانستی سیاسەت باس کراوە، بریتییە لە «سیستمێکی سیاسی کە هەرێم لەناو ئەو دەوڵەتە، سەربەخۆیی لە بەشەکانی دیکە زیاتر دەبێت و، بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەرێمەکە و دەوڵەتە یەکگرتووەکە پەیوەندی نێوانیان ڕێك دەخرێت. بۆ نموونە هەرێمی نەخجەوان کە ساڵی ١٩٩١ لە یەکێتیی سۆڤیەت جیا بووەوە، کە بووەتە بەشێك لە ئازەربایجان لە چوارچێوەی فیدرەسیدا و هەموو دەسەڵاتێکی خۆیشی هەیە، هەروەها وەك پەیوەندی نێوان ئوسترالیا و دوورگەی نورفولك، بە هەمان شێوە پەیوەندیی نێوان چین لەگەڵ هۆنگ کۆنگ و ماکاو. بە مانایەکی دیکە دەکرێت هەرێمی فیدرەسی سیستمە سیاسییەکەی لەگەڵ دەوڵەتە یەکگرتووەکە جیاواز بێت، هەروەك چۆن سیستمی سیاسی و کارگێڕیی (هۆنگ کۆنگ و ماکاو) لە کۆماری چینی کۆمۆنیستی جیاوازە.

ئەوەی ئێستاش لە واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراقیش وەك دەوڵەت دەبینرێت، ئەوەیە ڕاشکاوانە هەست بەوە دەکرێت کە تێڕوانین و بۆچوون بۆ سیستمی حوکمڕانی و کارگێڕی لە عێراق و هەرێمدا بوونی هەیە، بەمجۆرە:

● عێراق وەك دەوڵەت لەسەر هەر سێ ئاستەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) نەك هەر ئامادەباشی تێدا نییە هەنگاو بۆ دەوڵەتی فیدراڵی هەڵبگرێت، بەڵکو ئەنجومەنی دادوەریی عێراق بە بەیاننامەی فەرمی سیستمی فیدراڵی بە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری و یەکپارچەیی عێراق دادەنێت.

● دەوڵەتی عێراق لەسەر هەر سێ ئاستەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) ددان بە هەرێمی کوردستاندا دەنێن و ئامادەن وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی عێراق و جیاواز لە پارێزگاکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و پەیوەندییەکانی لەگەڵی ڕێك بخەنەوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی عێراقدا ئامادەیە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بکات، کە ئامادە نییە ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، یان ئەو دەستووره جێبەجێ ناکات کە دەبێتە بناغە بۆ ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەخەینە چوارچێوەی لۆژیك و واقیعبینیی سیاسی و دیپلۆماتیی سەرۆك بارزانی کە بەمجۆرەیە:

- لە ساڵی ٢٠١٢ کاتێك نوری مالیکی لە خولی دووەمی کابینەکەی، هەموو بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنەی پێشێل کرد، کە کابینەکەی لەسەر پێکهێنرابوو و بە «ڕێککەوتنی هەولێر» ناو دەبرا، سەرۆك بارزانی لە پەیامی نەورۆزی هەمان ساڵدا ڕایگەیاند «ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ دەنگی گەلی کوردستان، گەلی کوردستان چ بڕیارێکی دا، لەسەر بنەمای ئەو بڕیارە هەوڵ دەدەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق ڕێك بخەینەوە».

**دەوڵەتی عێراق لەسەر هەر سێ ئاستەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) ددان بە هەرێمی کوردستاندا دەنێن و ئامادەن وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی عێراق و جیاواز لە پارێزگاکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و پەیوەندییەکانی لەگەڵی ڕێک بخەنەوە**

**گەلی کوردستان بێجگە لە سەرۆک بارزانی، متمانەی بەو حزبە سیاسییانە نەماوە کە دوای ریفراندۆم هیوایان ئەوە بوو، فاتیحە لەسەر هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بخوێنن**

**سەرۆک بارزانی لەسەر بڕیاری خەڵکی کوردستان بە هەموو لایەنە عێراقییەکان (بە شیعە و سوننەوە) بە ئاشکرا ڕاگەیاند و پێی گوتن: «ئەقلییەتی حوکمڕانیی خۆتان بگۆڕن و لەسەر بنەمایەکی نوێ پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێک بخەنەوە»**

- لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ گەلی کوردستان بڕیاری خۆی دا بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی»، دوای ئەم بڕیارە سەرۆك بارزانی بە جیهانی ڕاگەیاند، ئێمە ئامادەین لەسەر بنەمای بڕیاری گەلی کوردستان دانوستاندن لەگەڵ عێراق دەست پێبکەین، بەڵام ئەوان بە هێرشکردن بۆ سەر کوردستان وەڵامیان داینەوە.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا گەلی کوردستان لە بڕیاری خۆی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) پەشیمان بووەتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئاکامی هەڵبژاردنەکانی دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەیداتەوە، کە پێمان دەڵێت گەلی کوردستان لەسەر بڕیاری خۆی سوورە و جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەشی بە سەرۆك بارزانی سپاردووە، بەمجۆرە:

١- لە هەڵبژاردنی ١٢ی ئاداری ٢٠١٨ واتە تەنیا حەوت مانگ دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا ٢٥ کورسی لە پەرلەمانی عێراق بەدەست هێنا، کە هیچ حزبێك لە عێراقدا بە تەنیا ئەوەندە کورسییەی بەدەست نەهێنابوو.

٢- لە هەڵبژاردنی ئەیلوولی ٢٠١٨ واتە تەنیا ساڵێك دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا ٤٥ کورسی لە ١٠٠ کورسیی پەرلەمانی کوردستان بەدەستهێنا.

٣- لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ی پەرلەمانی عێراق لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا ٣٣ کورسی بە دەستهێنا کە زیاترە لە ٥٠٪ی کۆی کورسییەکانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا.

ئاکامی ئەم سێ هەڵبژاردنەی کە لە دوای ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون، ئەوەمان پێ دەڵێت، کە گەلی کوردستان بێجگە لە سەرۆك بارزانی، متمانەی بەو حزبە سیاسییانە نەماوە کە دوای ڕیفراندۆم هیوایان ئەوە بوو، فاتیحە لەسەر هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بخوێنن، بۆیە سەرۆك بارزانی لەسەر بڕیاری خەڵکی کوردستان بە هەموو لایەنە عێراقییەکان (بە شیعە و سوننەوە) بە ئاشکرا ڕاگەیاند و پێی گوتن: «ئەقلییەتی حوکمڕانیی خۆتان بگۆڕن و لەسەر بنەمایەکی نوێ پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێك بخەنەوە».

## ● هەماهەنگیی نێوان هەرێم و عێراق لەسەر ئاستی هەردوو حکومەت و پرۆسەی سیاسی

ئەبو میساق ئەلمەساری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لە گفتوگۆی «هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدا»، پێی گوتین: «برایان، ئێمە وەك شیعە دابەش بووین بەسەر دوو بەرەدا، یەکەمیان بەرەی شیعەی ئەقڵانی، دووەمیان بەرەی شیعەی چەکدار، ئێمە وەك شیعەی ئەقڵانی دەزانین پارتی دیموکراتی کوردستان چ حزبێکی گەورە و دێرینە و دەشزانین چ ڕۆڵێکی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە. لێرەدا زانیارییەکتان پێ دەڵێم، کە لەوانەیە لەناو لایەنە سیاسییەکەی خۆم بە نەرێنی لەسەرم بشکێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە پێتان دەڵێم: هەولێر، بەشدار بووە لە ڕازیکردنی ئەمریکا و سەرۆکەکەی جۆزیف بایدن بۆ ئەوەی پێشوازی لە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بکەن و سەردانەکەشی لە سەرووی سەرکەوتووەوە بووە».

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا پەیامی ئەم سیاسەتمەدارەی لایەنێکی سیاسیی وەك ڕێکخراوی بەدر، جۆرێك لە موجامەلە نییە، ئەمەش بەو مانایەی کە دێنە کوردستان قسەیەك دەکەن و کە دەچنەوە قسەیەکی دیکە دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە شێوازی پێشوازیی ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسیی بەدر دەدەینەوە، کە ئەویش قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراقە، کاتێك پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، لە ناو بینایەی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق و بە ئاڵای کوردستان و بە شێوەیەکی پرۆتۆکۆڵیی زۆر ئاست بەرز پێشوازیی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە ئاماژەی پێ بکەین، سەردانەکەی هەفتەی ڕابردووی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بۆ بەغدا، لەم سەردانەدا جیا لەوەی بەشداری

**هەولێر، بەشدار بووە لە ڕازیکردنی ئەمریکا و سەرۆکەکەی جۆزیف بایدن بۆ ئەوەی پێشوازی لە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بکەن**


**نووری مالیکی و هادی عامری جەختیان لەوە کردەوە «پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تەنیا پەیوەندی بە فەخامەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و خۆی دەتوانێت مەرسومێک دەربکات و ڕێکەوتی هەڵبژاردنەکە دیاری بکات»**

**ئەو هاریکاری و لێکتێگەیشتنەی لەناو هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت بوونی هەیە بۆ پشتگیری لە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی، هەمان هاریکاری و لێکتێگەیشتن بۆ پشتگیری لە حکومەتەکەی سوودانی لەناو پەرلەمانی عێراق بوونی نییە**



لە کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کرد، لە هەمان کاتدا لەگەڵ زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی شیعە و سوننەی عێراق کۆبووەوە. ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردن بوو و لە لێدوانە ڕۆژنامەنووسییەکاندا گوێبیستی بووین، ئەوە بووە کە نووری مالیکی و هادی عامری، جیا لەوەی سەبارەت بە کێشەکانی هەرێم و عێراق زۆر بە گەشبینی وەڵامی ڕۆژنامەنووسانیان دایەوە و ئاماژەیان بەوەکرد، نییەتی خێر لای هەردوو لایە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، سەبارەت بە دواخستن، یان دوانەختستنی هەڵبژاردنەکانی کوردستانیش هەردووکیان جەختیان لەوە کردەوە «پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تەنیا پەیوەندی بە فەخامەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و خۆی دەتوانێت مەرسومێك دەربکات و ڕێکەوتی هەڵبژاردنەکە دیاری بکات».

ئەوانەی شارەزان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، یان ئەزموونیان لەناو پرۆسەکە هەیە، دەزانن کەسایەتیی ئەو دوو بەڕێزە (نووری مالیکی و هادی عامری) لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق چەندە و، لەمەش زیاتر دەزانن چەند کاریگەرن لەناو پرۆسەی بڕیاردروستکردنی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بۆیە کاتێك دەڵێن



«هەڵبژاردنی کوردستان تەنیا پەیوەندی بە بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، باش دەزانن، لەپشت یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە لە ئێستا بڕیارێکی دادگای فیدراڵی هەیە، کە وەك خۆیان دەڵێن «بات و ملزمە»، بۆیە ئەگەر بارودۆخەکە بەو ئاستە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبێت، کە ئەمری واقعێکی تازە دروست بووە، کە دەبێت کوردستان وەك هەرێمێك دەسەڵاتەکانی سەربەخۆ و جیاواز بێت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەیانگوت، دادگای فیدراڵی بڕیاری داوە و بڕیارەکەش «بات و ملزمە» و دەبێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت.

سەبارەت بەو پرسانەی پەیوەندی بە هەردوو حکومەتی عێراقەوە هەیە، وەك پرسەکانی (مووچە و بودجە، ماددەی ١٤٠، هێزی پێشمەرگە، یاسای نەوت و گاز و...هتد)، دەبینین لێکتێگەیشتن و هاریکاریی زۆر باش لەنێوان هەردوو حکومەتی هەولێر و بەغدا بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەم هاریکاری و لێکتێگەیشتنەی هەردوو حکومەت کە بە ئاسانی هەوڵەکانیان سەرکەوتوو بێت، ئەویش جیاوازیی سرووشتی ژینگەی ناو پەرلەمانی عێراقە لەگەڵ سرووشتی ژینگەی ناو هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئەمەش بەو مانایەی ئەو هاریکاری و لێکتێگەیشتنەی لەناو هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت بوونی هەیە بۆ پشتگیری لە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی، هەمان هاریکاری و لێکتێگەیشتن بۆ پشتگیری لە حکومەتەکەی سوودانی لەناو پەرلەمانی عێراق بوونی نییە.

لایەنە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە ئێستا بەشی سەرەکین لە هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، زۆر خۆشحاڵن بەوەی کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداریی

**لایەنە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە ئێستا بەشی سەرەکین لە هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، زۆر خۆشحاڵن بەوەی کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەو هاوپەیمانییە بکات**



کۆبوونەوەکانی ئەو هاوپەیمانییە بکات، ئەم خۆشحاڵییەی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەیە کە پشتگیریی تەواوی هەرێمی کوردستان بۆ حکومەتەکەی سوودانی مسۆگەر بکەن، هەروەها مەبەستیانە دڵنیایی بە سەرۆك مسعود بارزانی بدەن، کە ئەوان پابەندن بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، بەڵام پەرتەوازەیی و دابەشبوونی ناماڵی شیعە هەنگاوەکانی خاو کردووەتەوە.

ئەوەی لە دوماهیدا گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەو پرسیارەیە کە ئایا تاچەند ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیری ئەوە دەکات، عێراق یەك دەوڵەت و دوو سیستەم بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەو پەیامەی ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەردەگرینەوە، کاتێك لە ڕۆژی **٢٥**ی شوباتی **٢٠٢٤** لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندەکەی گوتی: «لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، **٣٦٠** پلە پشتگیری هەرێمی کوردستان دەکەین»، ئەم پەیامەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەگەر لە چوارچێوەی ئەزموونی سیاسیی جوزیف بایدن سەرۆکی ئێستای ئەمریکا، ڕاڤە بکەین کە زیاتر لە **٣٠** ساڵە کار لەسەر دۆسێی عێراق دەکات و خاوەنی پلانی B و تێگەیشتنی دابەشبوونی نەرمە بۆ عێراق «Soft Partition in Iraq»، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەگەر هەولێر ڕازی نەبووایە، ئامادە نەدەبوو لەناو کۆشکی سپی پێشوازی لە سەرۆك وەزیرانی عێراق بکات و، پێدانی ئەم ڕۆڵەش بە هەولێر، مانای ئەوەیە لای سەرۆکی ئەمریکاش ئێستا بە کردەیی عێراق یەك دەوڵەتە، بەڵام دوو سیستمی سیاسی تێدا هەیە.

**ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوتی: «لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، ٣٦٠ پلە پشتگیری هەرێمی کوردستان دەکەین»**

# ڕۆحی دەستوور: گرفتی شێواندن!

## «دەستوور ڕۆح و دامەزراوە و پیادەکردنە»

**ژەنەڕاڵ: شارل دیگۆل – ١٩٦٤**

ژەنەڕاڵ شارل دیگۆل سەرۆکی فەرەنسا (١٨٩٠ – ١٩٧٠) لە ماوەی (١٩٥٩-١٩٦٩)، چەندین جار جەختی لەوە کردەوە کە «دەستوور ڕۆح و دامەزراوە و پیادەکردنە»، بۆیە ئێمە پرسیار دەکەین: ژەنەڕاڵ دیگۆل زاراوەی «ڕۆح»ی لەکوێ هێناوە؟ ئەم زاراوەیەی لە فیکری کلاسیکی وەرگرتووە، کە زاراوەی ڕۆحی یاساکانی مۆنتسکیۆی بەکارهێناوە، زاراوەی «ڕۆح» مانای دیاریکراوی هەیە، بەو مانایەیە کە ئێمە پێی دەجووڵێین، ئەمەش وای لێدەکات هاوواتای «پرەنسیپ» بێت، بەو مانایەیە کە ژیانی دەوڵەت پێکدەهێنێت، ئەمە ئەو مانایەیە کە ژەنەڕاڵ دیگۆل بەکاری هێناوە.

ئێمە دەپرسین: ئایا دەستوور وەك هەر بوونەوەرێکی زیندوو ڕۆحی هەیە؟ ئایا دەکرێت بڵێین سرووشتی دەستوور بەستوو و جێگیر نییە، بەڵکو بە خەسڵەتێکی دینامیکی ناسراوە؟ دواجار دەستوور، ڕۆحێکی زیندووی هەیە، بە هۆی پرەنسیپە سەرەکییەکان لەپێناو ڕێکخستنی چالاکییەکانی دەسەڵات لە دەوڵەتدا.

**دەبێت دەستوور، دەستوورێکی دامەزراو بێت، بۆ دەوڵەتێکی عەقڵدار و بۆ پراکتیکی سیاسیی دیموکراسی، کە لەسەر بنەمای هاوسەنگیی نێوان دەسەڵات و ئازادی بێت**

لەم خەسڵەتەدا دەستوور وەکو «بوونەوەرێکی زیندوو» بە شێوەی «سەرکردەیەکی دەستووری» لە دەوڵەتدا هەڵسوکەوت دەکات، واتە بریتییە لە «کردەوەی سەرکردایەتی» لە ڕێگەی ئەو پرەنسیپە جەوهەرییانەی (ڕێسا بنەڕەتییەکان) کە دەستوور لەخۆی دەگرێت.

ئامانجی دەستوور دامەزراندنی دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانیەتی، دواتر دەکرێت دەوڵەتەکان بەپێی شێوازی حکومەت پۆلێن بکرێن، ئایا تۆتالیتاری، ستەمکاری، یان دیموکراسین، واتە دەوڵەتی یاسا، کە دەوڵەتێکی حوکمڕانیی دامودەزگای دەستوورییە، بۆیە سەروەریی یاسا لە دەستوورەوە دەست پێدەکات و لەوێ کۆتایی دێت. دەبێت ئەم دەستوورەش دەستوورێکی دامەزراو بێت، بۆ دەوڵەتێکی عەقڵدار و بۆ پراکتیکی سیاسیی دیموکراسی، کە لەسەر بنەمای هاوسەنگیی نێوان دەسەڵات و ئازادی بێت، هەموو دەسەڵاتەکانیش لە دەوڵەت دەبێت پابەند بن بە ڕێزگرتن لە باڵادەستیی دەستوور. بەم شێوەیە چەمکی دەستوور لە چوارچێوەیەکی




سیاسیدا دەمێنێتەوە، بەو مانایە کە دەستوور بە دەقی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەیەکی سیاسی، ڕێسای باڵا دیاری دەکات، کە دەبێت پێوەی پابەند بن، بەم شێوەیە دەستوور سیمای باڵادەستی هەیە و، لە ڕێی پێداچوونەوەی دادوەرییەوە گەرەنتی دەکرێت.

پێش هەموو شتێك دەستوور بە مەبەستی بنیادنانی هەیکەلبەندیی دەوڵەت و دیاریکردنی بەرپرسیارێتی و پسپۆڕییەکانی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە، دواتر هاوسەنگییەکی سیاسی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی هەڵگری دەسەڵات لە دەوڵەتدا دروست دەکات. دەستوور پەیوەندیی نێوان ئەو هێزە سیاسییانە ڕێکدەخات و سنوورەکانیان لە پیادەکردنی دەسەڵاتدا دیاری دەکات.

لەسەر بنەمای ئەم ڕۆڵە گرنگەی دەستوور لە ژیانی سیاسیدا، سرووشتی دەستوور سیاسییە و ئەم سیمایە بە ڕوونی لە سیستەمێکی سیاسیدا دەردەکەوێت بە «جەختکردنەوەی دەسەڵات» لای تاکێك، یان توێژێکی کۆمەڵایەتی، یان حزبێکی سیاسی. لەم حاڵەتەدا، دەستوور بە بۆچوونی فەقیهی دەستووری فەرەنسی (مۆریس دوڤەرجێر Duverger1917-2014 ) دەبێتە پڕۆگرامێکی ئایندە کە لەگەڵ واقیعی سیاسیدا ناگونجێت، لەم سیستەمەدا دەستوور گرنگیی خۆی لەدەست دەدات.

لە دەستووری زۆربەی وڵاتانی پەرەنەسەندوو، چەند دەقێکی دەستووری دەبینین کە باس لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی دەکەن، کە وەك پڕۆگرامێکی ئایندەیی دەردەکەوێت. دەسەڵاتدارانی سیاسی لە هێنانەوەی ئەو دەقانە ئامانجێکی دیاریکراویان هەیە، ئەویش بەدەستهێنانی شەرعییەتە، بەڵام لەهەمان کاتدا باوەڕیان بەو دەق و پرەنسیپانە نییە، کە لە دەستووردا هاتووە، ئەمەش بە مانای باوەڕنەکردنە بە (ڕۆحی دەستوور)، دواتر بەم شێوەیە شێواندنی ئەم ڕۆحییەتەیە.

ئەم بابەتە دەرفەتێکی گەورەمان بۆ دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی بزانین بەها دەستوورییەکان چۆن وڵاتەکانمانیان گەیاندووەتە ئەو شوێنەی کە ئەمرۆ تێیدایە، هەروەها چۆن ئەم بەهایانە دەتوانن بمانبەنە ئەو شوێنەی کە دەمانەوێت

**هەموو دەسەڵاتەکان لە دەوڵەت دەبێت پابەند بن بە ڕێزگرتن لە باڵادەستیی دەستوور**

ڕووی تێ بکەین، ئەمەش لە بەشێکی زۆریدا بابەتێکی میتافیزیکییە، چونکە داڕشتنی دەستوور پەیوەندیی بە پرەنسیپە بەراییەکانی پەیوەست بە سرووشتی مرۆڤ و بوونی لە کۆمەڵگەدا هەیە.

ڕۆحی دەستوور، یان جەوهەری دەستوور، بە بڕوای فەقیهی ئەڵمانی (کارل شمیت Schmitt ١٨٨٨-١٩٨٥)، پەیوەندی بەو پرەنسیپە جەوهەرییانەوە هەیە، کە پەیوەستن بە ڕێکخستن و دەسەڵاتەکانی دەوڵەتەوە، ئەم پرەنسیپانەش بریتین لە بڕیارگەلی سیاسی، کە بوونی سیاسیی گەلی دەوڵەت دیاری دەکات، دواجار هەموو ئەو پێوەر و ڕێسایانەی، کە دواتر دێن و بە یاسا دەستوورییەکان کۆد دەکرێن، سنووردار دەکات، لێرەدا دەتوانرێت ئاماژە بە ماددەکان بکرێت لە چوارچێوەی یەکەمین دەروازەدا بە ناونیشانی (پرەنسیپە بنەڕەتییەکان) لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ی کۆماری عێراق، کە لە چەمکی (شمیت)دا لە شێوەی «بڕیاری سیاسی» دادەنرێت.

لەم خاڵەوە دەتوانرێت جیاوازی بکرێت لەنێوان جەوهەری دەستوور و یاسا دەستوورییەکان و، ناکرێت جەوهەری دەستوور بە هەمان ئەو ڕێکارانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسایەکی دەستووری دەگیرێنەبەر، هەموار بکرێتەوە. چونکە هەموارکردنەوەی جەوهەری دەستوور پێویستی بە ئیرادەی دەسەڵاتداران هەیە، واتە ئەو حوکمڕانانەی کاروباری حوکمڕانی بەڕێوەدەبەن و، ئەوانەی لە دەسەڵاتی دامەزرێنەردان کە دەستوور دادەڕێژن و جەوهەرەکەی دیاری دەکەن، ئەم دەسەڵاتەش باڵایە و دەسەڵاتی ڕەهای هەیە لە هەڵبژاردنی ئەوەی کە دەکرێت هەموار بکرێتەوە، کە کاریگەری لەسەر ئەو ماددانەی دەستوور نییە، کە قەدەغەکردنی هەمیشەیی، یان کاتییان لەسەرە. ئەم دەسەڵاتە دامەزرێنەرە نوێنەرایەتی ئەو هێزە سیاسییانە دەکات کە لە حوکمڕانیدا بەشدارن و دیدگای تایبەتی خۆی هەیە لەبارەی ڕێسا و دەقە دەستوورییەکان، چونکە سەبارەت بەو دەقانە بیروبۆچوونی هەیە و، دەقێکی دیکەی شاردراوەی هەیە، کە بریتییە لە ڕۆحی دەستوور، دەسەڵاتی دادوەریش کە بریتییە لە دادگای باڵای دەستووری، ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە گوزارشتکردن لەو ڕۆحە لە بڕیار و لێکدانەوەکانیدا. کەواتە چۆن دەکرێت ڕۆحی دەستوور و دادگای باڵا پێکەوە گرێ بدەینەوە؟

پێش هەموو شتێك ڕێگە نادرێت، دادگای باڵا دەستووردان لەو بوارەدا بکات، کە پرەنسیپی بنچینەییانەی تێدایە و گوزارشت لە جەوهەری دەستوور دەکەن، دواجار ڕۆحی دەستوور. واتە دادگا بۆی نییە ئەو بابەتانە هەموار بکاتەوە، یان لێکدانەوەی بۆ بکات، بۆ ئەو پرسانەی کە دەگەنە ئاستی گۆڕینی سیستەمێکی دەستووری بۆ سیستەمێکی دیکەی دەستووری، کەواتە پرسیار ئەوەیە: کەی ئەو دادگایە دەتوانێت دەستووردان لەم پرسەدا بکات؟

پەرەسەندنی ئێستای دادوەریی دەستووری لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی بزووتنەوەیەکی دیموکراسی لە جیهانی هاوچەرخدا هاوتەریبە، هەروەها ڕێزگرتنی دەسەڵاتی دادوەریی دەستووری لە پرەنسیپە جەوهەرییەکانی دەوڵەت لەخۆدەگرێت، کە لە ناوەرۆکی دەستووردا هاتوون، چونکە دەبێت لەوە دڵنیا بین کە دەسەڵاتی گشتی لە دەوڵەتدا بەپێی ئەو پرەنسیپانە هەڵسوکەوت دەکات.

لە گفتوگۆکردن لەسەر ئەزموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، یاساناسی فەرەنسی (ئیدوارد لامبیرت Lambert ١٨٦٦-١٩٤٧) لەو کتێبەی کە ساڵی ١٩٢١ دەرچووە، (حکومەتی دادوەران و بەرەنگاربوونەوەی Le gouvernement- des juges et la lutte)، ڕەخنە لە پرسی پێدانی دەسەڵات بە دادوەرەکانی دادگای باڵا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگرێت، کە دەسەڵاتی یاسادانانی وەلاوە ناوە، ئەوەش دانایی نییە. یاساناسە بەناوبانگە نەمساییەکە (هانس کیلسن Hans Kelsen ١٨٨١-١٩٧٣) باسی دۆخی دادوەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردووە و، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەرکە و پێویستیشە دەستووری هەر وڵاتێك چەند دەقێکی تێدا بێت، بۆ پێداچوونەوەی دادوەری، بەڵام نابێت ئەم دەسەڵاتە بدرێت بە دادگا ئاساییەکان، هۆکاری ئەمەش بۆ گرنگیی سیاسەتی گشتی دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ ئەو ناوەڕۆکە سیاسییانەی کە داگاییکردنی دەستووری لەخۆدەگرن. بەڵام لە واقیعدا دادگای دەستووری ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە دەبێتەوە، کە لە

**دەستوور سیمای باڵادەستی هەیە و لە ڕێی پێداچوونەوەی دادوەرییەوە گەرەنتی دەکرێت**

**داڕشتنی دەستوور پەیوەندیی بە پرەنسیپە بەراییەکانی پەیوەست بە سرووشتی مرۆڤ و بوونی لە کۆمەڵگەدا هەیە**

**ناکرێت جەوهەری دەستوور بە هەمان ئەو ڕێکارانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسایەکی دەستووری دەگیرێنەبەر، هەموار بکرێتەوە**

**ڕێگە نادرێت، دادگای باڵا دەستووردان لەو بوارەدا بکات، کە پرەنسیپی بنچینەییانەی تێدایە و گوزارشت لە جەوهەری دەستوور دەکەن**

ئەنجامی جێبەجێکردنی دەقەکانی دەستوور، یان بە پێچەوانەوە دێنە ئاراوە.

دەستوور چاودێریی دەستووری لەسەر پرەنسیپە جەوهەرییەکانی دەستوور چارەسەر ناکات و ڕێکیان ناخات، کە بریتین لە ڕۆحی دەستوور، هەروەها بێدەنگیی دەستووریش لە هەمبەر ئەم پسپۆرییە مەترسیدارە، بەڵگەیە کە ئەم گرنگییە بە دەسەڵاتی دادوەریی دەستووری نەدراوە، کە لەبەر مەترسی و گرنگیی ئەم پسپۆرییە ناکرێت گریمانە بکرێت، بەڵکو پێویستە ڕوونکردنەوەیەك لەناو دەستووردا هەبێت، کەواتە نەبوون، یان دیارینەکردنی دەستوور بۆ چاودێریی دەستووری لەسەر دەقە جەوهەرییەکانی دەستوور، وەك قەدەغەکردنی دەستووری وایە بۆ پرسی چاودێریی دادگای دەستووری لە پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور بۆ پرەنسیپە جەوهەرییەکانی دەستوور. لەبەر ئەوە ڕەنگە نەتوانرێت پرۆسەی هەموارکردنەوەی مادده دەستوورییەکان بابەتێك بێت بۆ دەسەڵاتی چاودێریی دادگای باڵای دەستوور، بەڵکو ئەم بابەتە دەسەڵاتێکی دیکەی هەیە تایبەت بە هەموارکردنەوە، کە پێی دەوترێت «دەسەڵاتی دامەزرێنەری دروستکراو»، یان بە سادەیی (دەسەڵاتی هەموارکردن). لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێت، ئاماژە بە ماددەی ٩٣ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق بکرێت، کە دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بە (٨) دۆسیە دەستنیشان کردووە، بەڵام ئەو پرسانە ناگرێتەوە کە پەیوەستن بە هەموارکردنەوەی دەستوور، بەڵام مەترسیدارترینی ئەو دەسەڵاتانە پرسی لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوورە، کە دەکرێت لە ڕێگەی لێکدانەوە دادگا هەوڵ بدات، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەیەك بدات بۆ دەقێکی دیاریکراو، کە داوا لە دادگا بکرێت لێکی بداتەوە بەو ڕێگە و پرۆگرامەی کە ببێتە هۆی «لادان» لە مانای دەقەکەدا. بۆیە پێویستە دادگای فیدراڵی دوور بێت لە چوونە ناو کێشەکانەوە، کە دەقێکی دیاریکراو لە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی دەربهێنێت، هەروەها خۆی لە ڕەخنەکان بەدوور بگرێت سەبارەت بە «دەرچوونی» لە پسپۆرییەکەی و «بازدان» بۆ پسپۆرییە وەرگیراوەکانی دەسەڵاتی دامەزرێنەر سەبارەت بە هەموارکردنەوەی دەستوور. لێرەدا باشتر وایە ئاماژە بە بڕگەی یەکەمی ماددەی ٦١ ی دەستووری ساڵی ١٩٥٨ی فەرەنسی بکەین، هەروەها مادەی ١٩٢ی دەستووری ٢٠١٤ی میسر کە لە ساڵی ٢٠١٩ بە تەواوی هەموار کرا و ئێستا بەرکارە، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا چاودێریکردنی ئەنجومەنی دەستووریی فەرەنسا و ئەنجومەنی چاودێریکردنی دادگای باڵای دەستووریی میسر، چاودێریکردنی مادده دەستوورییەکانی تایبەت بە هەموارکردنەوەی مادده دەستوورییەکان ناگرێتەوە.

ئەم ئاراستەیە سەرئەنجامی ئەو کێشە جددییانەیە کە ڕووبەڕووی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق بوونەتەوە، ئەمەش بۆ هۆکارێکی پەیوەست بە سرووشتی دەستووری عێراق دەگەڕێتەوە، کە دەستوورێکی چەقیوە و، بۆ هەموارکردنەوەشی، میکانیزمێکی ئاڵۆزی داناوە لە چوارچێوەی ماددەی ١٢٦دا، کە لە شوێنێکی دەستووردا دانراوە کە شوێنی سرووشتی خۆی نییە، بە شێوەیەك ماددەکەی لە چوارچێوەی بڕگەکانی کۆتایی و ئینتیقالیدا دانران، هەروەها ماددەیەکی تایبەت دانرا کە بریتییە لە ماددەی ١٤٢، بۆ چارەسەرکردنی دۆخێکی هەڵاوێرکراو و بەپەلەی هەموارکردنەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو ماددەیە جێبەجێ نەکراوە، کە ماوەی چوار مانگی بۆ دیاری کرابوو، کە بۆ تەواوکردنی کارەکانیشی لێژنەیەکی تایبەتی لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنرا. کەواتە ئەمە میکانیزمێکە بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور، کە یاساغە بۆ دادگای فیدراڵی کە دەستی بۆ درێژ بکات، چونکە لەم ڕووەوە دەسەڵاتی دەستووری نییە. لەبری ئەم کێشەیە، دادگای فیدراڵی دەیتوانی بڕیارگەلێك لەسەر هەر دەقێکی دەستووری دەربکات، کە بەپێی بەرژەوەندیی باڵای گەل پێویستی بە لێکدانەوەیەکی ورد هەبێت. لە هەموو ئەو کێشانەدا، لە ڕەفتاری سیاسی و دادوەریی عێراقدا تێبینی دەکرێت، «لەبیرکردن» لەئارادایە، ڕۆحێك لە دەستووردا هەیە کە دەبێت پەنای بۆ ببرێت، بۆ مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگە، چونکە «ڕۆحی دەستوور» کاردەکات بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی پرەنسیپە جەوهەرییەکانی پەیوەست بە دامەزراندنی قەوارەیەکی پێشکەوتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

**ماددەی ٩٣ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بە (٨) دۆسیە دەستنیشان کردووە، بەڵام ئەو پرسانە ناگرێتەوە کە پەیوەستن بە هەموارکردنەوەی دەستوور**

**دەستووری عێراق دەستوورێکی چەقیوە و بۆ هەموارکردنەوەشی، میکانیزمێکی ئاڵۆزی داناوە لە چوارچێوەی ماددەی ١٢٦دا و لە شوێنێکی دەستووردا دانراوە کە شوێنی سرووشتیی خۆی نییە**

**دادگای فیدراڵی دەیتوانی بڕیارگەلێک لەسەر هەر دەقێکی دەستووری دەربکات، کە بە پێی بەرژەوەندیی باڵای گەل پێویستی بە لێکدانەوەیەکی ورد هەبێت**

**ڕۆحێک لە دەستووردا هەیە کە دەبێت پەنای بۆ ببرێت، بۆ مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگە**



**پرۆفیسۆر گۆڤەند شێروانی**
**پسپۆری بواری نەوت و گاز بۆ گوڵان:**

# عێراق ڕۆژانە ٣٠ ملیۆن دۆلار لە ڕاگرتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم زیانی بەردەکەوێت

# دەستپێنەکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم تەنیا بۆ کێشەی تەکنیکی و تێچوون ناگەڕێتەوە، ئەوەندەی بۆ ئەجندە و دەستتێوەردانی دەرەکی و حزبی دەگەڕێتەوە

**دەستپێنەکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، وێڕای هەوڵە دیپلۆماسیی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و زیادبوونی قەبارەی زیانەکان، کەچی لە ڕووی کردارییەوە ئەم بابەتەش وەکو زۆر بابەتی دیکە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر هۆکار و ئاستەنگەکانی بەردەم ئاساییبوونەوەی دۆسیێی نەوت، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی پرۆفیسۆر دکتۆر گۆڤەند شێروانی پسپۆڕی بواری نەوت و ڕاوێژکاری نەوت و گاز کرد.**

*** وێڕای هەموو پابەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دۆسیێی نەوت بەرانبەر حکومەتی فیدراڵی و سەردانەکەی محەمەد شیاع سوودانی بۆ واشنتۆن و گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا و قسەکردن لەسەر گرنگیی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم، کەچی وەزارەتی نەوتی عێراق هیچ هەنگاوێکی کرداری نەناوە و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانیش بەغدا تۆمەتبار دەکات، بەوەی بەربەست دەخاتە بەردەم هەناردەکردنەوەی نەوتەکە، وەکو پسپۆڕێکی بواری نەوت خوێندنەوەت بۆ ئەم بارودۆخە چییە؟**

- وێڕای گفتوگۆکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە واشنتۆن و لەگەڵ سەرۆك کۆماری تورکیا و لەگەڵ هەردوو سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر گرنگیی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە سەردانەکەی ئەردۆگان باس لە واژووکردنی ڕێککەوتننامەیەکی نوێی ستراتیژیی ئابووری کرا. لە شاندەکەی ئەردۆگان وەزیری وزە و سەرچاوەکانی سرووشتی ئامادە بوون، تێیدا هەرێمی کوردستان و تورکیا و کۆمپانیاکان ئامادەییان دەربڕی بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم، بەڵام هیچ وادەیەك دیاری نەکراوە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوت و بگرە لە زۆر ڕووەوە کێشەکە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، ئەمەش وادیارە بابەتەکە تەنیا تەکنیکی نییە، بەڵکو ئەجندەی دەرەکی و دەستی سیاسیشی لەناودایە، چونکە بابەتی تێچووی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و بابەتی گرێبەستەکان دەکرێت بە دانوستان و

**پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو ڕێککەوتننامەی لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی واژوو کرد، بەوەی بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتنە بخرێتە ناو یاسای نەوت و گازی فیدراڵی**

گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، کاتێکیش وەزارەتی نەوتی عێراقی ناگاتە ڕێککەوتنێك بەوەی نەرمیێتی بنوێنێت و لە سنووری واقیع و بارودۆخ و ژینگەی دەرهێنان و هەناردەکردن و وەبەرهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستاندا بێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بابەتەکە تەنیا شایستەی کۆمپانیاکان و تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و باوەڕپێکردن بە گرێبەستەکان نییە، بەڵکو ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بڕیاری سیاسی و دەستتێوەردانی سیاسی و حزبی و ئەجندەی دەرەکی و بەرژەوەندیی هەرێمی و عێراقیشی تێدایە.

*** باسی ئەجندەی دەرەکی و دەستتێوەردانت کرد لە دۆسێی نەوت، ئایا ئەو لایەن و گرووپانە کێن کە ئەوەندە دەسەڵاتیان هەیە، زیانێکی وا گەورە کە خۆی لە ١٢ ملیار دۆلار دەدات بە عێراق و هەرێمی کوردستان بگەیەنن؟**

- دانوستانەکانی نێوان هەر دوو وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر ڕەشنووسی یاسای نەوت و گاز و تەنانەت ناردنی سووتەمەنی و پێش ماوەیەك ناردنی بڕە بەنزینێك لە هەرێمی کوردستان بۆ عێراق و گفتوگۆکان هەمووی وا دەردەخەن، کە لە کەشوهەوایەکی باشدا لێکتێگەیشتن هەبن. من ئەو ڕاستییە باش دەزانم، ئەگەر یاسای نەوت و گازی عێراقی فیدراڵی هەبووایە، زۆر لەو بابەتانەی کە ئێستا کەسانێك لەناو ئاوی لێڵدا مەلە دەکەن و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن، ئەو کات نەیاندەتوانی. خۆ پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو ڕێککەوتننامەی لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی واژوو کرد، بەوەی بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتنە بخرێتە ناو یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، ئەو لایەن و گرووپانەی کە ئاماژەمان پێکرد، لە دوای دەرچوونی یاسای بودجە دۆخەکەیان قۆزتەوە، بەوەی هەرێم دەبێت ڕۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی سۆمۆ بکات و، ئەگەر نەتوانرا تەسلیمی وەزارەتی نەوتی عێراق بکرێت و بۆ ناوخۆ بەکاربهێنرێت. ئەوە وەزارەتی نەوتی عێراق بوو، کە نەیتوانی ئەو بڕە نەوتە وەربگرێت و نەشیتوانی لە ناوخۆدا بەکاری بهێنێت. تەنیا ڕۆژانە ٨٠ هەزار بەرمیل نەوتی وەردەگرت و ئەویش بە خەرجنەکردنی تێچووی بەرهەمهێنانی ئەو بڕە نەوتە ڕاگیرا، لە کاتێکدا توانا هەیە، لە پاڵاوتگەکانی هەرێم بەکار بهێنرێت، بەمەش یاسای بودجە کێشەکانی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانی ئاڵۆزتر کرد.

*** ئایا هەرێمی کوردستان تاچەند توانیویەتی لە ئاستی ناوخۆ پەرەپێدان بە سێکتەری نەوت و گاز بکات، بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستی بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گاز و پەیکەری وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کرد. ئەو دەمە دوو یاسای ژمارە ٢١ و ٢٢ی ٢٠٠٧ پەسەند کران، کە دواتر بە بڕیاری دادگای فیدراڵی هەڵوەشێنرایەوە، کە من پێم وایە یاسای نەوت و گازی کوردستان لە باشترین یاساکانە لەسەر ئاستی عێراقیش کە تاکو ئێستا خاوەنی یاسا نین. وێڕای کێشەکانی تواناسازی و شەفافییەت و ڕاوسەرنجەکان لەسەر ئەدای هەندێك کۆمپانیای بیانی و بەرزیی ڕێژەی قازانجەکانیان و ژینگەی وەبەرهێنانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەنگاوەکانی پشکنین و دەرهێنان و بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت هەنگاوی باشی بڕی، بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ کە قەبارەی بەرهەمهێنان بووژانەوەی باشی بە خۆیەوە بینی تا ٢٠٢٢ ئەو کات کێشەکان لەنێوان هەرێم و بەغدا قووڵ بوونەوە و لە ٢٠٢٣ بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و دادگای ناوبژیوانیی پاریس بووە هۆی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، کە من پێم وابوو دەبووایە ئەو ١٠ ساڵەی کە لە دادگای پاریس کێشە لە نێوان تورکیا و عێراق هەبوو، کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکەین و کەرتی نەوت و گاز لە ناوخۆدا بە شێوەیەکی زۆر فراوانتر سوودی لێوەربگرین، چونکە سامانی نەوت و گاز بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و داواڕۆژی گەلەکەمان پێویستە و دەبێت سوودی لێوەربگرین. دەبێت سیاسەتی نەوت لە

**یاسای نەوت و گازی کوردستان لە باشترین یاساکانە لەسەر ئاستی عێراقیش کە تاکو ئێستا خاوەنی یاسا نین**

**سامانی نەوت و گاز بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و داواڕۆژی گەلەکەمان پێویستە و دەبێت سوودی لێوەربگرین**

**بوونی ئەو پاڵاوتگانە و بەرزبوونەوەی توانایان بۆ ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت هەنگاوی باشە و دەتوانرێت هەنگاوی باشتری بەدوادا بێت**

دەستی سەرۆکی حکومەتدا بێت، لە ئێستاشدا هەنگاوێکی باش بۆ بەرهەمهێنانی غاز و کارەبا و دابینکردنی غازی ماڵان نراوە، بوونی ئەو پاڵاوتگانە و بەرزبوونەوەی توانایان بۆ ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت هەنگاوی باشە و دەتوانرێت هەنگاوی باشتری بەدوادا بێت.

*** پشکی حکومەتی عێراق لە ئۆپێك و هەناردەکردنی نەوتی عێراق قەرەبووی ئەو ٤٠٠ هەزار بەرمیلە نەوتەی هەرێمی کوردستانی کردووەتەوە، بۆچی نایانەوێت سازش بۆ شایستەی کۆمپانیاکان و تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بکەن؟**

- توانای بەرهەمهێنانی عێراق ٣ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوتە، بەڵام بەپێی بڕیارەکانی ئۆپێك بڵاس دەبێت تەنیا ٣ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات. پێشتر ئەو ٤٠٠ هەزار بەرمیلە نەوتەی هەرێم لەسەر عێراق هەژمار نەدەکرا، بەڵام ئێستا کە لەلایەن سۆمۆوە هەناردە بکرێت، ئەوا لەسەر پشکی عێراق حیساب دەکرێت. بە دیوێکی دیکە عێراق ساڵانە بە ملیارها دۆلار سووتەمەنی هاوردە دەکات و زیانێکی زۆر گەورەی لێ دەکەوێت، بۆیە ئەم بڕە نەوتەی هەرێم بۆ پێداویستیی نێوخۆ زۆر گرنگە، کەچی لەگەڵ ئەمەدا حکومەتی عێراق ئامادەیە ئەو زیانە گەورەیە بکات و زیانیش بە هەرێمی کوردستان و تورکیا و بازاڕە جیهانییەکانیش بگەیەنێت، کە لەئاکامی ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم زیانیان لێ دەکەوێت، کە ڕۆژانە بە ٣٠ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، کەچی بەغدا ئامادە نییە لە بەرانبەر ئەمەدا سازش بکات، یان دەرچەیەك بدۆزێتەوە بۆ پێدانی شایستەی کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێم و ددانپێدانان بە گرێبەستەکان و لانیکەم هەموارکردنەوەی گرێبەستەکان.

*** کەواتە چی وای لە عێراق کردووە، ڕۆژانە ئەم زیانە گەورەیە بەر داهاتەکەی بکەوێت و ئامادەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمیش نەبێت؟**

- دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق لەسەر پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، عێراق دەبێت پابەند بێت بە پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و پشکی بودجەی هەرێم و وەرنەگرتنی هیچ داهاتێك و لەئەستۆگرتنی زیانی ڕۆژانە ٣٠ ملیۆن دۆلار. تەنانەت سەرکەوتووش نەبوو بەدەرکردنی بەیاننامەیەك لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراق، بەوەی شکست و کەمتەرخەمییەکە بخاتە سەرشانی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوە عێراقە دەبێت لەگەڵ تورکیا و کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بگاتە ڕێککەوتنێك لەناو گرێبەستەکانی هاوبەشی لەبەرهەمهێنان، چونکە سروشتی نییە بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك نەوت لەهەرێم ١٢ دۆلار حیساب بکرێت و بۆ گواستنەوە ٧ دۆلار، لە کاتێکدا وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان داوای کردووە بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك ٢٨ دۆلار بێت و بۆ گواستنەوە ٨ دۆلار بێت، چونکە گرێبەستەکانی ئێرە هاوبەشییە و حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بڕە پارەیەك و بودجەیەکی خەرج نەکردووە، تەنانەت لەنێوخۆی عێراقیشدا بۆ هەندێك گرێبەست لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ دۆلاردایە، واتە ئەوان بە تێکڕا ١٢ دۆلاریان حیساب کردووە و بگرە بە ملیۆنان دۆلاریان لە کێڵگە نەوتییەکاندا خەرج کردووە. خۆ لە یاسای بودجەشدا خەرجی نەوت لە خەرجی سیادی حیساب کراوە بۆ عێراق و دەڵێت، هەموو تێچوونی خەرج دەکرێت، کەچی بۆ هەرێم دەڵێت، تەنیا خەرجی تەشغیلی، ئەمەش تەنیا بەهەموارکردنەوەی یاسای بودجە چارەسەر دەبێت و پێویستی بە هەموارکردنی ئەو بڕگەیە هەیە. ئیعتراف نەکردن بە گرێبەستەکانی کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێم و ناکۆکی لەسەر تێچوونی بەرهەمهێنان و چەندین کێشەی دیکە هەمووی بیانوو و پاساون و ئامانج لێی زیانگەیاندنە بە ئابووریی هەرێمی کوردستان. ئەگەر لەسەر حیسابی داهات و دارایی حکومەتی عێراقیش بێت، هەروەکو چۆن بە درۆنی بۆمبڕێژکراو هێرش کرایە سەر کێڵگەی کۆرمۆڕ و شەهیدبوونی چوار کرێکاری بیانی و ڕاوەستانی هەناردەکردنی غاز بۆ وێستگەکانی کارەبای هەرێم و عێراق، بە واتایەکی دیکە لە عێراق گرووپ و میلیشیاتی وا هەن، گوێ بە زیانگەیاندن بە ئابووریی عێراق نادەن، تەنیا بۆ ئەجندە و مەرام و پیلانی دەرەکی کار دەکەن.

**عێراق دەبێت پابەند بێت بە پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و پشکی بودجەی هەرێم و وەرنەگرتنی هیچ داهاتێك و لەئەستۆگرتنی زیانی ڕۆژانە ٣٠ ملیۆن دۆلار**

**ئیعتراف نەکردن بە گرێبەستەکانی کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێم و ناکۆکی لەسەر تێچوونی بەرهەمهێنان و چەندین کێشەی دیکە هەمووی بیانوو و پاساون و ئامانج لێی زیانگەیاندنە بە ئابووریی هەرێمی کوردستان**

**لە عێراق گرووپ و میلیشیاتی وا هەن، گوێ بە زیانگەیاندن بە ئابووریی عێراق نادەن، تەنیا بۆ ئەجندە و مەرام و پیلانی دەرەکی کار دەکەن**

دکتۆر عەبدولڕەزاق محەمەد
بەڕێوەبەری گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانان بۆ گوڵان:

# هەژماری من بەنیشتمانیکردنی ئەو ماف و خزمەتگوزارییانەیە کە هاووڵاتییان بەدەستی دەهێنن

## پۆرتاڵی خزمەت بەشێکی گرنگە بەرەو حکومەتی ئەلەکترۆنی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای خزمەتگوزارییەکان

پەرەپێدانی مرۆیی و هەنگاونان بەرەو بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان و جێبەجێکردنی (هەژماری من) بە بنەمایەکی گرنگی بەرەو حکومەتی ئەلەکترۆنی و جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی لە ئابووریی هەرێمی کوردستاندا دادەنرێت و، بەرزکردنەوەی ئەدای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانە بۆ هاووڵاتییان. لەسەر ئەم بابەتە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەزاق محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانان ئەنجام دا.



*** کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان وێـڕای ئالنگارییەکانـی بەردەمـی، توانیویەتـی لـە بـواری پرۆسـەی چاکسـازی و بەدیجیتاڵکردنـی خزمەتگوزارییەکانـدا هەنـگاوی باش بنێت،. وەکو بەرپرسێکی بەڕێوەبەرایەتییەکی گرنگـی وەزارەتـی پلاندانـان، کـە ئەویـش بـواری پەرەپێدانـی مرۆییـە، چـۆن دەڕوانیتـە دەسـتکەوتەکانی کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان؟**

- ئەگـەر بـە ئینسـاف و دوور لـە موزایـەدە و ململانێـی تونـدی حزبایەتـی و ناعەقڵانـی قسـە لەسـەر سـەرکەوتن بەسـەر ئالنگارییەکانـی بـەردەم کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەیـن، ئـەوا زۆر بـە ڕوونـی ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ دەردەکەوێـت، کـە وێـڕای ئـەو هەمـوو ئالنـگاری و تەحەددییانـە و قەیرانـی کۆرۆنـا و بڕینـی بودجـە و مووچـە و ململانێـی ناعەقڵانـی و نالۆژیکیـی حزبـەکان و وشکەسـاڵی و دواجـار ڕاگرتنـی هەناردەکردنـی نـەوت، بـەڵام حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـە بوێـری و ئیـرادەی پۆڵاینـی مەسـرور بارزانـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و تیمەکـەی لـە ئەنجومەنـی وەزیـران، توانیویەتـی زۆر دەسـتکەوتی گـەورە بەدەسـت بهێنێـت. نەزیفـی دارایـی و بەفیڕۆدانـی داهـات و گەندەڵیـی ڕاگـرت و لـە زۆر بـواردا پرۆسـەی چاکسـازیی بـە سـەرکەوتوویی جێبەجێ کـرد. مـن ناچمـە نـاو بوارەکانـی فرەچەشـنکردنی ئابـووری و گرنگیـدان بـە کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و گەشـتیاری و دۆزینـەوەی سـەدان هەلـی کار، دەمەوێـت بەپێـی پسـپۆڕایەتیی خـۆم قسـە لەسـەر هەنگاوەکانـی بەدیجیتاڵکردنـی خزمەتگوزارییـەکان و جێبەجێکردنـی هەژمـاری مـن و هەنگاوەکانـی بەئەلەکترۆنیکردنـی حکومـەت و کەمکردنـەوەی ڕۆتیـن و بیرۆکراتیەتـی کوشـندە و کردنـەوەی زیاتـر لـە ٧٠ خولـی پەرەپێدانـی مرۆیـی و فەراهەمکردنـی سـەدان هەلـی خوێندنـی دیپلـۆم و ماسـتەر و دکتـۆرا بکـەم، کـە لەپـاڵ کردنـەوەی دەیـان خولـی مەشـق و پەرەپێدانـی مرۆیـی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بوێری و ئیرادەی پۆڵاینی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران، توانیویەتی زۆر دەستکەوتی گەورە بەدەست بهێنێت**

و هێنانی میکانیزمە پێشکەوتووەکانی دنیا وەرچەرخانی لە بواری ئەدای کاری حکومەت لەسەرجەم سێکتەرەکاندا دروست کرد، ئەمەش لە کارنامەکەی سەرۆك وەزیران پێش پێنج ساڵ لەمەوبەر ڕاگەیەندرا و هەر وەزارەتێك لەو ماوەیەدا بە دەیان دەستکەوتی گەورەی بەدەست هێناوە. ئەوەتا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتەکانی زیادیان کردووە و خەرجی و زیادەمەسرەفیی کەم کردووەتەوە و باجەکانی ڕێك خستووەتەوە و ڕۆتین و گەندەڵیی بۆ نزمترین ئاست کەم کردووەتەوە و یاسای سەروەر کردووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەم دەستکەوتانەی لەپێناو هاووڵاتیدا ئەنجام داوە و هاووڵاتیبوونی کردووەتە چەقی ئامانجەکانی، بەوەی ئەو داهاتەی لە ناوخۆدا بەدەست دێت، لە کەرتەکانی خزمەتگوزاریی شارەوانی و ئاو و کارەبا و پەرەپێدانی سێکتەرەکانی تەندروستی و پەروەردە بۆ هاووڵاتی خەرج بکرێتەوە، هەرچی داشکاندنی قەرزی خزمەتگوزارییەکانیشە بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی هاووڵاتییانە.

*** باسی گۆڕانکاری و دەستکەوتەکانت کرد لە زۆربەی سێکتەرەکاندا، دەکرێت لە بواری کارگێڕی و بەدیجیتاڵکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی پۆرتاڵی خزمەتمان بۆ باس بکەیت، کە کارەکانی بە کوێ گەیشتووە؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە بە بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی بەپێی پێوەرەکانی (کۆنترۆڵی جۆری)، بە باشترین شێوە و کەمترین تێچوون و خێراترین کات خزمەتگوزارییەکانی گەیاندووەتە زۆرترین هاووڵاتیان، دڵنیایی جۆری بە پشتگیریی ئەنجومەنی وەزیران و سەرپەرشتیی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون کارا کرا، ئەمەش بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، تاوەکو لە ناو هەر وەزارەتێکدا پرۆسەی چاکسازی و پەرەپێدان و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بەهێز بکرێت، لەم پێناوەشدا خول و ڕاپۆرتی بەردەوامی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان و ئەدا و کاری وەزارەتەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆمان دێت و، خاڵە بەهێزەکان باشتر دەکرێن و لاوازەکانیش پێداچوونەوە و بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت و چارەسەر دەکرێن. پۆرتاڵی خزمەت کە بە پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەت دامەزرا و لە ناوچەکەدا لە کەم وڵاتدا هەیە، کارێکی زۆر سەردەمییانەیە کە چەندین خزمەتگوزاری لە وەزارەتەکاندا لەخۆ دەگرێت، ئەمە نموونەیەکی زۆر سادەیە، بەڵام کاریگەریی گەورەی هەیە و بە کردار ئەم کارنامەیە جێبەجێ کراوە. هەموو هاووڵاتییەك دەتوانێت لە پۆرتاڵی خزمەت سوودمەند بێت، ئەم پرۆسەیە بە بەشێکی گرنگی هەنگاوەکانی حکومەت دادەنرێت، بەرەو حکومەتی ئەلەکترۆنی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان.

*** یەکێك لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی بواری بانکی و کۆتاییهاتن بە مامەڵەی کاش و خزمەتکردنی مووچەخۆران پرۆسەی (هەژماری من)ـە، تاوەکو فەرمانبەران مووچەکانیان بە شێوەیەکی پێشکەوتوو بدرێت. ئایا تا چەند ئەم پرۆسەیە بۆ هەرێمی کوردستان و هاووڵاتییان پێویستە؟**

- پرۆسەی (هەژماری من) بابەتێکی سەردەمییانەیە و پێشکەشکردنی ژمارەیەك خزمەتگوزاریی بانکی و داراییە لەڕێگەی ئەم سیستمەوە، وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان و تەنانەت وڵاتانی دەوروبەرمان کۆتاییان بە مامەڵەی کاش هێناوە و بەم ڕێگە سەردەمییانە مووچەکان دەدەن و تەنانەت مامەڵەی کڕین و فرۆشتنەکان ئەنجام دەدەن، لە هەژماری من کۆمەڵێك خزمەتگوزاریی بانکی و دارایی پێشکەش دەکرێت. بەداخەوە کۆمەڵێك خەڵکی پۆپۆلیست بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و زیانگەیاندن بە هەرێمی کوردستان ئەم بابەتەیان بە لاڕێدا بردووە و وایان نیشان داوە، کە ئەم کارتەی هەژماری من زیانی بۆیان هەیە، دەیانەوێت هەروەکو چۆن لە پرۆسەی چاکسازیدا گومانیان دەخستە سەر پرۆسەکە، بە هەمان شێوە مەبەستیانە سێکتەر و بوارە جیاجیاکانی پەیوەست بە ژیان و بژێویی خەڵك ڕێك نەخرێت و، بەردەوام زوومی کەناڵەکانیان لە بەردەم بانکەکاندا نیشاندەری قەرەباڵغیی پێدانی مووچەی خانەنشینان بێت، هەندێکیشیان بۆ بەرژەوەندی و مەرامی وڵاتانی دەوروبەر و نەیارانی قەوارەی هەرێمی کوردستان کار دەکەن،

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتەکانی زیادیان کردووە و خەرجی و زیادەمەسرەفیی کەم کردووەتەوە و باجەکانی ڕێک خستووەتەوە و ڕۆتین و گەندەڵیی بۆ نزمترین ئاست کەم کردووەتەوە و یاسای سەروەر کردووە**

**پۆرتاڵی خزمەت کە بە پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەت دامەزرا و لە ناوچەکەدا لە کەم وڵاتدا هەیە، کارێکی زۆر سەردەمییانەیە کە چەندین خزمەتگوزاری لە وەزارەتەکاندا لەخۆ دەگرێت**

**وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان و تەنانەت وڵاتانی دەوروبەرمان کۆتاییان بە مامەڵەی کاش هێناوە و بەم ڕێگە سەردەمییانە مووچەکان دەدەن**

**کۆمەڵێک خەڵکی پۆپۆلیست بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و زیانگەیاندن بە هەرێمی کوردستان بابەتی هەژماری منیان بە لاڕێدا بردووە**

ئەگینا پێشکەشکردنی (١٩) خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر چ زیانێکی بۆ مووچەخۆران هەیە، جگە لەوەی لە خزمەت و بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و مووچەخۆراندایە؟ هەژماری من بەنیشتمانیکردنی ئەو ماف و خزمەتگوزارییانەیە کە هاووڵاتیان لە حکومەتی وەردەگرن، هەندێك لە حزب و کەسە پۆپۆلیستەکان لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە ئەوەندە درۆ و بوختانیان بە حکومەت کردووە، کە زیانی گەورەیان بە بابەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەیاندووە.

هەژماری من سیستمێکی مووچەدانی پێشکەوتووی پێشوەختە و ئاگاداری فەرمانبەران دەکرێتەوە کە مووچەکانیان دەدرێت، دەتوانرێت پارەی کاش لە هەموو ئامێرەکانی ( ئەی تی ئێم) ڕابکێشێت، ئەمە وێڕای ئەوەی هاووڵاتی لە کەرتی گشتی بێت، یان تایبەت، دەتوانێت لە ژمارەیەکی زۆری خزمەتگوزاریی دارایی کە لە ناو ئەم پرۆسەیەدا هەیە سوودمەند بێت، لەمەش گرنگتر هەموو ئەو بانکانەی لە هەژماری من بەشدارن، لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە بانکی باوەڕپێکراون، ئەگەر بانکی ناوەندیی عێراق زەڕڕەیەك تێبینی و ڕەخنەی لەسەر ئەدای ئەو بانکانە هەبووایە، ئێستا وەکو زۆر بواری دیکە هێرشیان دەکردە سەرمان، بەداخەوە لە غیابی لێنەپرسینەوەی یاسایی و دادگاییدا کەسانێك ڕاستییەکان دەشێوێنن و لە بری ئەوەی باسی هەردوو بانکی ڕافیدەین و ڕەشید بکەن، کە لەلایەن ئەمریکاوە نیشانەی پرسیاریان لەسەر دانراوە، ئەوان دێن و بە پێچەوانەوە چەندین تۆمەتی بێ بنەما دەخەنە باڵ بانکەکانی کوردستان، بۆیە پرۆسەی هەژماری من زۆر باشترە لە پرۆسەی تەوتینی مووچە.

*** ئەگەر پرۆسەی هەژماری من ئەوەندە سوودی هەیە، ئەی بۆچی زۆر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حزبە سیاسییەکانی بەشداربووی ناو حکومەتیش ڕەخنەی توند لە پرۆسەکە دەگرن؟**

- لە کوردستان حزبی سیاسیی وا هەیە کە گرووپێکی باڵادەستی ناو ئەو حزبە لە هێڵە گشتییەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی لایان داوە، ئەوان هەموو مەبەستیان نەك تەنیا ناشیرینکردنی پرۆسەی هەژماری منە، بەڵکو کار لەسەر لاوازکردنی هەستی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەن، ئەوان خوازیارن هاووڵاتی لە حکومەتەکەی دوور بخەنەوە، لە غیابی لێنەپرسینەوە و قۆزتنەوەی دۆخی ناتەبایی و هاندانی نەیارانی کورد کارێکی زۆر دەکرێت، تاوەکو حکومەت و کارەکانی لەبەر چاوی هاووڵاتیان ناشیرین بکەن. ئەو ڕاستییەیان لەبیر کردووە، کە حکومەت بەرهەمی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی خەڵکە، مومکین نییە هاووڵاتیان بەو پڕوپاگەندە و ماکینەی درۆ هەڵبخەڵەتێ، بۆیە تا لە هەڵبژاردن نزیك ببینەوە، ئەم کەسانە بەرژەوەندیخوازانە زیاتر هانی خەڵکی دەدەن لە دژی حکومەت، هاووڵاتیان باش دەزانن کێ مشووری مووچە و خزمەتگوزارییەکان دەخوات و کێ سەروماڵیان دەپارێزێت. کاتێك حزبی سیاسی هیچ پرۆسە و بەرنامە و کارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی نەبێت، هەڵدەستێت بە لێدانی هەموو سیمبولەکانی نیشتمان و فریودانی دەنگدەرەکانیان، حزب هەیە قەترەیەك خوێنی بۆ ئەم نەتەوە و نیشتمانە نەڕشتووە، ئیتر چۆن دەنگی ناشازی نابێت.

*** یەکێك لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بونیادنانی ژێرخانی وزەیە لە کێڵگەکانی نەوت و گاز و پاڵاوتگەکان و وێستگەکانی کارەبا، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی ئەم پێگانە بوونەتە ئامانجی درۆنی بۆمبڕێژکراو و مووشەك و کاتیوشاکانی میلیشیا چەکدارەکان؟**

- نۆ جار هێرشی مووشەکی و درۆن کراوەتە سەر کێڵگەی کۆرمۆڕ، لەبەر ئەوەی کارەبا و ئاوی خواردنەوە و غازی ماڵان لە هاووڵاتیانی کوردستان ببڕن و کاروکاسبی و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیانی کوردستان لەناو ببەن و، زیان بە کارەبای قوتابخانە و نەخۆشخانە گشتییەکان بگەیەنن کە موڵکی خەڵکە، کەواتە پێش ئەوەی هێرشکردن بێت بۆ سەر حکومەت و دامەزراوەکانی، هێرشکردنە بۆ سەر خەڵکی هەژار و بەشمەینەتی کوردستان، لە هەموو وڵاتێکی دنیا و سیستەمێکدا کەموکووڕی هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دژایەتیی ئەو حکومەتە بکەین، کە لە سایەیدا سەر و ماڵی خۆمان و خانەوادەکەمان پارێزراوە.

**هەندێك لە حزب و کەسە پۆپۆلیستەکان لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە ئەوەندە درۆ و بوختانیان بە حکومەت کردووە، کە زیانی گەورەیان بە بابەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەیاندووە**

**لە کوردستان حزبی سیاسیی وا هەیە کە گرووپێکی باڵادەستی ناو ئەو حزبە لە هێڵە گشتییەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی لایان داوە**

**کاتێك حزبی سیاسی هیچ پرۆسە و بەرنامە و کارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی نەبێت، هەڵدەستێت بە لێدانی هەموو سیمبولەکانی نیشتمان و فریودانی دەنگدەرەکانیان**

**نۆ جار هێرشی مووشەکی و درۆن کراوەتە سەر کێڵگەی کۆرمۆڕ، لەبەر ئەوەی کارەبا و ئاوی خواردنەوە و غازی ماڵان لە هاووڵاتیانی کوردستان ببڕن**



د. گوڵدەران عەبدولڕەحیم

مامۆستای بەشی دارایی و بانک لە
کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی
سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# هەژماری من هەنگاوێکی پێشکەوتووە بۆ گەیشتن بە حکومەتی ئەلەکترۆنی

# ئابووریی تەکنەلۆژیا وەرچەرخانێکی گەورەی مرۆڤایەتییە، دەبێت ئێمەی کوردیش لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوامەدا خۆمان بگونجێنین

**ئابووریی تەکنەلۆژیا و زانیاری و پەیوەندییەکان لە جیهانی پێشکەوتوودا هەنگاوی زۆر گەورەیان ناوە، بە ڕادەیەك، بووەتە بابەتێکی سەرەکیی ناو بەرنامەی کاری کۆڕبەند و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، گەیشتن بە ئاستی ئەم پێشکەوتنە گەورەیەش پەیوەندییەکی بەهێزی بە حکومەتی ئەلەکترۆنییەوە هەیە. بۆ قسەکردن لەسەر ئابووریی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی پەیوەندییەکان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر گوڵدەران عەبدولڕەحیم مامۆستای بەشی دارایی و بانك لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین ساز دا.**

*** لەم دواییانەدا لەگەڵ دوو مامۆستای شارەزا کتێبێکت بە ناوی (ئابووریی تەکنەلۆژیا و زانیاری و پەیوەندییەکان) چاپ کرد. سەرەتا دەکرێت بزانین مەبەستت لە ئابووریی تەکنەلۆژیا چییە و چ وەرچەرخانێکی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی لێ کەوتووەتەوە؟**

- ئابووریی جیهان لە ئێستادا بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە پەرەسەندنی بەردەوامدایە، وەرچەرخانێکی گەورە لە شێوازی سیستەم و بەڕێوەبردنی ئابووری ڕوو دەدات. جیهان لە ئابوورییەکی کلاسیکییەوە بەرە و ئابوورییەکی مەعریفی و زانیاری گەشە دەکات. تەنانەت شۆڕشی تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان بە شێوەیەك گەشەی کردووە، لە توانای هزری مرۆڤایەتی تێپەڕیوە و بەرەو زیرەکیی دەستکردیش ڕۆیشتووە. ئەم شێوازەی ئابووریی تەکنەلۆژیا لە کۆڕبەند و کۆنفرانسە جیهانییەکاندا لە تەنیشت دۆسیێ گۆڕانکاریی کەشوهەوا و ئاسایشی نێودەوڵەتی و قەیرانەکان و وزەدا باس دەکرێت، بەتایبەتی کە ئەم جۆرە ئابوورییە وەرچەرخانی لە بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دروست کردووە، بەمەش سێکتەرەکانی ژیان و بوارە جیاجیاکانی ئابووری گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هاتووە، بە ڕادەیەك جیهان فریای گلۆباڵ فێرژنە نوێیەکانی تەکنەلۆژیا ناکەوێت، وەنەبێت ئەم ئابوورییە تەکنەلۆژیایە تەنیا پەیوەندی بە بەرهەمە نوێیەکانی ئایفۆن و ئایپات و براندە جیهانییەکان و گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم براندانەوە هەبێت، بەڵکو پەڕیوەتەوە ناو گۆڕانکاری لە سێکتەری خوێندن و تەندروستی و، تەنانەت بوارەکانی سیاسی و سەربازیشی گرتووەتەوە، ئەم تەکنەلۆژیایە کە پێی دەگوترێت تەکنەلۆژیای نانۆ و چرکە بە چرکە گۆڕانکاری و هەنگاوی سەرسوڕهێنەر دەبڕێت، کە ڕۆڵی گەورە و کاریگەری لەسەر ئاستی گەشەی ئابووری بەگشتیدا هەیە، ئەمەش دەمانخاتە بەردەم ئەزموون و تەحەددایەکی قورسەوە، بەوەی لە وڵاتی خۆشمان دەبێت هەنگاوەکانی بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت هەنگاوی خێراتری بۆ بنرێت، بە پێچەوانەوە لە شێوازی بەرهەمهێنان چ لە ڕووی جۆرایەتی و چ لە ڕووی چەندایەتییەوە زۆر دوامان دەخات. مێژووی مرۆڤایەتی بە چاپ و تەلەفۆن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و، دواتر لە شۆڕشی چوارەمدا بە کۆمپیوتەر تێپەڕی، تا ئەو کاتەی لە شۆڕشی پێنجەمی تەکنەلۆژیا و زانیاری و پەیوەندییەکاندا تۆڕی ئەنتەرنێت دامەزرا، هەموو ئەم مێژووە چەندین ساڵی پێویست بوو، لە کاتێکدا لە ئێستادا

**شۆڕشی تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان بە شێوەیەک گەشەی کردووە، لە توانای هزری مرۆڤایەتی تێپەڕیوە و بەرەو زیرەکیی دەستکردیش ڕۆیشتووە**

**دەبێت هەنگاوەکانی بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت هەنگاوی خێراتری بۆ بنرێت**

**زۆربەی خەڵکی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و زانیاری لە بواری میدیا و سۆشیال میدیا بە هەڵە بەکار دەهێنن، یان بۆ لایەنێکی خراپی ناوزڕاندن و پڕوپاگەندە و حزبایەتی بەکاری دەهێنن**

**لە بەکارهێنانی کارتی بانکی و بەبانکیکردنی مووچە و کۆتاییهاتن بە مامەڵەی کاش و بەدەستهێنانی دەیان خزمەتگوزاریی دارایی و بانکی لە سەرەتای ڕێگەداین**

گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکان زۆر خێراتر و کاریگەرترن.

*** بۆ ئێمەی کورد تاچ ڕاددەیەك ئەو هەلە لە بەردەستدایە، تاوەکو خێراتر بگەینە تەکنەلۆژیا و لایەنەکانی مەعریفە و پەیوەندییەکان؟ ئایا ئێمە چەند ساڵمان پێویستە بۆ گەیشتن بە ئابووریی تەکنەلۆژیا؟**

- پێویستە خێرا لە کەرتەکانی پەروەردە و خوێندن و فێرکردنی ئەلەکترۆنی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی فراوان دەست پێ بکەین، چونکە بۆ ئێمەی کورد ئەوەندە ساڵ پێویست نییە، تاوەکو لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە بگونجێین. گرفتەکە لەوەدایە زۆربەی خەڵکی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و زانیاری لە بواری میدیا و سۆشیال میدیا بە هەڵە بەکار دەهێنن، یان بۆ لایەنێکی خراپی ناوزڕاندن و پڕوپاگەندە و حزبایەتی بەکاری دەهێنن. تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و ئابووری و وەرچەرخان لە سێکتەرەکاندا بەکار دەهێنرێت. ئێمە نەمانتوانیوە خوێندن بکەین بە ئەلەکترۆنی و لە ماڵەوە، یان لە ئۆفیسەکەمانەوە بەردەوامی بە خوێندن بدەین، یان تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکردمان بۆ دیاریکردنی نەخۆشی و چارەسەرییەکان بەکار نەهێناوە، لە بەکارهێنانی کارتی بانکی و بەبانکیکردنی مووچە و کۆتاییهاتن بە مامەڵەی کاش و بەدەستهێنانی دەیان خزمەتگوزاریی دارایی و بانکی لە سەرەتای ڕێگەداین، یان کتێبخانەی ئەلەکترۆنی و خێرایی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی کوالێتی و توانای ململانێکردنی بەرهەم و مارکە جیهانییەکانمان نییە، تەنانەت لە بواری بازرگانیی ئەلەکترۆنییشدا ئێمە جارێ زۆر لاوازین.

*** لایەنێکی گرنگی ئەم ئابوورییە تەکنەلۆژیایە پەیوەندی بە حکومەتی ئەلەکترۆنییەوە هەیە. ئایا تا چەند حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە لە گەیشتن بەوەی زۆر لە خزمەتگوزارییەکانی و مامەڵەکانی بە ئەلەکترۆنی بکات و، ئایا سوودە ئابوورییەکانی ئەم حکومەتە ئەلەکترۆنییە چییە؟**

- حکومەتەکانی ئەمریکا و فەرەنسا و هۆڵەندا و ژاپۆن و نەرویج و فنلەندا و دانیمارك و ئوستralیا و تەنانەت تورکیا و سعودییە و مەکسیك و بەرازیلیش لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەدا دادەنرێن کە گەیشتوون بە حکومەتی ئەلەکترۆنی، لای خۆمان لێرە و لەوێ هەوڵێکی شەرمنانەی بەئەلکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییەکان لە چەند سێکتەرێکدا هەیە، بەڵام هەنگاوەکان خێرا نین و ڕەنگە کۆمەڵێك ئالنگاری و بەربەست هەبێت بۆ گەیشتن بە حکومەتی ئەلەکترۆنی، کە دەبێت خێرا چارەسەر بکرێت و کاری لەسەر بکرێت. بە بۆچوونی من پێویستە ژێرخانێکی زانیاری و تەکنەلۆژیا دابین بکرێت و لە ڕووی سەرمایەی مرۆییەوە خولی خێرا و بەهێز بکرێتەوە و، هەوڵی ئەوە بدرێت ئەو بوارانەی حکومەتی ئەلەکترۆنی کاری لەسەر دەکات، دەزگاکان بە دامەزراوییکردن بکرێن و ژێرخانێکی یاسایی و ڕێنمایی باشی بۆ دەر بچێت و، لە ڕووی ئاسایشەوە زانیارییە تایبەتەکان و مافەکان پارێزراو بن، لەمەش گرنگتر، گەیشتن بە حکومەتی ئەلەکترۆنی بەڕێوەبەرێکی پسپۆڕ و شارەزا و لێهاتووی دەوێت، دەبێت هەموو زانیاری و تەکنەلۆژیاکانیش بە ناوەندێکی بەهێزی حکوومییەوە ببەسترێتەوە و ئەو ناوەندە سەرپەرشتی بکات. ڕەنگە خراپیی بواری دارایی و قەیرانە داراییەکەی هەرێمی کوردستان لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێگری سەرەکی بووبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێداویستییانە، چونکە کۆتاییهاتن بە مامەڵەی کاغەزی و تەواوکاریی بازرگانی و خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردنی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکات، پێویستی بە بودجە و سەرمایەیەکی گەورە هەیە، کە بە تێپەڕبوونی کات بە چەندین هێندە ئەو بڕە پارەیە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە. واتە من بە خەرجیی دانانێم بەقەد ئەوەی وەبەرهێنانە لە عەقڵی مرۆڤەکان و کەمکردنەوەی تێچووەکان و زیادکردنی داهاتەکانە، بۆ نموونە ئێمە پۆستی ئەلەکترۆنیمان هەیە لە فەرمانگەی شارۆچکەیەکی سەر سنوور، بە کلیکێك مامەڵەی هاووڵاتی دەگاتە دیوانی وەزارەت و نووسینگەی وەزیر و هەمان ڕۆژ واژوو دەکرێت و بە کلیکێك دەگاتەوە دەستی، ئیتر چەند

هەفتەیەکی ناوێت تاوەکو بە شێوە تەقلیدییەکە بە ئۆتۆمبێل و ئیفادی فەرمانبەرەکە و بە شێوەی دەستی بهێنرێت و بە هەمان پرۆسەی ڕۆتین و دوور و درێژ بنێردرێتەوە، ئەم مامەڵە ئەلەکترۆنییە دوورمان دەخاتەوە لە واسیتە و مەحسووبیەتیش.

*** باسی کۆتاییهاتنی مامەڵەکردن بە دراوی کاش و هاتنە پێشەوەی فیزاکارت و بەبانکیکردنی مووچە و کارتەکانی تەوتین و هەژماری من دەکرێت. ئایا ئەمە تاچەند دەچێتە چوارچێوەی ئابووریی تەکنەلۆژیا؟ بۆچی ئەم بابەتە گرنگە بە سیاسی دەکرێت، کە وا هەست دەکرێت ئەمیش وەکو زۆر بواری دیکە بە لاڕێدا دەبرێت؟**

- بانکە ئەلەکترۆنییەکان لە ڕێگەی کارت و فیزاکارت و ماستەرکارت و مامەڵە ئەلەکترۆنییەکانیانەوە ڕۆڵی گەورەیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی بانکی و دارایی و پەرەپێدانی ئابووری هەیە، بابەتەکە تەنیا پەیوەندی بە تەوتین، یان هەژماری منەوە نییە، بەڵکو ئەمە بەشێکە لە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیای کاری بانکی و لایەنی دارایی، کە هەموو هاووڵاتییەك لە ڕێگەی کارتی بانکییەوە بتوانێت بە شێوەیەکی ئەلەکترۆنی و دوور لە مامەڵەی کاش، مامەڵەکانی خزمەتگوزاری و پێدانی ڕسومات و باج و وەرگرتنی پارە و مامەڵەکانی بازاڕ و بازرگانیکردن جێبەجێ بکات. سوودەکانی ئەم بوارە زۆرە، هەر لە خێراکردنی بەڕێوەچوونی کارەکان و کەمکردنەوەی تێچوون، تا زیانەکانی دیکەی مامەڵەکردن بە دراوی وەرەقی و تا دەگاتە بابەتەکانی کۆتاییهاتن بە کێشەی سیولەی نەختینەیی، ئەگەر ئێمە حکومەتی ئەلەکترۆنیمان هەبێت، چۆن دەبێت مامەڵە بە دراوی کاش بکەین. لێرەدا تەنیا نموونەیەك باس دەکەم، کاتێك پێویستت بە نوێکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێری بێت، لە ڕووی کات و خەرجیی بەنزین و نۆرەکردنەوە تێچوون و توانایەکی جەستەیی زۆری دەوێت، لە کاتێکدا لە حکومەتی ئەلەکترۆنی و بە بەکارهێنانی کارتی بانکی، کات و تێچوون و مەترسییەکان کەمتر دەبنەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەدای حکوومی زۆر بەرز دەبێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی هەژماری من هەنگاوێکی پێشکەوتووە و بۆ حکومەتی ئەلەکترۆنی زۆر پێویستە، لە هەموو دنیادا خەڵك تەکنەلۆژیا و پەیوەندی و زانیارییەکان بۆ ئامانج و مەبەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بەکار دەهێنن، کەچی لای خۆمان لەم ڕووەوە سوودێکی وای لێ نەبینراوە.

*** وەکو مامۆستایەکی شارەزا لە بواری ئابووریی تەکنەلۆژیا، پێشنیار و بۆچوونت چییە، تاوەکو ئێمەی کوردیش ڕوو لەم زانست و تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە بکەین و لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیا دانەبڕێین؟**

- پێویستە سەرەتا لە سەرجەم قۆناغەکانی بنەڕەتی و ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆ و خوێندنی باڵادا گرنگییەکی زۆر بە تەکنەلۆژیا و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و زانیاری بدەین، دواتر خولی خێرا بۆ ئەو فەرمانبەرانە بکرێتەوە کە لە بواری حکومەتی ئەلەکترۆنیدا کار دەکەن، لەمەش گرنگتر ئەوەیە چیتر ڕێگە نەدرێت بەو شێوە خراپە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و سۆشیال میدیا بۆ حزبایەتی و ناوزڕاندن و ئازاردانی یەکتر بەکار بهێنرێت، کەوای کردووە زۆر کەس لەم هۆکارانەی پەیوەندیکردن و تەکنەلۆژیا دوور بکەوێتەوە، لەمەش گرنگتر لە ڕووی ئەمنی و ئاسایشەوە چاودێری و سەرپەرشتیی تەکنەلۆژیاکە بکرێت، بەتایبەتی لە بواری بەکارهێنانی کارتی بانکی و مامەڵە بازرگانییەکاندا، پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ بە کەسانێك ناکرێت کە زانست و زانیارییەکان بۆ ئایدیۆلۆژیای تەسك و بیری حزبایەتی و مەرام و بەرژەوەندیی تایبەت بەکار بهێنن. بەشێکی خەڵکی خۆمان لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و سۆشیال میدیا بێزار بوون، چونکە لەبری ئەوەی بۆ خزمەت و پێشکەوتن بەکاربهێنرێت، کەچی بۆ مەرامی خراپ بەکار دەهێنرێت. من ئەزموونی کۆریای باشوورم لە ئابووریی تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکاندا زۆر پێ باشە و دەتوانین سوودی لێ وەربگرین، چونکە ئەوان جگە لە تەکنەلۆژیا و گرنگیدان بە پەیوەندییەکان و زانیاری، لە ڕووی پاراستنی دابونەریت و نەتەوەییشەوە لەگەڵ واقیعی ئێمەدا زۆر گونجاون.

**لێرە و لەوێ هەوڵێکی شەرمنانەی بەئەلکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییەکان لە چەند سێکتەرێکدا هەیە، بەڵام هەنگاوەکان خێرا نین و ڕەنگە کۆمەڵێك ئاڵنگاری و بەربەست هەبێت بۆ گەیشتن بە حکومەتی ئەلەکترۆنی، کە دەبێت خێرا چارەسەر بکرێت**

**لە هەموو دنیادا خەڵك تەکنەلۆژیا و پەیوەندی و زانیارییەکان بۆ ئامانج و مەبەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بەکار دەهێنن، کەچی لای خۆمان لەم ڕووەوە سوودێکی وای لێ نەبینراوە**

**پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ بە کەسانێك ناکرێت کە زانست و زانیارییەکان بۆ ئایدیۆلۆژیای تەسك و بیری حزبایەتی و مەرام و بەرژەوەندیی تایبەت بەکار بهێنن**

حوسێن عەلی ئاغا فەیلی
لە ڕێکخراوی ماڵی فەیلی بۆ گوڵان:

# پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و کوردانی فەیلی هەبوو، هەر ئەمەش بوو وای لێکردن هاوکاریی شۆڕشی ئەیلوول بکەین

## دەستێکی دەرەکی هەیە دەیەوێت مۆرکێکی تەنیا فەیلی بە جینۆسایدی کوردانی فەیلییەوە بدات

جینۆسایدی کوردانی فەیلی بەهۆی کوردبوون و پاڵپشتیان بووە لە شۆڕشی ئەیلوول، کەچی نەیارانی کورد دەیانەوێت تەنیا مۆرکێکی فەیلی و مەزهەبی بەم جینۆسایدەی کوردانی فەیلییەوە بدەن، لەکاتێکدا عەرەبی شیعە لە عێراقدا زۆر بوو، کەچی تەنیا لەبەر کوردبوونی فەیلییەکان و نزیکییان لە مەلا مستەفا بارزانی-یەوە هۆکاری بەزۆر ڕاپێچکردن و کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی بوو، گۆڤاری گوڵان لە میانەی زنجیرە دیدارەکانی لەسەر جینۆسایدەکە، چەند پرسیارێکی ئاراستەی حوسێن عەلی ئاغا فەیلی لە ڕێکخراوی ماڵی فەیلی کرد، کە خانەوادەکەی قوربانیی زۆریان لە شاڵاوی جینۆسایدەکەدا هەبووە و خۆیشی کەسایەتییەکی ناسراوی ناو کوردانی فەیلی-یە.



# داواکارین مۆزەخانەیەک و مۆنۆمێنتێک بۆ جینۆسایدی کوردی فەیلی لە پایتەختی هەرێمی کوردستان دروست بکرێت

*** بەو پێیەی بەڕێوەبەری ئیداری ڕێکخراوی ماڵی فەیلی و، پێشتریش ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی کوردی فەیلی بوویت، با سەرەتای پرسیارمان لەوەوە دەست پێ بکەین، ئایا ئەم جینۆسایدەی لە عێراقدا دژی کوردانی فەیلی لە سەرەتای هەشتاکاندا ئەنجام درا، تاچ ڕادەیەك دەچێتە چوارچێوەی جینۆسایدی نێودەوڵەتییەوە؟**

- جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق ئەنجام دراوە، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس، کە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ – ١٩٩٠ لەو پەڕی دڕندایەتی و بەهێزیدا ئەم کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەی ئەنجام داوە، ئەمەش هەمووی لەبەر کوردبوون و پاڵپشتیمان بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا، ئەو سەردەمە کوردانی فەیلی پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ باوکی ڕۆحی کورد مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، بۆیە پشتگیری و پاڵپشتیی بەهێزی شۆڕشی ئەیلوولیان دەکرد، ڕژێمی بەعس بەتایبەتی پیاوانی موخابەرات نەیاندەویست خەڵکێکی وا شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر و بەتوانا کە لەناو جەرگەی بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بوون، پاڵپشتی شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی بکەن، ئەوان لە سەرەتای هەشتاکان و لە سەروبەندی خۆئامادەکردن بوون بۆ شەڕێکی سەخت لەگەڵ ئێراندا، بۆیە سەرەتا بە بازرگان و دەوڵەمەندەکانی کوردی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا دەستیان پێکرد و، دواتریش لە قۆناغێکی دیکەی شاڵاوی جینۆسایدەکەدا ڕوویان لە ناوچەکانمان لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی دیجلە کرد، ئێمە لەو سەردەمەدا لە خانەقین کەسوکار و خانەوادەکەمان

**کەسایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و گەورەیی و کاریزمایی ئەم سەرکردەیە لەوەدا بوو بۆ هەموو پێکهاتەکانی کورد و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان خەباتی دەکرد**

**لە خانەقین کەسوکار و خانەوادەکەمان هەموو کەوتنە بەر پرۆسەی شاڵاوی بەزۆر ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران و، دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا و گەنجەکانیان دەستگیرکران و زۆریان تاکو ئێستاش ڕوفاتەکانیان دیار نییە**

**لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٠ لە شاڵاوێکی گەورەی ڕژێمی ئەو کاتی عێراقدا زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کوردی فەیلی ڕاپێچی زۆرەملێی ئێران کران و ٢٢ هەزار گەنج بێسەروشوێن کران و دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا**

هەموو کەوتنە بەر پرۆسەی شاڵاوی بەزۆر ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران و، دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا و گەنجەکانیان دەستگیرکران و زۆریان تاکو ئێستاش ڕوفاتەکانیان دیار نییە، ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە ئەوا وردەکاریی ئەم شاڵاوانەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەشێوازی جۆراوجۆر لە سەردەمی ڕەشید عەلی گەیلانی لە ساڵی ١٩٤٨ ـەوە دەستی پێکردووە و، لە ساڵەکانی ١٩٧٢ و ١٩٧٤ و ١٩٧٥ درێژەی هەبوو، کە بە شاڵاوی ڕاپێچکردنی زۆرەملێی یەکەم و دووەم ناو دەبرێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠ لە ڕاپێچکردنی زۆرەملێی سێیەم بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز و ڕەشبگیرییەکە دڕندانە تر بوو، بەم شێوەیە لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٠ لە شاڵاوێکی گەورەی ڕژێمی ئەو کاتی عێراقدا زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کوردی فەیلی ڕاپێچی زۆرەملێی ئێران کران و ٢٢ هەزار گەنج بێسەروشوێن کران و دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا، بە پاساوی (( التبعية الايرانية)) و تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییە، ئەم تەبەعییەی هەندێك لە خێزان و خانەوادەکانی کوردانی فەیلی تەنیا بۆ ئەوە بوو لە سەربازیی زۆرەملێی عوسمانییەکان خۆمان بدزینەوە، تاوەکو بۆ شەڕکردنی عوسمانییەکان گەنجەکانمان نەنێردرێتە ناوەڕاستی ئەورووپا و شوێنبزر بن، کە سۆراغیان نەدەما و هەر نەدەگەڕانەوە، من باپیرم ڕەگەزنامەی عوسمانیی دەرنەدەکرد تاوەکو بەو تەبەعییەی ئێرانییە هەم ڕاپێچی بەزۆرەملێی خزمەتی سەربازی نەکرێت، هەمیش سەرقاڵی کاری بازرگانی و کاسبیی خۆی بێت لەودیو سنووری ئێران، لە تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییەش کە پیاوانی ڕژێم و موخابەرات تۆمەتەکەیان خستەباڵ سەمیر غولام و گەنجەکانی کوردی فەیلی، ئێمە ئەو کات ئەو قوتابییە و هاوڕێکانمان دەناسی، کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندییان بەو تەقینەوەوە نەبوو، ئەمە تەمسیلییەکی پیلان بۆ داڕێژراو و بە مەرام بوو، لە پێناو تۆمەتبارکردنی کوردانی فەیلی و دەستپێکردنی ڕەشبگیری لەناو خێزانە کوردەکان لە بەغدا، ئەمە دەستپێکی قۆناغێکی نوێی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی کوردی فەیلی بوو، بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کولتووری و نەتەوەیی و داگیرکردنی خاکەکەمان، تەنانەت دەستیان بۆ پیرۆزییەکانی خێزانەکانیش برد کاتێك بە بڕیاری ٦٦٦ زۆر ژن و مێردی کوردی فەیلییان ناچار کرد لێك جیا ببنەوە، لەم ڕوانگەیەوە و بە هەموو پێوەرەکانی نێودەوڵەتی و بەڵگەنامەی ڕێکخراوە جیهانییەکان، ئەم شاڵاوە دەچێتە چوارچێوەی جینۆسایدێکی ڕوون و ئاشکرای گەلی کورد، کە بە تێپەڕبوونی کات کۆن نابێت و دەبێت بەزیندوویی ڕابگیرێت و قەرەبووی قوربانییەکانیش بکرێتەوە.

*** لە زۆربەی دیدارەکانی تایبەت بە جینۆسایدی کوردانی فەیلی، کەسایەتییەکانی کوردانی فەیلی بە گرنگییەوە باسی ئەو پەیوەندییە بەهێزە و نزیکبوونەوەی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و کوردانی فەیلی دەکەن، ئایا لەو سەردەمەدا ڕۆڵی کوردانی فەیلی لە پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوولدا چۆن بوو؟**

- کەسایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و گەورەیی و کاریزمایی ئەم سەرکردەیە لەوەدا بوو بۆ هەموو پێکهاتەکانی کورد و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان خەباتی دەکرد، هەربۆیە لە هەموو نەتەوە و ئایینزاکان و ناوچەکانەوە هەر لە زاخۆوە تاکو خانەقین پێشمەرگەی مەلا مستەفا بارزانی بوون و، ئەویش خۆشەویستیی هەموو نەتەوەی کورد و کوردستانییەکان بوو، بارزانیی نەمر کوردانی فەیلیی خۆشدەویست و دەیزانی لە ناو عێراقدا ڕووبەڕووی چ زوڵم و چەوسانەوە و پەراوێزخستنێك بوونەتەوە، لە بەرامبەردا کوردانی فەیلییش مەلا مستەفا بارزانییان وەکو سەرکردە و زەعیمێکی گەورەی نەتەوەیی دەناسی و خۆشیان دەویست، کاتێك مەلا مستەفا بارزانی لە ڕووسیا گەڕایەوە بۆ عێراق هەر لە شاری بەسراوە تاوەکو بەغدا و شوێنی نیشتەجێبوونی، کوردانی فەیلی پێشوازیی گەرمیان لێ کرد و شەوانەش پارێزگارییان لێ دەکرد، نەوەکو شۆڤێنییەکان زیانی پێ بگەیەنن، بەرزکردنەوەی ئۆتۆمبێلی مەلا مستەفا بارزانی لە شەقامەکانی بەغدا لەلایەن کوردانی فەیلییەوە ڕووداوێکی گەورە بوو، کە لەناو ئاپۆڕای ئەو هەموو کادیر و

لایەنگر و جەماوەرە کوردەوە خۆشەویستییان بۆ دەربڕی، ئەم پەیوەندییەی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و کوردانی فەیلی بەهۆی ئەو زوڵم و چەوسانەوەیە بوو کە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەهۆی کوردبوونییانەوە دژی فەیلییەکان ئەنجامیان دەدا، مەلا مستەفا بارزانیش بەرگریی سەختی لێ دەکردن، بۆیە کوردانی فەیلی هاوکاری و کۆمەکی شۆڕشیان دەکرد و تەنانەت ئامێرەکانی ئێزگەی دەنگی کوردستانیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی گەیاندە حاجی ئۆمەران، مەلا مستەفا بارزانی زۆربەی بەرپرس و سەرکردەکانی مەکتەب سیاسی و ناو بەش و ڕێکخراوەکانی پارتی کوردی فەیلی بوون، هەر لە حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی و یەدوڵڵا فەیلی و سەرۆکەکانی ڕێکخراوی ئافرەتان و قوتابیان و دەیان سەرکردەی دیکەی کوردی فەیلی، کە لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا بوون.

*** یەکێک لە هۆکارەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی و کۆمەڵکوژیی کورد بە گەمارۆی ئابووری و داگیرکردنی خاک و ماڵوحاڵی کوردان دەستی پێ کردووە، ئایا تا چ ڕادەیەک هێرش و پەلاماردانەکانی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بۆ داگیرکردنی خاکی کوردان و تەرحیلکردنیان بووە؟**

- ئەم کوردە زوڵملێکراوە بەردەوام کەوتووەتە بەردەم جینۆسایدێکەوە، کە بە برسیکردن و گەمارۆی ئابووری و جەنگی ئابووری دەستی پێکردووە، کوردانی فەیلیش هەر وایان لێ کردن، سەرەتا پەراوێزخران و دواتر ناسنامەی بازرگانییان لە گەورە بازرگانەکانی کوردانی فەیلی وەرگرتەوە، دواتر بە زۆرەملێ خێزانەکانیان ڕاپێچی ئێران کرد، دوای ئەوەی دەستیان بەسەر ماڵ وحاڵیاندا گرت، پیاوانی ڕژێم وەکو دەستکەوتێك کڕین و فرۆشتنەوەیان پێوە کرد، هەرچی کوردی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلەش بوو بە بیانووی شەڕی عێراق - ئێرانەوە باغ و بێستان و خاکەکانیان دەستی بەسەرداگیرا، لە قۆناغێکی دیکەدا لە ناوچە سنوورییەکانی وەکو خانەقین و بەدرە و مەندەلی و ناوچەکانی دیکە، تەرحیلی شارەکانی دیکەی عێراقیان کردن.

*** دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بۆچی حکومەتی عێراق هەنگاوی جدیی نەناوە بۆ قەرەبووکردنەوەی کوردانی فەیلی، لە کاتێکدا دادگای تاوانەکانی عێراق و پەرلەمان دانیان بەم جینۆسایدەی کوردانی فەیلیدا ناوە؟**

- یەکێک لە تاوانەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و تەنانەت بڕیارەکانی دانپێدانی کۆمەڵکوژی دژی کوردانی فەیلی، بۆ جوداکردنەوەی دۆسێی جینۆسایدەکەیە لە نەتەوەی کورد، ئەوان باسی هەموو ئەو زوڵم و زۆرداری و غەدر و کوشتنە دەکەن کە حزبی بەعس دەرهەقی (فەیلی) وەکو مەزهەبی شیعە کردوویەتی نەوەکو کوردی فەیلی، کوردەکانیش لە ترسی ئەو ئیرهابە شۆڤێنی و بارودۆخەی شەڕی ناوخۆ و دژایەتییەی کورد بە ناچاری لە بەغدا بێدەنگییان هەڵبژارد، لە ساڵی ٢٠١٠ لە عێراق هەندێك بڕیاری قەرەبوو بۆ کوردانی فەیلی دەرچوو، بەڵام جێبەجێ نەکرا، ئێستاکە ئومێدمان بە سەرۆکی کورد مەسعود بارزانی-یە کە لە زۆربەی بۆنە و مەراسیمەکاندا باسی ئەم جینۆسایدەی کردووە، تەنانەت دەبوایە پێشنیارەکەی بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی کوردانی فەیلی هەر زوو جێبەجێ بکرایە، کێشەی بچووککردنەوەی کەیسی کوردی فەیلی لەو کوردانەیە کە خۆیان وەکو فەیلی ناودەبەن و مۆرکێکی شیعەی دەدەنێ، لەکاتێکدا ئەم کەیسە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بە مەزهەبەوە نییە، ئەمە مەرام و سیاسەتی داگیرکارانەی کوردە، کە کورد وەکو خێڵ و هۆز و پێکهاتەی بچووک لێك جیا بکەنەوە، لەم پێناوەشدا پارە و هەوڵێکی زۆری تێدا خەرج دەکرێت. کوردانی فەیلی زۆر جەنابی سەرۆك بارزانی-یان خۆش دەوێت و داواکارن پێشنیارەکانی لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی هەرێمەوە جێبەجێ بکرێت، خۆ هەر هیچ نەبێت دەبێت سەنتەر و مۆزەخانەیەك و مۆنۆمێنتێك بۆ جینۆسایدی کوردی فەیلی لە پایتەختی هەرێمی کوردستان دروست بکرێت و، ڕێکخراوەکانی کوردانی فەیلیش لە یەك نزیك بکرێنەوە و مۆرکێکی نەتەوەیی پێ بدرێت و دوور بخرێتەوە لە حزبایەتی.

**بارزانیی نەمر کوردانی فەیلیی خۆش دەویست و دەیزانی لە ناو عێراقدا ڕووبەڕووی چ زوڵم و چەوسانەوە و پەراوێزخستنێک بوونەتەوە**

**کاتێک مەلا مستەفا بارزانی لە ڕووسیا گەڕایەوە بۆ عێراق هەر لە شاری بەسراوە تاوەکو بەغدا و شوێنی نیشتەجێبوونی، کوردانی فەیلی پێشوازیی گەرمیان لێ کرد و شەوانەش پارێزگارییان لێ دەکرد**

**کێشەی بچووککردنەوەی کەیسی کوردی فەیلی لەو کوردانەیە کە خۆیان وەکو فەیلی ناودەبەن و مۆرکێکی شیعەی دەدەنێ، لەکاتێکدا ئەم کەیسە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بە مەزهەبەوە نییە**



**دەیڤید فیلیپس**

بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکان لە زانکۆی کۆلۆمبیا بۆ گوڵان:

# پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کوردستان لەسەر هەنگاوی کرداری و بەهای هاوبەش بنیات نراون

# دیمانەی تایبەت

**دەڤید فیلیپس بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیاتنانی ئاشتی و مافەکانە لە ئینستیتوتی دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕاوێژکاری باڵای سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە و شارەزای کاروبارە دەرەکییەکان و ڕاوێژکاری باڵای وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، هەروەها توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد و، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پرۆگرامی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی کۆڵۆمبیا بووە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە سەردانەکەی ئەم دواییەی مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، پرسی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** وەك ئاشکرایە سەردانەکەی مسرور بارزانی، سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتۆن دی سی، بە سەردانێکی گرنگ لێك درایەوە و پێشوازییەکی گەرمیشی لێ کرا. ئەوە بوو چەندین کۆبوونەوەی بایەخداری ئەنجام دا لەگەڵ بەرپرسەکانی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمەش یەکەم سەردانی بوو وەك سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم، ئێوە چۆن لە دەرئەنجامەکانی ئەم سەردانە دەڕوانن، بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێت، زەمینەیەکی بۆ چەند پەرەسەندن و پێشهاتێك خۆش کردووە؟**

- نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵەهای ساڵە سەرقاڵی دروستکردن و بنیادنانی پەیوەندیی هاوکاریئامێزە لەگەڵ واشنتۆندا، هەروەها دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەم پەیوەندییانە تەنیا لەسەر هەڵگرتنی هەنگاوی کرداری و پێکەوەیی بنیاد نەنراون، بەڵکو بناغەی ئەم پەیوەندییانە ئەو ڕاستییەیە کە هەردوو گەلی کورد و ئەمریکا بەهای هاوبەشیان هەیە و دیدگە و تێڕوانینی هاوبەشیان بۆ جیهان هەیە، کە هەردوولا باوەڕیان بەوەیە کە پێویستە لە ڕێی دیالۆگەوە جیاوازییەکان چارەسەر بکرێن و یەکلا ببنەوە، ئەم پرەنسیپەش بنەڕەت و بنچینەی پرسی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و دروستکردنی پەیوەندیی باشی دراوسێیەتییە، لەم ڕووەوە دەکرێت عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لە بارەی دیالۆگ بۆ گەیشتن بە چارەسەر، زۆر شت لە کوردەوە فێر ببن.

*** هەروەك ئاشکرایە کە چەندین ساڵە حکومەتی عێراق بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کردووەتە چەك و کارتێکی گوشار لە بەرانبەر ئەم هەرێمەدا، لە میانەی سەردانەکەیدا**

**نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵەهای ساڵە سەرقاڵی دروستکردن و بنیادنانی پەیوەندیی هاوکاریئامێزە لەگەڵ واشنتۆندا**

**دەکرێت عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لە بارەی دیالۆگ بۆ گەیشتن بە چارەسەر، زۆر شت لە کوردەوە فێر ببن**

**ئەوەی پێویستە هەرێمی کوردستان ئەنجامی بدات، بریتییە لە فرەچەشنکردن و هەمەڕەنگکردنی ئابوورییەکەی، ئەویش بە چەشنێک کە کەمتر پشتبەستبوو بێت بە داهاتی نەوت و غاز**

**بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی ئەم پرسەی ورووژاند، چونکە ڕوونە کە ئەو دۆخە کێشەی زۆری بۆ کوردستان دروست کردووە. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەیی و ڕۆڵی هەبووە لە کارکردن بە ئاراستەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و تا چەند ئەم سەردانە بەرەوی بە هەوڵەکانی یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە داوە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەوەی لەم ڕووەوە پێویستە ڕوو بدات، ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاماژە بەوە بکات، کە دەبێت بەغدا پابەندبوونەکانی پێشووی جێبەجێ بکات، دەکرێت سەرەتا ئەمریکا لە ڕێی گرتنەبەری دیپلۆماسییەتی هێمنەوە ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەگەر ئەمە سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەنگێکی بڵندتر پێداگری لەسەر ئەم پرسە بکات، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ناچار بە هەڵگرتنی هەنگاوی کرداری بکات، لە ڕاستیدا ڕێگەی دیکە هەن بۆ ناچارکردنی حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ بکات، دەکرێت لەم ڕووەوە ئەمریکا هەم ڕێگەی گوشار و هەم ڕێگەی پاداشت بگرێتەبەر.

*** هەروەك ڕوونە لە ئازاری ساڵی ٢٠٢٣وە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە نەوتی بەرهەمهێنراو لە ڕێی هێڵی بۆریی نێوان عێراق و تورکیاوە هەناردەی دەرەوە بکات، کە ئەمەش زیانی چەندین ملیار دۆلاری لێ کەوتووەتەوە، ئەوەی ئاماژەی پێ کراوە ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باسی دەستەبەرکردنی پشتیوانی و هاوکاریی بۆ هەرێمی کوردستان کردووە، کە ئەمەش یەکێك بوو لە تەوەرەکانی سەردانەکەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕادەیەك ئەمریکا توانا و خواستی ئەوەی هەیە کە دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکار بهێنێت لە بەرانبەر بەغدا بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان؟**

- ئەوەی من دەتوانم لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن، دەتوانێت کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە بەرانبەر حکومەتی عێراق بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی بێ ئاستەنگ و ڕێگری دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوت بکرێتەوە، هەرچەندە ئەمە پێویستی بە گرتنەبەری سیاسەتێکی بەردەوامە بۆ پشتیوانیکردن لە بازرگانیی ئازاد لە پەیوەندی بە نەوت و غازەوە.

*** هەر لە دوای گەیشتنی مسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ژووری بازرگانیی ئەمریکا کۆبوونەوەیەکی ڕێك خست، کە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم و چەندین بازرگان و وەبەرهێنەری ئەمریکی لە خۆ گرت، لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی کورد لە تاراوگە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا پێشبینیی ئەوە دەکەن کە ئەمە ببێتە هۆی برەودانی زیاتر بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان؟**

- بەڵێ، ئومێدەکە ئەوەیە ببێتە هۆی برەوپێدانی ئەم پەیوەندییانە، من پێم وایە ئەوەی پێویستە هەرێمی کوردستان ئەنجامی بدات، بریتییە لە فرەچەشنکردن و هەمەڕەنگکردنی ئابوورییەکەی، ئەویش بە چەشنێك کە کەمتر پشتبەستبوو بێت بە داهاتی نەوت و غاز، و پتر هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە لەسەر برەودان بە کارخانە ناوخۆییەکان و بەرهەمهێنانی کاڵا و کەلوپەلەکان و بەرهەمهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی.

*** لە پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی بە پرسی هەڵبژاردنەکانەوە، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان وەك گەورەترین هێزی سیاسی بڕیاری داوە لەم هەڵبژاردنانەدا بەشداری نەکات، ئەویش وەك ناڕەزایەتییەك بەرانبەر پێشێلکارییە دەستوورییەکان و خەوشەکانی نێو پرۆسەی هەڵبژاردن بەهۆی بڕیارەکانی ئەم دواییەی دادگای باڵای فیدراڵییەوە، ئایا چۆن لەم هەنگاوە دەڕوانن و چ کاریگەرییەکیان دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ئایندەدا؟**




- ئەو بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە پێویستی بە گرتنەبەری ڕێگەچارەی دیالۆگ هەیە، واتە دەبێت گفتوگۆ بە بەردەوامی ببێتە بناغەی بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان، کە پێویستە لەسەر ئاستی فەرمی و هەروەها لە نێوان نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ئەم گفتوگۆیە ئەنجام بدرێت، چونکە بە گرتنەبەری ئەم ڕێگەچارەیە ئەوا بە هەڵەتێگەیشتن دێتەئاراوە و کێشە و ناکۆکییەکانیش بەرەو هەڵکشان دەچن.

*** گومانی تێدا نییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە و دەتوانێت کاریگەریی گەورەی هەبێت لەسەر ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکانی عێراق، بە تێڕوانینی ئێوە پێویست بوو ئەمریکا چ شتێکی بە شێوەیەکی جیاواز ئەنجام بدایە لە عێراق و، بۆ لەمەودواش ئەو ستراتیژیەت و ڕێگەچارە بنیادنەرە چییە کە دەبێت ئەمریکا بیگرێتەبەر لە ئاست عێراقدا؟**

- من پێم وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێی ڕەتکردنەوەی دەرئەنجامەکانی ڕیفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠١٧ کە گوزارشت بوو لە خواست و ویستی خەڵك، بووە هۆکاری درێژەدان بە ناکۆکییەکان، بە چەشنێك کە هیچ چارەسەرێك لە ئاسۆدا دیار نەبێت، هەرچۆنێك بێت، بە تێڕوانینی من هێشتا درەنگ نییە بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندییەکانی بباتە ئاستی پەیوەندیی فەرمی دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتدا، ئەویش وەك بناغەیەك بۆ باشترکردنی دۆخەکە.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێی ڕەتکردنەوەی دەرئەنجامەکانی ڕیفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠١٧ کە گوزارشت بوو لە خواست و ویستی خەڵک، بووە هۆکاری درێژەدان بە ناکۆکییەکان، بە چەشنێک کە هیچ چارەسەرێک لە ئاسۆدا دیار نەبێت**

دیمانەی تایبەت



ڕێکس جەی برینان، پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و سەرۆکی پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی مەکگیڵ لە هەرێمی کیوبیك لە وڵاتی کەنەدا، وانەبێژ و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگیشە وەك: سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی هەرێمی و پرۆسەی ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، پەنابەران، هاوکارییەکانی پەیوەست بە پەرەپێدان، بنیادنانی ئاشتی، تاکرەوی و بەدیموکراتیکردن لە جیهانی عەرەبی. بۆ تاوتوێکردنی پێشهات و پەرەسەندنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ کە بزووتنەوەی حەماس هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر ئیسرائیل و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

## پرۆفیسۆر ڕێکس جەی برینان بۆ گوڵان:

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ساتەوەختێکی زۆر مەترسیداردا تێدە پەڕێت

*** دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ و هێرشکردنەسەر وڵاتی ئیسرائیل لەلایەن بزووتنەوەی حەماسەوە، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خزایە نێو پشێوی و ناکۆکیی زیاترەوە، کە تێیدا ئێران و وەکیلەکانی لە عێراق و سووریا و، حزبوڵا لە لوبنان و بزووتنەوەی حوسییەکان لە یەمەنیش تێوەگلان، بە تێڕوانینی ئێوە ڕەوتی ئەم شەڕە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات؟**

- لە ڕاستیدا زۆر زەحمەتە بتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین کە ڕەوتی ڕووداوەکان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆن، هەرچەندە نابێت ئەو ئەگەرەش بە دوور بگرین کە ڕەنگە کرانەوەیەک لە تەنگژەکەدا بێتە ئاراوە و، ڕێککەوتن لەسەر ئاگربەستێك بۆ شەڕەکەی غەززە بکرێت، کە ئازادکردنی بارمتەکانیش لەخۆ بگرێت، کە ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوا دەبێتە هۆی خاوکردنەوە و کەمکردنەوەی بارگرژییەکان لە ناوچەکەدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە ئەگەری ئەوە هەیە شەڕەکەی غەززە کۆتایی نەیەت و تێیدا ئیسرائیل بە چەشنێك تۆڵە لە ئێران بکاتەوە، سەرەنجام سەربکێشێت بۆ هەڵکشانی زیاتری بارگرژییەکان، بۆ نموونە: هێرشکردنەسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، یان ئیسرائیل ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی زەمینی ئەنجام بدات لە دژی حزبوڵا لە لوبنان. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، ساتەوەختێکی زۆر مەترسیدارە، کە ئاشکرایە ئەوەی لە غەززەدا ڕوو دەدات کارەساتێکی مرۆییە.

*** بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئەم وڵاتە بە بەکارهێنانی دەیان فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەك، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، کە ئەمەش بووە هۆی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بێ ئەوەی هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەی لێ بکەوێتەوە، ئێوە چۆن لە دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی ئەم پەرەسەندنانە دەڕوانن؟**

- ئەوەندەی من مەزندەی بکەم ئەوەیە کە لە نێو سەرکردایەتیی ئیسرائیلدا مشتومڕێکی چالاك هەیە، هەندێك پێیان وایە ئەم هێرشەی ئێران دەرفەتێکە بۆ ئیسرائیل بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان ببات و بە شێوەیەکی پتر ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە، هەندێکی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن کە هێرشەکەی ئێران بە ڕاددەیەکی گەورە تێك شکێندرا لە لایەن ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیەوە و، پێویستە هەر کاردانەوەیەکی ئیسرائیل لەم ڕووەوە کاردانەوەیەکی سنووردار بێت (هەروەك ئەوەی بەدی کرا).

*** هەروەك ڕوونە لە عێراقدا چەندین گرووپی چەکداری هەن کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، کە ئەم گرووپانەش دژ بە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کار دەکەن و هێرش دەکەنە سەر ئامانجەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا و ئەردەن، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- من پێم وایە ئەو گرووپە چەکدارییانەی ئێران پشتیوانیان لێ دەکات بەردەوام دەبن لە هێرش و پەلامارەکانیان، ئیدی دژی ئیسرائیل بێت (لە ڕێی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە) یان دژی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق و دەوروبەری عێراق، هەرچۆنێك بێت، زۆرێك لە مەسەلەکە بەندە بەوەی ئایا ئێران دەیەوێت بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان ببات، یان بارگرژییەکان خاو بکاتەوە.

*** ڕۆژی ١٥ی نیسان، سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق، محەمەد شیاع سوودانی بە هاوەڵی شاندێکی گەورەی حکومەتەکەی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئەو وڵاتە (جۆ بایدن) و بەرپرسەکانی دیکەی کۆشکی سپی ئەنجام دا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە گرووپی میلیشیایی لە عێراقدا هەن کە هەڕەشە و هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا عێراق بە هاوبەشێکی سەرەکی دادەنێت، شرۆڤەکاری ئێوە بۆ ئەم دۆخە چییە؟**

- پێم وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرقاڵە بە شەڕی غەززە و بە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە لوبنان و هێرشەکانی حوسییەکان لە دژی کەشتییە بارهەڵگرەکان و ئێرانەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە لە ڕوانگەی ئەم پرسە کورتخایەنانەوە لە عێراق دەڕوانێت.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی چارەسەرنەکراوی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەیە، کە پێویستە بە گوێرەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ چارەسەر و یەکلا بکرێنەوە، هەرچۆنێك بێت، کێشەکە ئەوەیە کە دەستوور جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کوردستان ڕووبەڕووی گرفت ببێتەوە، ئەگەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکان نەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە کوردستان بکەن، ئایا ئەمە کوردستان تووشی دژواریی زیاتر ناکاتەوە؟**

- پێم وایە هەرێمی کوردستان لە بارێکدایە کە ئەگەری ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە، ئەویش لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرقاڵە بە ڕووداوەکانی شوێن و ناوچەکانی دیکەوە.

**ئەگەری ئەوە هەیە شەڕەکەی غەززە کۆتایی نەیەت و تێیدا ئیسرائیل بە چەشنێک تۆڵە لە ئێران بکاتەوە، سەرەنجام سەربکێشێت بۆ هەڵکشانی زیاتری بارگرژییەکان**


**ئەو گرووپە چەکدارییانەی ئێران پشتیوانیان لێ دەکات بەردەوام دەبن لە هێرش و پەلامارەکانیان**

**هەرێمی کوردستان لە بارێکدایە کە ئەگەری ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە**

عەبدولکەریم وەیسی
ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# بە سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی هێزی پێشمەرگە پارێزگارییان لە کوردانی ئێزیدی کرد و شەهید و بریندار ی زۆریشیان بەخشی

پەکەکە وێڕای ئەوەی تاکو ئێستا نەیانتوانیوە بستێك لە خاکی باکووری کوردستان ڕزگار بکات، لە هەرێمی کوردستانیش بوونەتە سەرچاوەی پشێوی و داگیرکردنی گوندەکانی سەر سنوور و ڕێگرتن لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو گوندانە ئاوەدان بکاتەوە، لەمەش زیاتر ئەو ناوچانەی کردووەتە مەیدانی شەڕ و، بەو هۆیەوە چەندین هاووڵاتیی سڤیلی گوندنشین بوونەتە قوربانی. گرفتی سەرەکیی سەرکردایەتیی ئێستای پەکەکە لە قەندیل لەوەدایە کە بڕوایان بە بیری نەتەوەیی کورد نییە و کاری دوژمنکارانە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن، تەنانەت باوەڕیان بە گفتوگۆ و کاری ئاشتییانە و مەدەنییانەش نییە، گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکی لە عەبدولکەریم وەیسی ئەندامی پێشووی پەکەکە کرد.



# چەکدارانی پەکەکە باوەڕیان بە ئاشتی و گفتوگۆ لەگەڵ هیچ لایەن و کەسێکدا نییە

*** پەکەکە لەوەتەی هاتوونەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە بوونەتە سەرچاوەی کێشە و نانەوەی پشێوی و وێرانکردنی گوندەکانمان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا لە کوردستانی باکوور چیا و شاخ و دۆڵی سەختی نییە کە پەکەکە تێدا بتوانن بەرخودان بکەن؟**

- ئێمە لەو کاتەی پەیوەندیمان بە ڕیزەکانی پەکەکەوە کرد هەر زوو بۆمان دەرکەوت کە بڕوایان بە هزری نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان نییە، تەنانەت دوژمنی هەموو ئەو کەس و لایەنە سیاسییانەشن کە کار بۆ چەسپاندنی هزری نەتەوەیی و بیری نیشتمانچیی کورد دەکەن، هەروەکو چۆن مەلا مستەفا بارزانی لەسەر بیر و بڕوای نەتەوەیی و نیشتمانی خەباتی کرد و تا ئەمڕۆش سەرۆك مەسعود بارزانی لەسەر ئەو بیرو عەقیدەیە بەردەوامە، لەم ڕوانگەیەشەوە پەکەکە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکەن و لەم پێناوەشدا لەگەڵ دوژمن و نەیارانی کورد پەیوەندییان گرێ داوە و مەرام و پیلانەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن، ئێمە ئەو کاتەی لە چیاش بووین دەمانزانی هەموو ئەوانەی بیری نەتەوەیی و نیشتمانییان هەیە لە دەوری هزری عەقیدە و ڕێبازی بارزانی کۆبوونەتەوە، ئەم ڕاستییە بە درێژایی مێژوو دەرکەوتووە، کە تەنیا پارتییە بە ڕێبەرایەتیی بارزانی خەمخۆری

**پەکەکە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکات و لەم پێناوەشدا لەگەڵ دوژمن و نەیارانی کورد پەیوەندییان گرێ داوە و مەرام و پیلانەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن**

**بەهۆی ئەوەی بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە پەکەکە تاقمێکی چەکداریی نا شۆڕشگێڕ و دوور لە هزر و بیری نەتەوایەتیی کوردایەتین، ڕۆژانە چەکدارانی و ڕێکخستنەکانیان لێیان دوور دەکەونەوە**

بیر و عەقیدەی شۆڕشگێڕی و کوردایەتییە، بەڵام پەکەکە بە پێچەوانەی هزری نەتەوەییەوە جووڵاونەتەوە و کاریان کردووە، ئەگینا باکووری کوردستان جگە لەوەی پێویستی بە شۆڕش و ڕزگارکردن هەیە و ئاواتی خەڵکەکەشیەتی و خاوەن چەندین ناوچە و چیا و شاخ و ئەشکەوتە و دۆڵی سەختی تێدایە، کە پەکەکە دەتوانن درێژە بە شۆڕشی خۆیان بدەن، نەوەکو بێن و بەفیت و دەست لەپشتدانی دوژمنانی کورد و کوردستان پەلاماری باشووری کوردستان بدەن و، لە چیاکانی وەکوو قەندیل و ناوچەکانی دیکە ببنە هۆکاری پەلکێشکردنی سوپای تورکیا، یان لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا چەندین گوند و ناوچە چۆڵکراوە و دەستی ئاوەدانی حکومەتی کوردستانی پێ نەگەیشتووە و، ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکی سڤیلی باشووری کوردستان بە بێ گوناە شەهید و بریندار بوون.

*** ئایا ئەم ڕەفتارانەی پەکەکە زیان بە پێگەی جەماوەری و لایەنگر و کادیرانی خۆیشی ناگەیەنێت، کاتێك ئەوان دژی هەرێمی کوردستان ڕەفتار دەکەن و بەپێی حەز و ئارەزووی نەیاران و دوژمنانی هەرێم هەڵسوکەوت دەکەن؟**

- مەبەستی ڕاستەقینەی چەکدارانی پەکەکە نانەوەی پشێوی و ناسەقامگیریی هەرێمی کوردستانە، پەکەکە بەتایبەت سەرکردەکانیان، لە بنەڕەتدا هەموو مەرام و پیلان و کارەکانیان مەبەستیان لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، چاویان بەو قەوارە ئازاد و دیموکرات و ئاوەدان و سەقامگیرە هەڵنایەت، چونکە دەستڕۆیشتوویی و کار و بەشداریی ئەوانی لەسەر نییە، چەکدارانی پەکەکە بەو قەوارە جوان و ئاوەدان و خاوەن دامەزراوە و فیدراڵە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کە زۆر بێئومێدی کردوون، بەڵام وەك دەبینین بە حەکیمیی جەنابی سەرۆك بارزانی وەك مەرجەعی گەلی کوردستان و سەرکردایەتیی پارتی و هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان، چەکدارانی پەکەکە مەرام و پیلانەکانیان لە دژی باشووری کوردستان نەهاتووەتەدی و سەرکەوتوو نەبووە، ئەگینا ئەوان چاوەڕوانی کاولکاری و نانەوەی ناکۆکی و دووبەرەکین.

*** کەواتە ئەوان جگە لە گرووپێکی بەرژەوەندیخواز و کۆکردنەوەی دەستکەوتی دارایی، هیچی دیکە نین و تەنانەت خەمخۆری جەماوەر و ڕێکخستنەکانی خۆشیان نین؟**

- ئەمە زۆر ڕاستە، پەکەکە لە بارودۆخێکی باشدا نین و ڕۆژانە پێگە و جەماوەری خۆیان لەدەست دەدەن، ئێمە دوای ئەوەی چەندین ساڵ تەمەنی گەنجیی خۆمان لە ناو ڕێکخستنەکانیان و چەکدارانی لە چیا و شاخ بەزستان و سەرما و بەبێ نان و خواردن بەڕێ کرد، بۆمان دەرکەوت کە پەکەکە ئەو بیر و هزر و شوێنەی نییە کە ئێمە پێی هەڵخەڵەتاوین، بەڵکو لایەنێکی چەکدارییە بە دەست لەپشتدان و قسەی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان دەجووڵێتەوە، بۆیە دەرفەتمان وەرگرت و هاتینە باشووری کوردستان، بەتایبەت خۆمان لە ناو ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی باوکدا دیتەوە و ئێستاکەش ڕۆژانە چەکدارانی پەکەکە و ڕێکخستنەکانیان لێیان دوور دەکەونەوە بەهۆی ئەوەی بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە پەکەکە تاقمێکی چەکداریی ناشۆڕشگێڕ و دوور لە هزر و بیری نەتەوایەتیی کوردایەتین و، کار بۆ بەرژەوەندیی چەند کەس و وڵاتێك دەکەن، بەتایبەت لە دژی هەرێمی کوردستان، کە هەنگاوی باشی بڕیوە بۆ سەربەخۆیی، هەروەها چەند شەڕی خۆدۆڕانیان لە باکووری کوردستان ئەنجام داوە، کە تەنیا بووەتە هۆی ئەوەی ناوچە کوردستانییەکان لەدەستیان بچێت و خەڵك و دانیشتوانی باکووری کوردستان لە ڕووی مرۆیی و داراییەوە زیانێکی زۆریان بەرکەوێت، جگە لەوەی لەسەر ماڵ و گوند و موڵکی خۆیان ئاوارە بوون، بەم کار و کردەوانەشیان جەماوەر و خەڵکێکی زۆریان لەدەست داوە، کە پێشتر گیانی خۆیان بە پەکەکە بەخشی بوو، بەڵام چەکدارانی پەکەکە لەو کاتەی هاتوونەتە باشووری کوردستان، بەتایبەت لەو خاڵ و بازگە نافەرمییانەی لە سنوورەکەدا هەیانە، سەرانە لەو کاسبکار و بازرگانانەی لە ناوچەکەدا هاتوچۆ دەکەن، وەردەگرن. لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگەی ئێران و ڕژێمی سووریا و حەشدی شەعبیی عێراقەوە هاوکاریی دارایی و لۆجستی دەکرێن، بەتایبەت ئەوانەی دەڤەری شنگاڵ و مەخموور و . . . تاد .

*** هۆکار چییە ماوەی زیاتر لە ساڵێك دەبێت پەکەکە بە شێوەی گرووپی چەکداریی بچووك لە چەندین شوێنی باشووری کوردستان، بەتایبەت لە سنووری سلێمانی دەردەکەون؟**

- چەکدارانی پەکەکە دژی هەموو ئامانجێکی نەتەوەیین، بۆیە لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمە مەزنەکەی گەلی کوردستان کە بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی بەڕێوە چوو، ئەوان دژی ئەم دەستکەوتە ڕاوەستانەوە، ئەمەش هەمووی بە فیت و پیلان و مەرامی داگیرکەران و دوژمنەکانی ئەم گەلە مەزڵومە بوو، ئەوان هەستان بە ساردکردنەوەی خەڵك و نانەوەی ئاژاوە و پشێوی، تاوەکو ریفراندۆمەکە سەرنەگرێت، هەرچەندە ئەم کارەیان بۆ نەچووە سەر و پرۆسەکە زۆر بە جوان و نەتەوایەتیی چوارچێوەی خۆی وەرگرت، کە بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی، ڕیفراندۆم بووە چقڵی چاوی دوژمنان و سەرکەوتنێکی گەورە و زۆری بەدەست هێنا، بەڵام ئەو کارە خراپ و نارەوایانەی چەکدارانی پەکەکە لەو چەند ساڵەدا کردوویانە بریتین لە، یەکەم: هەڵخەڵەتاندنی ژمارەیەك کچ و کوڕانی خوار تەمەنی (١٨) ساڵی و چەکدارکردنیان و دابڕانیان لە خێزانەکانیان. دووەم: ئەو گرووپ و جووڵانەوەیەی چەکدارانی پەکەکە لەو شوێن و ناوچانەی باشووری کوردستان، بووەتە هۆی ئەوەی درۆنی سوپای تورك پەلکێش بکەن بۆ قووڵاییەکی زۆر بۆ ناو هەرێمی کوردستان، درۆنەکانیش زیانی گیانی و دارایییان بە خەڵکی ئەو ناوچانەی باشووری کوردستان گەیاندووە، هەروەها لە هەر شوێنێکی باشووری کوردستان بۆیان ڕێك کەوێت کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

*** بەڵام ئەم کارو کردەوانە لە کاری گرووپێکی تێکدەر و دەرچوو لە یاسا دەکات و زیانی بۆ گەلی کوردستان و ناوبانگی کورد هەیە، ئایا سەرکردایەتیی پەکەکە ئەمە نازانن؟**

- وەك ئەوەی ئاماژەشمان پێدا، پەکەکە بەهۆی ئەوەی کە کچ و کوڕانی خوار تەمەنی پێگەیشتوو هەڵدەخەڵەتێنێت و چەکداریان دەکات و ناهێڵێت باوك و دایك و خێزانەکانیشیان جارێکی دیکە پێیان شادبن، کە ئەمە بە پێی بنەماکانی ماقی مرۆڤ قەدەغەیە، هەروەها لێرە و لەوێ کاری تەقاندنەوە ئەنجام دەدەن کە چەندین جار تەنیا لە ناو هەرێمی کوردستان بەو کارە هەستاون، لە لایەکی دیکەوە ڕژێمی سووریا هاوکار و پاڵپشت و هەماهەنگێکی گەورە و بەهێزیانە، ئەم کار و کردەوانە و چەندی دیکە وای کردووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەکەکە لە لیستی تیرۆردا دابنێت. سەرەڕای هەموو ئەمانەش پەکەکە هیچ کاتێك باوەڕی بە ئاشتی و گفتوگۆ نییە لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێك، ئەو پرۆسەیەی ئاشتییش کە جەنابی سەرۆك بارزانی کاری زۆری بۆ کرد تاوەکو بە دیالۆك لەگەڵ حکومەتی تورکیا کوردی باکوور بگەنە ئامانج و دەرفەتێك، کە ئاشتەوایی و ژیان و گوزەران بۆ ئەو بەشەش بێتە دی، کار و کردەوەکانی پەکەکە وایان کرد ئەم دەرفەتە مێژووییە لەدەست بچێت، پەکەکە ئەوەشیان شێواند و کێشە و گرفتیان بۆی نایەوە.

*** چەکدارانی پەکەکە بە حیساب بانگەشەی ئەوە دەکەن بەرگری لە کوردانی ئێزیدی دەکەن، کەچی ڕێگرن لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال، هەروەها لاوەکانی ئێزیدییش چەکدار دەکەن، ئایا ئێزیدییەکان مەینەتییان کەمە وا پەکەکەش هێندەی دیکە کارەساتیان بۆ دروست دەکات؟**

- پێویستە ئێزیدییەکان یەکگرتوو بن و لەژێر چەتری هێزێکدا بن و نەهێڵن خەڵکەکەیان، بەتایبەتی گەنجەکانیان هەڵبخەڵەتێن، چونکە دەزانین ئەوەی پارێزگاری لە شنگال دەکات و ئەوەی خۆی کردە قوربانی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە بە چاودێری و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی لە بەرەی پێشەوەی شەڕەکان بوو لە دژی داعش، بۆ ڕزگارکردنی شنگاڵ و شنگاڵییەکان. خۆ ئەگەر چەکدارانی پەکەکە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە لە پێناو ڕزگاری ئێزیدییان هاتوون و شەڕی دژی داعشیان کردووە، ئەوە لێرەدا دەڵێین دەستیان خۆش بێت، بەڵام با هەر وەك ئەوەی پارتی و هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری و ڕزگاریی کۆبانی چوون با ئەوانیش ئاوابن، پێویستە چەکدارانی پەکەکەش شنگال و ناوچەکە چۆڵ بکەن تاوەکو دەستی ئاوەدانی بگاتە شنگال و دەوروبەری.

**پەکەکە لەو کاتەی هاتوونەتە باشووری کوردستان، بەتایبەت لەو خاڵ و بازگە نافەرمییانەی لە سنوورەکەدا هەیانە، سەرانە لەو کاسبکار و بازرگانانەی لە ناوچەکەدا هاتوچۆ دەکەن وەردەگرن**



زیا بەتروس:

# دەڤەری بارزان هەر لە کۆنەوە شوێنی پێکەوەژیان بووە و شێخەکانی بارزان بەرگرییان لە هەموو ئایینەکان کردووە

**زیا بەتروس، کەسایەتییەکی سیاسیی کلدانیی سەربەخۆیە و سەرۆکی پێشووی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ بووە و، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە ڕەوشی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پێکهاتە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی بەشداربوونیان لە بڕیاری سیاسی و حکوومی ڕێز لە پێکهاتەکان گیراوە، ئەگەرچی دادگای فیدراڵی بە شێوەیەکی نادەستووری و بە مەرامی سیاسی و تێکدانی پێکەوەژیان لە کوردستان، بڕیاری ناڕەوای داوە، بەڵام ئەم بڕیارە ناعەدالەتییە نابێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ژیانی ئاشتەوایی و یەکتر قبووڵکردن لە هەرێمی کوردستان کاڵ بکەنەوە.**

*** با یەکەم پرسیارمان ئەوە بێت، سەرۆك بارزانی بڕیاری داوە، نابێت بە ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بگوترێت «کەمینە»، ئایا ئەم بۆچوونەی سەرۆك بارزانی لە لای پێکهاتە جیاوازەکان چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟**

- لە کاتێکدا کە دەستەواژەی کەمینەی نەتەوەیی، یان ئایینی بەکار دەهێنرێت لە یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ وجاڕنامەی مافی کەسانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی وئایینی و زمانییەکان، بە مەبەستی پاراستنی مافەکانیان و هەروەها لە پەیمانی نێودەوڵەتیی یەکەم بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان و پەیمانی نێودەوڵەتیی دووەم بۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و لەبەر ئەوەی بە زمانی کوردی وشەی (کەمینە) و بە زمانی عەرەبی (الاقلیة) هەندێك جار و لەلایەن هەندێك کەس، یان لایەنێك وەکو کەمکردنەوە لە شکۆ و پێگەی کەسانی سەر بە نەتەوەکان و ئایینیەکان بەکاری دەهێنن، بۆیە سەرۆك بارزانی بڕیاری داوە، نابێت دەستەواژەی «کەمینە» بەکار بهێنرێت، دەبێت بۆ پاراستنی شکۆمەندی و بەشداربوونیان لە پرۆسەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وەك پێکهاتەکانی دیکە بە «پێکهاتە» ناویان ببەن، چونکە سەرۆك بارزانی پارێزەری مافەکانی گشت پێکهاتەکانی کوردستانە و بە باشی لەبەر چاومانە کە دادگای فیدراڵیی عێراق بەداخەوە کاتێك کۆتای پێکهاتەکانی کوردستانی نەهێشت لە بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە ئەم بڕیارە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە بەگشتی و مافەکانی پێکهاتەکانە بەتایبەتی، بۆیە هەڵوێستی بەرپرسیارانەی وەرگرت، بەوەی کە ئەم بڕیارە ستەمکردنە لە مافی پێکهاتەکان و قبووڵی ناکەن. ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، لای گشت پێکهاتەکانی کوردستان (ئەوانەی کە کۆتایان هەیە) و ئەوانی دیکەش بە شێوەیەك ڕەنگی داوەتەوە، کە هەردەم سەرۆك بارزانی لەگەڵ چەسپاندنی مافەکانی گشت پێکهاتەکانە.

*** یەکێك لە جوانییەکانی هەرێمی کوردستان، لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە، لەمەش زیاتر ئێستا لە هەولێر جیا لەو فرەیی و پێکەوەژیانەی لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان هەیە، دەبینین، شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکەش پەنایان بۆ کوردستان هێناوە، خوێندنەوەتان بۆ ئەوە چییە؟**

- هەرێمی کوردستان ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ناوچەکانی عێراق و دەوروبەری، تاکە شوێنە کە دوورە لە ڕەتکردنەوە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان، ئەمەش هۆیەکی سەرەکییە بۆ ئەم ئارامی و سەقامگیرییە کە لە هەرێمی کوردستان هەیە و بووەتە مایەی سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەر بەهۆی ئەوەش لە هەرێمی کوردستان ئاشتی بەرقەرارە و قبووڵکردن و ڕێزگرتن لە گشت ئایین و نەتەوە جیاوازەکان چەسپاوە.

هەر لە کۆنەوە و لە مێژوودا، کوردستان شوێنی پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزا و نەتەوە جیاوازەکان بووە، ئەوەش بەردەوام دەبێت، چونکە بووەتە سمبولێکی جوان بۆ ناوچەکانی دیکەش، ئەگەر هەندێك جار لە لایەن چەند کەس و لایەنی نەفس نزم هەوڵ دراوە، ئەو پێکەوەژیانەی کوردستان تێك بدەن و ناکۆکی دروست بکەن، بەڵام ئەو هەوڵانە بێسوود بوون.

لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ و بە هاتنی هێزە چەکدارەکانی دەرەوەی هێزی فەرمی لە عێراق، پێکهاتەکان تووشی زۆر کێشە بوون و پەلاماریان داون، سەروەت و سامانیان زەوت کراوە، تا ئێستاش ئەو ستەمکارییە بەردەوامە و بە زۆرەملێ کۆچیان پێ دەکەن، ئەوانیش بە مەبەستی پاراستنی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان، ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، چونکە سەقامگیرە و ئاشتی بەرقەرارە و ڕێزیان لێ دەگیرێت و مافەکانیان پارێزراوە. دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پڕۆژە یاسایەك کە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی کرد، بۆ ئەوەی مافەکانی پێکهاتەکان بە یاسا ڕێك بخرێت و زوڵمیان لێ نەکرێت و، لە گشت چەمکەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان بەشدار بن، کە دەرچوواندنی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ یە و تایبەتە بە پاراستنی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی کوردستان، هەر ئەمە هۆکاری سەرکی بووە، بۆ متمانەی ئەم پێکهاتانە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەر پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان دژی ڕژێمی عێراقی و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان وەکو دەزگایەکی تەشریعی و بونیادنانی حکومەتی هەرێم، هەر لە یەکەم کابینەوە تاوەکو کابینەی نۆیەم، پێکهاتەی تورکمان و کلدان و ئاشووری و سریان، وەکو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە حکومەت و حوکمڕانی بەشدار بوون، لە هەمان کاتدا هەر لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، پێکهاتەی کریستیان کۆتایان هەبووە بە پێنج کورسی و لە خولی دووەمیش هەروەها لە خولی سێیەمیش پێنج کورسی زیاد کرا بۆ پێکهاتەی تورکمان و یەك کورسی بۆ پێکهاتەی ئەرمەن و بەردەوام بووە تاوەکو خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی بەشداربوونیان لە بڕیاری سیاسی و حکوومی ڕێز لە پێکهاتەکان گیراوە، بەڵام بەداخەوە دادگای فیدراڵی بە شێوەیەکی نادەستووری و بە مەرامی سیاسی و تێکدانی پێکەوەژیان لە کوردستان، بڕیاری ناڕەوای داوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بڕیارە ناعەدالەتییە نابێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ژیانی ئاشتەوایی و یەکتر قبووڵکردن لە هەرێمی کوردستان کاڵ بکەنەوە.

*** دەڤەری بارزان بە سەرچاوەی عەقیدە و فیکری بارزان بۆ پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە قەڵەم دەدرێت. باس لەوە دەکرێت شێخانی بارزان بەرگرییان لە کریستیان و جوو و ئەرمەن و نەتەوە و ئایینەکان کردووە. هەر ئەم فیکر و عەقیدەیە زۆر پێداگری لەسەر پاراستنی سیما و ژینگەی کوردستان دەکاتەوە. ئایا تاچەند گرنگە تەرجەمەی ئەم فیکر و عەقیدەیە بکرێت و بپارێزرێت؟**

- بێگومان دەڤەری بارزان و دەوروبەری هەر لە کۆنەوە شوێنی پێکەوەژیان بووە و شێخەکانی بارزان بەرگرییان لە کریستیان و جوو و ئەرمەنی و هەموو ئایینەکان کردووە. تاکو ئێستاش گوندمان هەیە لە بارزان بە ناوی (بێدیال) و لەم شوێنە کەنیسەیەك هەیە بە ناوی (کەنیسەی مارگوگیس) کە خاچێکی بەرز لە پێشی کەنیسەکە دانراوە و لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەم کەنیسە کۆنە وەك خۆی بەجێ مابوو وەکو کەلتوور، بەڵام بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەردی بناغەی دانا بۆ دروستکردنی کەنیسەیەکی نوێ و لە هەمان شوێن و بە هەمان ناو دروست کرا، کە سەرۆك و مەرجەعی کوردستان مسعود بارزانی لە هەموو بۆنە ئایینییەکانی کریستیان و لە جەژنەکان سەردانی کەنیسەی بێدیال دەکات، ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات، کە ئەم پێداگرییە لەم شوێنە پیرۆزەکانی کریستیان لە فیکر و عەقیدی شێخەکانی بارزانە.

لە دەڤەری بارزان (حەوت) مەزاری کریستیان هەیە، تاوەکو ئێستاش شوێنەکانی جوو ماون و مزگەوت و کەنیسە و کنیشتی جوو لە تەنیشتی یەکترن. بۆیە پێویستە ئەم بیروبۆچوونەی شێخەکانی بارزان و سەرۆك مسعود بارزانی کە بە پارێزەری پێکهاتەکان لای خۆمان دایدەنێین، گشتاندنی بۆ بکرێت و

**هەرێمی کوردستان ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ناوچەکانی عێراق و دەوروبەری، تاکە شوێنە کە دوورە لە ڕەتکردنەوە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان**

**ئەگەر هەندێك جار لەلایەن چەند کەس و لایەنی نەفس نزم هەوڵ دراوە، ئەو پێکەوەژیانەی کوردستان تێك بدەن و ناکۆکی دروست بکەن، بەڵام ئەو هەوڵانە بێسوود بوون**

**بە هاتنی هێزە چەکدارەکانی دەرەوەی هێزی فەرمی لە عێراق، پێکهاتەکان تووشی زۆر کێشە بوون و پەلاماریان داون، سەروەت و سامانیان زەوت کراوە، تا ئێستاش ئەو ستەمکارییە بەردەوامە**

لە گشت شار و شارۆچکەکانی کوردستان کە برایانی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە پێکەوە دەژین و هەروەها برایانی موسڵمان لەگەڵ ئایین و ئایینزاکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان ئەم کەلتوورە بپارێزن و ئەم پێکەوەژیانە بەهێزتر بکرێت، چونکە هەرێمی کوردستان بەوە ناسراوە کە سیمای یەکترقبووڵکردنە و شوێنی پێکەوە ژیانە و سەقامگیرە و هەموو خەڵك بە ئاشتی دەژین.

*** لایەنێکی دیکەی جوان کە لە هەولێر هەستی پێدەکەین، پاراستنی سیما و دیموگرافیای ئەو ناوچانەیە کە پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانی تێدا دەژین، بۆ نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە ناوچەکانیان زیاتر فراوان بکرێت، ئەوەتا عەنکاوە، پێشتر تەنیا ناحییەك بوو لەناو هەولێر و ئێستا کراوە بە قەزا. ئایا پاراستنی سیما و دیموگرافیای ناوچەی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان چۆن سەیر دەکرێت؟**

-حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بایەخی داوە بە پاراستنی سیما و دیموگرافیای ناوچەکانی پێکهاتەکان، بۆ ئەوەی دیموگرافی و ڕێژەی دانیشتووانی پێکهاتەکان گۆڕانکارییان تێدا ڕوو نەدات. زیاتر لەوەش بایەخێکی گرنگی داوە بۆ ئەوەی سیمای خۆیان پارێزراو بێت و هەست بە بوونی خۆیان بکەن. ئەگەر شاری هەولێر بە نموونە وەربگرین، دەبینین لە سایەی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم، شارۆچکەی عەنکاوە کرا بە قەزا، بۆ ئەوەی فراوانتر بکرێت، لە ڕووی کارگێڕی وئیداری سەربەخۆی خۆی هەبێت و نۆژەنکردنی ڕێگاوبان و دامەزراندنی چەند دەزگایەکی تایبەت بۆ خەڵکی عەنکاوە دەستەبەر بکەن.

سەرۆك بارزانی چەندین بڕیاری داوە بۆ پاراستنی شکۆی پێکهاتە ئایینییەکان و بەشداریکردنیان لە دامودەزگای حکوومی، بەتایبەتی لە وەزارەتی ئەوقاف، کاتێك کە ناوی وەزارەتەکە (وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی) بوو، بەڵام بوو بە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت، کە هەموو ئایینەکان لەم وەزارەتە جێگایان هەبێت. هەر بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ئایینی مەسیحی و ئێزیدی دامەزران، هەروەها نوێنەری گشت ئایینەکان لەم وەزارەتە دانران، وەکو ئایینی زەردەشتی و کاکەیی و جوو، هەروەها بۆ بەهاییەکان کە لە حکومەتی فیدراڵی قەدەغە کراوە، بەڵام لە کوردستان بە ئازادانە ئایینی خۆیان پەیڕەو دەکەن، هەروەها ڕێکخستنی خوتبەی ڕۆژی هەینی ڕێك خرا بۆ گشت مامۆستایانی مزگەوتەکان، کە دوور بێت لە وتاری ڕق و کینە و بەپێچەوانە باسی پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردن بکرێت.

*** هەر لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر، باس لەوە دەکەن، لە قەزای شەقڵاوە مەزارگایەك هەیە، هەم موسڵمانەکان بە مەزارگەی خۆیانی دەزانن و هەمیش کریستیانەکان، هەردوولایان وەك مەزارگەیەکی پیرۆز سەردانی دەکەن. ئەم کەلتوورە هاوبەشە لە نێوان موسڵمانان و کریستیانەکان چۆن دروست بووە؟**

- هەر لە کۆنەوە مێژووی کوردستان پێمان دەڵێت، موسڵمان و کریستیان لە زۆر شوێن لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیان هەبووە و تا ئێستا هەر بەردەوامە وبەردەوامیش دەبێت. لە بزووتنەوی ڕزگاریخوازی کوردستان پێکەوە بەشدارییان کردووە، بەتایبەتی لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان پێکەوە خەباتیان کردووە و قوربانییان داوە بۆ ئایندەی کوردستان، لە تاوانی ئەنفالیش هەر پێکەوە گوندەکانیان ڕووخان و ئەنفال کراون و لە پێشمەرگایەتی پێکەوە خەباتیان کردووە و لە ڕاپەرینە مەزنەکەش پێکەوە بوون بۆ ئازادکردنی کوردستان.

بەڵێ، لە شەقڵاوە ئەم مەزارە لای کریستیان بە ناوی (ڕەبەن بویا ) ناسراوە و شوێنەکەی لە ناوەڕاستی چیای سەفینە، لە هەمان کاتدا لای برایانی موسڵمان بە ( شێخ ئسو ڕەحمان) ناسراوە و لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا کریستیان و موسڵمان زیارەتی دەکەن و لای هەردووکیان بە شوێنێکی پیرۆز دانراوە و هیچ کێشەیەکیان نیە. هەروەها گۆڕستانێك هەیە لە شەقڵاوە بە ناوی (گۆڕستانی زەیتوونە) و لەم گۆڕستانە مردووەکانی کریستیان و موسڵمان پێکەوە نێژراون. لە شارۆچکەی کۆیەش مەزاری (مەربێنە قەدیشە)هەیە، کە کریستیان و برایانی موسڵمانیش ئەم مەزارە بە شوێنی پیرۆزی خۆیان دادەنێن و زیارەتی دەکەن.

**هەر لە یەکەم کابینەوە تاوەکو کابینەی نۆیەم، پێکهاتەی تورکمان و کلدان و ئاشووری و سریان، وەکو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە حکومەت و حوکمڕانی بەشدار بوون**

**دادگای فیدراڵی بە شێوەیەکی نادەستووری و بە مەرامی سیاسی و تێکدانی پێکەوەژیان لە کوردستان، بڕیاری ناڕەوای داوە**

**لە دەڤەری بارزان (حەوت) مەزاری کریستیان هەیە، تاوەکو ئێستاش شوێنەکانی جوو ماون و مزگەوت و کەنیسە و کنیشتی جوو لە تەنیشتی یەکترن**



# لە ساڵیادی ڕۆژی جیهانیی تالاسیمیا هۆشداریی زیادبوونی ڕێژەی تووشبووان دەدرێت

**پێویستە پشکنینی خوێن بۆ هەموو ئەوانە بکرێت کە تەمەنیان لە نێوان ١٥-١٩ ساڵیدایە و ئەنجامی پشکنینەکانیش ڕەوانەی داتابەیسێکی نیشتمانی بکرێت»**



**ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ڕۆژی ٨ی مانگی ئایاری بە ڕۆژی جیهانی تالاسیمیا دیاری کردووە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا چەندین هەڵمەتی خوێنبەخشین و کەمپینی هۆشیاری لە بارەی نەخۆشییەکە ڕادەگەیەندرێت. تالاسیمیا باوترین نەخۆشیی بۆماوەییە کە لە باوانەوە بۆ منداڵان، لە ڕێگەی جینەکانەوە دەگوازرێتەوە. پسپۆڕانی بواری نەخۆشییەکانی خوێن، هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم نەخۆشییە دەتوانرێت لە ڕێگەی گواستنەوەی بەردەوامی خوێن بۆ کەسانی تووشبوو کۆنترۆڵ بکرێت و لە دەرهاوێشتەکان بەدوور بن، هەروەها چاندنی موخ، ڕێگەچارەی سەرەکییە کە نەخۆشییەکە بە یەکجاری بنبڕ دەکات. لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٤٠٠٠ توشبووی تالاسیمیا هەن، کە لە بانکی خوێن مانگانە خوێنیان بۆ دابین دەکرێت، بەپێی ئامارەکانیش ڕێژەکە لە هەڵکشاندایە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە گرنگە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەپێی ڕاگەیاندراوێکی فەرمانگەی میدیای و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە سۆنگەی بەرپرسیاریەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرانبەر بە دۆخی تەندروستیی تووشبووانی تالاسیمیا و ڕەچاوکردنی دۆخی دارایی خانەوادەکانیان، لەسەر ڕاسپاردەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجامدانی سەرجەم پشکنین و وەرگرتنی چارەسەرییە پزیشکییەکانی تووشبووانی تالاسیمیا لە تەواوی نەخۆشخانە حکوومییەکان، سەنتەرەکانی دڵ و تیشک لە هەرێمی کوردستان، بێ بەرانبەر ئەنجام دەدرێن.

لە جیهاندا زیاتر لە ٢٨٠ ملیۆن کەسی تووشبوو بە تالاسیمیا هەن، زۆرینەیان دەکەونە وڵاتە دواکەوتوو و تازەپێشکەوتووەکان، هیندستان ڕیزبەندی پێشەوەی گرتووە، ٤٢ ملیۆن تووشبووی تالاسیمیا لەو وڵاتە هەن، وڵاتانی باشووری ئاسیا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقاش زۆرترین تووشبوویان هەیە.

ساجیدە عەلی دایکی دوو تووشبووی تالاسیمیایە، ئەویش وەك یەکێك لەو هەزاران کەسەی کە لە نزیکەوە بە ئاریشە و کێشەکانی ئەو نەخۆشییە ئاشنان، داوا لە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار دەکات، «بایەخی زیاتر بە تووشبووانی تالاسیما بدەن» و سەبارەت بە منداڵەکانی خۆیشی دەڵێت: «هیوادارم حکومەت و هەموو خێرخوازان ئاسانکاری بۆ تووشبووانی تالاسیما بکەن، بۆ ئەوەی لەو ئازارە بەردەوامە ڕزگاریان بێت، ئەویش بە ناردنە دەرەوەیان بۆ چاندنی مۆخ کە تاکە چارەسەری یەکجارییە».

گوتیشی: «دوو کوڕەکەم تەمەنیان سەرووی ١٥ ساڵییە، زۆر هەوڵمان دا، ناونووسییان بکەن بۆ چوونیان بۆ هندستان، بەڵام گوتیان تەمەنیان گەورەیە و ئەگەری سەرکەوتنی نەشتەرگەرییان کەمە. ئەوان لە ئێستادا زۆر بێزارن و نائومێد بوون لە چاندنەوەی مۆخ بۆیان، بەداخەوە تووشبووانی تالاسیما جگە لە خوێن و دەرمان، زۆر نیازیان بە مامۆستا و پزیشکی دەروونناس و توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە لە بارودۆخێکی زۆر هەستیار دەژین».

د. محەمەد دەروێش پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێنی کلینك/ لە سەنتەری تالاسیمیای هەولێر، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «نەخۆشیی تالاسیمیا باوترینی نەخۆشییە بۆماوەییەکانە لە سەرانسەری جیهاندا و، تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی دەریای ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هیندستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. وڵاتی عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئا هاوکات دەستێکی بەرزی نەخۆشانی تالاسیمیا لەخۆ دەگرێت، ئاماژەکانیش وا دەردەخەن، ڕێژەکەیان لە هەڵکشاندایە».

هاوکات جۆرەکانی ئەو نەخۆشییە بەمجۆرە دەستنیشان دەکات و دەڵێت: «لە ڕووی ئاکامەکانەوە، تالاسیمیا دەبێتە سێ جۆری سەرەکی:

١. هەڵگری تالاسیمیا، ئەم جۆرەیان هەڵگری سیفەتی نەخۆشییەکەیە، بەڵام هیچ کێشەیەکیان نییە واتە کەم خوێن نین.

٢. تالاسیمیای ناوەند، ئەمەیان جۆرێکە لە تووشبووان

کە پێویستیان بە خوێن دەبێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر لە تالاسیمیای گەورە.
٣. تالاسیمیای گەورە، ئەمەیان جۆری سەرەکیی توشبووانن، کە نەخۆش بە درێژایی تەمەنی پێویستی بە خوێن دەبێت.»

سەبارەت بە چارەسەریش دەڵێت: «تاکە چارەسەری هەنووکەیی کە بەردەستە بۆ نەخۆشانی تالاسیمیا، پەیوەستە بە گواستنەوەی خوێن بە درێژایی تەمەن و لابردنی ئاسنی زۆرە لە سووڕی خوێندا، کە ئەمە فشارێکی گەورە دروست لە سەر بانکەکانی خوێن دەکات، زۆر جاریش دەبێتە هۆی قەیرانی نەبوونی بڕی پێویستی خوێن. جگە لەمە دەبێتە بارگرانییەکی گەورەی ئابووری لەسەر حکومەتەکان. هەروەها دابینکردنی دەرمانی پێویست بۆ ئەم چینە بارگرانییەکی دیکەیە بۆ سەرشانی دەوڵەتەکان. تاکە ڕێگایەکیش کە حکومەت بیگرێتە بەر بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەم نەخۆشییە، ئەوەیە کە هۆکارە سەرەکییەکە بنبڕ بکات».

ئەو پزیشکە پسپۆڕە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هاوسەرگیریی نێوان دوو هەڵگر، تاکە هۆکارە بۆ نەخۆشیی تالاسیمیا، کۆنترۆڵکردنی ئەم نەخۆشییەش، پێویستی بە هەماهەنگی لە نێوان سێکتەرە جیاوازەکانی حکومەتدا هەیە، کە گرینکترینیان کەرتی پەروەردە، خوێندنی باڵا، تەندروستی، دادگا، ئەوقاف، ڕوشنبیری و ڕاگەیاندنە، کە بە دارشتنی ماستەرپلانێکی تۆکمە، لە ڕێی پرۆژەیەکی نیشتمانیی گەورەدا کە هەموو سێکتەرە ئاماژەپێکراوەکان، دەتوانێت بۆ بنیادنانی خێزانێکی تەندروست و کۆمەڵگەیەکی بێ تالاسیمیا، هاوبەش بکات.

ئەم پرۆژەیە فرەڕەهەندە و لە چەند ئاستێکەوە کاری لەسەر دەکرێت. لەسەر ئاستی باڵا کە بڕیاربەدەستەکان دەگرێتەوە، تاکوو تاکێکی سادەی ئەم کۆمەڵگەیە لە هەر سووچێکی ئەم وڵاتەدا بێت، کە لە چەند قۆناغ پێکدێت:

قۆناغی یەکەم:

ناساندنی ئەم نەخۆشییە بە کاربەدەستان و یاسادانەرەکان، بۆ زیاتر ئاشنابوونیان بە گرنگیی ئەم بابەتە و پتەوکردنی پەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەم چینەی کۆمەڵگەدا و ڕوونکردنەوەی دەرهاوێشتە ئەرێنییەکانی ئەم پرۆژەیە کە دەبێتە هۆکارێك بۆ پاراستنی سامانی مرۆیی و ئابووریی وڵاتەکەمان. پێشبینی دەکرێت کە دەرئەنجامی ئەم قۆناغە دارشتنی چەند یاسایەك بێت، بۆ ڕێگەگرتنی بنچینەیی لەم نەخۆشییە هاوشێوەیی وڵاتانی دراوسێ و ئەورووپی کە بەمجۆرەن:

١. دارشتنی چەند یاسایەك بۆ ڕێگەگردن لە هاوسەرگیریی نێوان دوو هەڵگردا لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان.
٢. چالاککردنی یاساکان کە جەخت لەسەر مارەنەبڕینی هاوسەرەکان دەکات، لەلایەن مامۆستا ئایینییەکان بە بێ بەڵگەی پزیشکیی سەلمێندراو.
٣. سازدانی چەندین کۆڕ و سیمینار بۆ دادوەرە بەڕێزەکان بۆ ئاشنابوونی زیاتریان بەم نەخۆشییە.

قۆناغی دووەم:

ناساندنی ئەم نەخۆشییە بە کۆمەڵگە، ئەمەش بە چەند ڕێگایەك دەکرێت:

١. پەروەردە:

هەڵبەتە لە بواری پەروەردەدا دەکرێت، زۆر چالاکی و ڕێکاری مەعریفی بۆ پێناسەکردنی ئەم نەخۆشییە بە جگەرگۆشەکانمان ئەنجام بدرێت و بەرژاوڕوونییان پێ بدرێت، بۆ گرینگیی ئەم بابەتە، ئەویش بە:

- زیادکردنی بابەتی تالاسیمیا لە پرۆگرامەکانی خویندنی قوتابیان لە بابەتەکانی زانست، ئایین، بەها کۆمەڵایەتییەکان و دەروونناسی. ئەویش بە دارشتنی پرۆگرامێکی زانستیی تۆکمە و پتەو و بە هەماهەنگی لەگەڵ لێژنە پسپۆڕییەکانی وەزارەتی پەروەردە.
- کردنەوەی چەند خولی دەروونناسیی تایبەت بۆ مامۆستایانی ماندوویی نەناس، سەبارەت بە ئاشنابوونیان بە چۆنیەتیی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو قوتابییانەی کە تووشی تالاسیمیا بوون.
- سازدانی چەندین کۆڕ و سیمینار بۆ دایك و باوکانی بەڕێز لە ڕێی چالاکییەکانی قوتابخانەکانەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هووشیارییان و هاندانی ئەو خێزانانەی کە تووشبووی تالاسیمیایان هەیە، بۆ بەردەوامبوونی جگەرگۆشەکانیان لە خوێندن.
- هاندانی قوتابیانی تووشبوو بۆ پێشاندانی بەهرە و کارامەییەکانیان لە ڕێی چالاکییەکانی قوتابخانە و ناساندنیان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان.
- بە سوودوەرگرتن لە لێژنە پەروەردەییەکان، ئامادەکردنی نامیلکەیەکی تایبەت بە تالاسیمیا. دەکرێت ئەم نامیلکەیە بە چەند ئاست بنووسرێتەوە. ئاستی سەرەتایی؛ کە کورتەباسێکی پوخت بە زمانێکی سادە و ساکار دەربارەی تالاسیمیا بنووسرێت. ئاستی مامناوەند؛ لەم ئاستەدا دەکرێت چەند شتێکی زیاتر باس بکرێت لە ڕووی پێکهاتە و گواستنەوەی نەخۆشییەکە. ئاستی پێشکەوتوو؛ کە ئەمە دەکرێت، بکرێتە سەرچاوەیەکی زانستی و پتەو بۆ ناوەندەکانی خوێندن.
- هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ

**لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٤٠٠٠ توشبووی تالاسیمیا هەن، کە لە بانکی خوێن مانگانە خوێنیان بۆ دابین دەکرێت**

**هیوادارم حکومەت و هەموو خێرخوازان ئاسانکاری بۆ تووشبووانی تالاسیما بکەن، بۆ ئەوەی لەو ئازارە بەردەوامە ڕزگاریان بێت**

**تووشبووانی تالاسیما جگە لە خوێن و دەرمان، زۆر نیازیان بە مامۆستا و پزیشکی دەروونناس و توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە لە بارودۆخێکی زۆر هەستیار دەژین**

**وڵاتی عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئا هاوکات دەستێکی بەرزی نەخۆشانی تالاسیمیا لەخۆ دەگرێت**

سوودوەرگرتن لە کەناڵەکانی پەروەردەیی لۆکالی و نیشتمانی، ئەویش بە ڕەخساندنی بەرنامەیەکی تایبەت بە نەخۆشیی تالاسیمیا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی تاکەکان لەبارەی ئەم نەخۆشییە و چۆنیەتیی ڕێگەگرتن لە زۆربوونی حاڵەتەکان لە ناو کۆمەڵگەدا.

٢. وەزارەتی ڕۆشنبیری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:
دەکرێت وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەشدارییەکی چالاکی هەبێت بە ناساندنی نەخۆشیی تالاسیمیا لە ڕێگای چەند میکانیزمێکەوە:

- ناساندنی ئەم چینە لە فیستیڤاڵ هونەری و هەرەوەزییەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، ئەویش بە بەشدارپێکردنیان لەم چالاکییانەدا بە سوودوەرگرتن لە بەهرەکانیان.
- بەکارهێنانی سەرچاوەکانی میدیایی (بینراو، بیستراو و نووسراو)ی وەزارەت بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە.
- هاندانی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن (ئاسمانی و لۆکالی) بۆ بەشداریکردنیان لەم پرۆژەیە لە ڕێگەی ڕێکلامەکان، کورتە ڤیدیۆکان، تەرخانکردنی بەرنامەی تایبەت، سپۆنسەرکردنی کاروچالاکییەکانی ئەم پرۆژەیە و هاندانیان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ پاڵپشتیکردنی سەنتەرەکانی تالاسیمیا.
- بە کارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناساندنی ئەم نەخۆشییە و سپۆنسەرکردنی پەیجەکان بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە بە زۆرترین بینەر و خوێنەر.

٣. وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتیی زانایانی کوردستان:
نکۆڵی لەوە ناکرێت، مامۆستایانی ئایینی هەر لە سەرەتای پرۆژەکەوە بەشداربوون لەم هەڵمەتە نیشتمانییەدا، بەڵام جەخت لەسەر چەند خاڵێك دەکرێتەوە، ئەوانیش:

- چالاککردنەوەی ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە گەیاندنی ئەم پەیامە لە ڕێی مەنبەرەکانەوە.
- مارەنەبڕینی هاوسەرگیرییە تازەکان بە بێ بەڵگەنامەی پزیشکیی سەلمێندراو.
- بەردەوامبوون لە سازدانی خول و کۆڕ و سیمینارەکان بۆ مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی لە هەر شوێنێك بێت.

٤. وەزارەتی خوێندنی باڵا:
ڕۆڵێکی هەستیاری دەبێت لەم پرۆژەیە لە ڕێگەی:

- دەکرێت تالاسیمیا وەك بابەتێکی کۆمەڵایەتی و زانستی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی زانکۆ باس بکرێت.
- سازدانی کۆڕ و سیمینار و مێزگرد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و زانستیی خوێندکاران لە قۆناغە جیاکانی زانکۆ.
- کردنەوەی خولی زانستی و دەروونناسی بۆ مامۆستایانی زانکۆ بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردنیان لەگەڵ خوێندکارە تووشبووەکان.
- جەختکردنەوە لە ئەنجامدانی پشکنینی تایبەت بە تالاسیمیا پێش هەنگاونان بۆ ناو پرۆسەی هاوسەرگیری.

قۆناغی سێیەم:
وەزارەتی تەندروستی لەم قۆناغەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەڵام لە سەرەتادا دەبێت، لێژنەیەکی تایبەت ڕابسپێرێت بۆ دانان و دارشتنی ڕێنماییە تایبەتەکان بۆ ئەو میکانزمانەی باس دەکرێت لە خوارەوە:

١. گەڕان بە دوای هەڵگرەکان: ئەمەیان دەکرێت لە سەر چەند ئاستێکەوە بێت:

- پشکنینی خوێن بکرێت بۆ هەموو ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٥-١٩ ساڵیدایە. ئەنجامی پشکنینەکان ڕەوانەی داتابەیسێکی نیشتمانی بکرێت.
- پشکنینی خوێن بکرێت بۆ هەموو ئەو گەنجانەی کە بەرەو پرۆسەی هاوسەرگیری دەڕۆن.
- پشکنینی خوێن بکرێت بۆ منداڵە تازەلەدایکبووەکان بە مەبەستی ناسینی خێزانە هەڵگرەکان.

٢. پتەوکردنی تاقیگە ناوەندییەکان و کردنیان بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ پشکنینە بۆماوەییەکان.

٣. پاڵپشتیی بەردەوام بۆ سەنتەرەکانی تالاسیمیای هەرێم بە دابینکردنی پشکنینی تایبەت بەم نەخۆشییە (ئەلێکترۆفۆریسیس) و فەراهەمکردنی دەرمانی پێویست بۆ نەخۆشانی تالاسیمیا.

لەلای خۆیەوە سروە عەلی جەباری بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان لقی هەولێر، سەبارەت بەدۆخی تووشبووانی تالاسیمیا دەڵێت: «لەئیستادا لە ڕووی وەرگرتنی خوێن باشین، بەڵام لەڕووی دەرمان و پێداویستیی خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی پێویستدا نین، ناو بەناو هەندێك لە دەرمانەکانمان لە نەخۆشخانە نامێنن، وەك حەبی کلفەر و سکلفینی بۆ دەرزی لێدانی دیسفیراڵ و چەندین لە دەرمانی تر وەك ڤیتامینەکان هیوادارم لایەنی پەیوەندیدار بە جدی بە دەنگ تووشبووانمانەوە بێن».


بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیا سەبارەت بەوەی کە بۆچی نەتوانراوە ڕێژەکە کۆنترۆڵ بکرێت و لە زیاد بووندایە؟ دەڵێت: » بەڕای من یەکێك لە هۆکارەکان سستی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانە، هەروەها مامۆستایانی ئایینی و دادگاکان کە دوو هەڵگر لە هاوسەرگیریدا بەیەك دەبەستنەوە، تەنانەت نەتوانراوە وەکو پێویست هۆشیاریی تاك و کۆمەڵگە زیاتر بلاوبکرێتەوە بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان بەتایبەت (تالاسیما).

**تاکە ڕێگایەک کە حکومەت بیگرێتە بەر بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەم نەخۆشییە، ئەوەیە کە هۆکارە سەرەکییەکە بنبڕ بکات**

**هاوسەرگیریی نێوان دوو هەڵگر، تاکە هۆکارە بۆ نەخۆشیی تالاسیمیا، کۆنترۆڵکردنی ئەم نەخۆشییەش، پێویستی بە هەماهەنگی لە نێوان سێکتەرە جیاوازەکانی حکومەتدا هەیە**

**لە بواری پەروەردەدا دەکرێت، زۆر چالاکی و ڕێکاری مەعریفی بۆ پێناسەکردنی ئەم نەخۆشییە بە جگەرگۆشەکانمان ئەنجام بدرێت**

**پێویستە بابەتی تالاسیمیا لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابیان لە بابەتەکانی زانست، ئایین، بەها کۆمەڵایەتییەکان و دەروونناسی زیاد بکرێت**



# پەیام عەزیزی لەگەڵ گرووپی هەزار دەف لە فیستیڤاڵی مۆسیقای دێرینی کوردستان کۆنسێرتێک پێشکەش دەکات

گۆرانیبێژی کورد (پەیام عەزیزی) بە هاوبەشی لەگەڵ گرووپی (هەزار دەف)، گرووپی (نەوای ڕەحمەت) و گرووپی (شاهۆی داڵاهۆ) لە دووەمین خولی فیستیڤاڵی مۆسیقای دێرینی کوردستان، لە گوندی مێژوویی و گەشتیاریی پاڵەنگانی کامیاران، کۆنسێرتێك سازدەکات





پەیام عەزیزی هونەرمەندی گۆرانیبێژی مۆسیقای عیرفانی، لە دووەمین خولی فیستیڤاڵی مۆسیقای کەونارای کوردستان، لە ڕۆژی هەینی ٣١ی مانگی خاکەلێوە/ نیسان ڕێکەوتی ١٩ی ئەپرێڵی ٢٠٢٤ی زایینی لە سێ بەشی جیادا چووە سەر شانۆ و لەم کۆنسێرتە گەورانەدا، بەشێك لە پارچە مۆسیقا و بەستە و گۆرانییە هەرمانەکانی خۆی بە زمانەکانی کوردی (هەردوو شێوەزاری هەورامی و سۆرانی)، فارسی، عەرەبی، تورکی پێشکەش کرد، لەوانە؛ (یا ڕەسولەڵڵا (د.خ)، یا شای مەدینە، ئەڵلا مەدەد، یار دەفەرموێت ئەڵلا، گیانە بەسیەتی، یا ڕەسولەڵڵا (د.خ) لێمان بڕوانە، ئەی خودا لەم ئاگربارانە، یا ڕەسولەڵڵا دەخیل، لەبەیك، تەڵەعە لبەدرو عەلەینا، ئەی گوڵ گیانم گوڵ، مەدەد مەدەد، موسڵمانان، یارم چەندە جوانە، جانێ جانێ، مەگری مەگری، ئاگر کەتییە دڵی من، بۆ هەموو شوێنێك بڕۆم، ساقی وەرە) و.. هتد، هەروەها چەند گۆرانییەکی نوێی کوردی پێشکەش کرد.

لە میانەی دووەمین خولی فیستیڤاڵی مۆسیقای دێرینی کوردستاندا، ئیسماعیل حەمیدی بە پێشکەشکردنی مەقامەکانی ئاهوورایی سیاچەمانە، هەروەها نیما شەفیعی و هونەرمەندانی پارێزگای کوردستان و هونەرمەندانی دیکەی پارێزگا جۆراوجۆرەکانی ئێران، چوونە سەر شانۆ و بەرنامەکانی خۆیان پێشکەش کرد.

دووەمین خولی فیستیڤاڵی مۆسیقای کەونارا و دێرینی کوردستان بە پێشکەشکردنی بەرنامەی گرووپەکانی دەفژەنین لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و بە پاڵپشتیی لێژنەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی هەزار دەفی پاڵەنگان، لە شارستانی کامیاران لە پارێزگای کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمی هەزار دەف، یەکێکە لە جوانترین بۆنە و داب و نەریتەکانی گوندی مێژوویی و گەشتیاریی پاڵەنگان لە کامیاران، کە هەموو ساڵێك بە شکۆمەندیی تایبەت و بە ئامادەبوونی گەشتیارانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، لە پارێزگای کوردستان(سنە) بەڕێوە دەچێت.

دیمەنی مێژوویی گوندەکە و پێکهاتەی پاك و دەستلێنەدراوی پلیکانیی بیناکانی ئەم ئاواییە، وای کردووە (پاڵەنگان) ببێتە یەکێك لە شوێنەکانی گەشتیاریی میراتی جیهانیی هەورامان و لایەنە سەرنجڕاکێشە مێژوویی و سرووشتییەکانی ئەم گوندە، وەك لانکەی زانایان و ناوداران و شانەیەکی مێژوو لە سەر ئاستی ناوچەکەدا، کەموێنە و ناوازەیە و لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەم بۆنە و ڕێوڕەسمە تایبەتانەدا، هەنگاوێکی گرنگی دیکە بە ئامانجی تۆمارکردنی پێوانەیەکی جیهانیی ئەم گوندە دەگیرێتە بەر.





# لە نیوان حەیران و لاوک، حەیراوک فۆرمێکی تازەو داهێنانێکی نوێی قادر ئەسعەد

سالْی ٢٠٢١ هونەرمەندی دیاری کورد قادر ئەسعەد، بەرهەمێکی ناوازەی لاوك و حەیرانی بە ناوی (تەیراوە) بڵاو کردەوە، کە ماوەکەی ٤٧ خولەك و ٢٢ چرکە بوو، ئەمەش بە درێژترین لاوك و حەیران دادەنرێت.

ئـەم سـاڵیش لـە مەراسـیمێكدا بەشـی دووەمـی (تەیـراوە)ی بـڵاو كـردەوە، لـە سـاڵی ٢٠٢١ـەوە هونەرمەنـد قـادر ئەسـعەد سـەرقاڵی نووسـینەوەی حەیرانـە بـە فـۆڕم و دقێكـی نـوێ، سـەبارەت بـەم بەرهەمـە نوێیـەی هونەرمەنـد قـادر ئەسعەد، گوڵان ڕاو بۆچوونـی چەنـد كەسـێكی دانیشـتووی تەیراوەی وەرگـرت، كـە لـە ڕووداوە خـۆش و ناخۆشـەكانی ئـەم گەڕەكـەدا ژیـاون و لـە بەرهەمەكـەدا بـاس لـە خۆیـان و خانەوادەكانیـان كـراوە.

ئەسعەد عـەدۆ: لـە بەشـی یەكەمـی ئـەو تۆمـارەدا گـوێ بیسـت بـووم، بـەڵام ئـاگاداری وردەكاریـەكان نەبـوم، دواتـر كاكـە قـادر ئەسـعەدی هونەرمەنـد پەیوەنـدی پێـوە كـردم و باسـی ئـەو بابەتەمـان كـرد، هەسـتم كـرد وەك وەفایـەك بـۆ زێدی خـۆی (تەیـراوە) دەیەوێت كارێكـی هونـەری بـكات لـەوەی بەشـی یەكـەم باشـتر یـان پـڕ زانیاریتربێـت.

دانیشـتنێك و چەنـد تلیفۆنێك لـە نێوانمانـدا دروسـت بـوو، لـە ڕوانگـەی تەمەنـەوە دوور نییـە مـن پـڕ زانیاریتـر بـم، بەتایبـەت بـۆ قۆناغـی شەسـتەكان كـە بـە ئیتیفاقییـەی حوزەیرانـی سـاڵ ١٩٦٦ ناسـراوە، ئـەوكات ئاهەنگـی تەیراوەییـەكان كـە هـەردەم كانـگای كوردایەتـی بـوون، لـە شـوێنی ئێسـتا و دەوروبـەری مزگەوتـی (حەیـدەر ئاغـا) ساز دەكرا، لـەو ئاهەنگگێڕان و شـیعرخوێندنەوەدا كـە (فەوزیـە سـدیق- دایكـی نسـكۆی)خێزانم ناسـراوترین قوتابـی بـوو، بـە شـیعرخوێندنەوەی ڕۆژانـە حەماسـی بەشـداریی دەكـرد .

هەروەهـا قۆناغـی ڕێككەوتنـی ١١ ئـاداری ١٩٧٠ لـەو چەنـدان كۆڵانـەی تەیـراوە لـە نزیـك چایخانـەی فـاروق بەدرێژایـی شـەقامی تەیـراوە، كـە دوو چایخانـەی بەنێوبانگـی تێدابـوو (تاهیـر چایچـی و مـەلا یاسـین). تەیـراوە بەگشـتی و ئـەو شـوێنانە بەتایبـەت مەڵبەنـد و كـوورەی كوردایەتـی بـوو، نـەك تەنیا گەڕەكـی ئێمـە بەڵكو هەمـوو گەڕەكێك مێـژووی خـۆی هەیـە و شـانازیی پێـوە دەكات، بـەڵام ڕێككەوتـەی كۆمەڵایەتیـی خەڵكـی تەیـراوە كـە زۆرینـەوەی (وەرزشـوان، هونەرمەنـدان، شـاعیران و ئەدیبـان)ی شـاری هەولێـر لـە تەیـراوە دەژیـان، كـە لەوكاتـەوە تـا ئێسـتاش شـانازین، بـە نموونـە: عەبدوڵـڵا پەشـێوی شـاعیر، سـەعدوڵڵا پـەرۆش، جەوهـەر كرمانـج، جەمیـل ڕەنجبـەر، هێرش مەجید، ماڵـی گیـوی موكریانـی، زاهیـر عەبدوڵڵا، ئەحمەد جەمیـل، بەهـرام جەمیـل، حەسـەن حوسـێن خۆشـناو، كەریـم دیـار، مەهـدی خۆشـناو و چەندانـی دیكـەش.

هەروەهـا شـاییكەران و سـەرچۆپیگرانی تەیـراوە تـا ئێسـتا شـوێن پەنجەیـان دیـارە، یـان ئـەو خەڵكانـەی خۆمـان كـە لـە پیشـەی هەمەجـۆر شـوێن پەنجەیـان دیـارە، لەبەرهەنـدێ كاك قـادر ئەسعەد هەوڵـی داوە بە پەخشـانە حەیـران و بەنـدەلاوكان لەسـەر ئاوازێكـی خـۆش مێـژووی كۆمەڵایەتیـی گەڕەكـی تەیـراوە بنووسـێتەوە، هەرچەنـدە شـێوەی مێژوونووسـینەوە تـا ئێسـتا لـە دووتـۆی كتێبانـدا بـووە، بـەڵام كاكـی هونەرمەنـد هەوڵـی داوە بـەم شـێوەیە ئەسـپی خـۆی لـەو مەیدانـەدا تـاو بـدات.

جێـی وەبیرهێنانەوەیـە جگـە لـە بەنـدە، برادەرانـی دیكـەش بـۆ تۆماركردنـی ئـەو تۆمـارە بوونەتـە سـەرچاوە بـۆ هونەرمەنـد، لەوەیـش دڵنیـام هەمـوو بەرهەمێـك بـێ كەموكـووڕی نابێـت، بـەڵام ئـەوەی



كـراوە مەیدانێكـی نوێیـە و پێویسـتە هاندەربیـن، ئەگـەر هەڵـە نەبـم میللەتـی فینلەنـدا لـە ڕێگـەی داسـتانەكانی خۆیانـەوە لـە سـاڵی ١٨٣٦ مێـژووی خۆیـان تۆماركردووەتـەوە، بۆیـە منیـش لـە دەرگای قوتابخانـەی سـەرزارەكیی مێژووییـەوە هەوڵمـداوە ڕكێف لـە سـەگڵاوی خـۆم بدەم، بەتایبـەت لەسـەر ئـەو لاوكانـە، بەتایبـەت لاوكـی شەڕوشـۆڕ بـۆ نموونـە (نەواخـا برایـم پاشـا) كـە بـاس لـە دوا چارەگـی سـەدەی حەڤدەی ناوچەكەمـان دەكات و (لۆنگرێك) مێژوو نووسـی ئینگلیز لە كتێبەكەیدا (اربعـه قـرون فـی تأریـخ العـراق الحدیـث) كـە جەعفـەر ئەلخەیـات كردوویەتـی بـە عەرەبـی، سـەربردەیەكی لێكچـووی داعشـی ئـەم زەمەنەیـە.

هونەرمەنـدی شـێوەكار قەرەنـی جەمیـل: هونەرمەنـدی دەنگخـۆش قـادر ئەسـعەد خـاوەن

ئەزموونێکی قووڵی گۆرانی و مێلۆدییای حەیران و لاوکی ڕەسەنی کوردییە، ئەو هەمیشە لە گۆرانییەکانیدا بەتایبەتی حەیران و لاوك، شوێن و زەمەن زۆر هەن، کە کەشوهەوای بیرەوەری و نۆستالژیا بە ئاوازەکانی دەبەخشێت، بە شێوەییێك گوێگر دەخاتە نێو چێژێکی قووڵی دەنگ و ئاوازەکەی. قادر ئەسعەد لەم کارانەی ئێستای حەیراندا، هاتووە بە جۆرێك پڕ لە سۆز و ئینسانی باس لەو گەڕەکەی تەیراوە دەکات کە خۆی و سەدان هونەرمەند و نووسەر و شاعیر و سیاسەتمەدار و پێشمەرگەی قارەمانی لێ بووە و پەروەردە کراوە، وەك پانۆرامایەکی مۆسیقی بە ئاوازێکی زۆر جوان دایڕشتوە و نەمریی بەخشیوە بەم گەڕەکە، هونەرمەندێکە جێگای شانازی تەیراوە و هەموو کوردستانە.

نووسەری و شاعیر عەبدولڕەحمان فەرهادی: دەسخۆشی لە برای هونەرمەند قادر ئەسعەد دەکەم کە بە شێواز و نووسینی خۆی حەیرانەکانی هونەرکارانە داڕشتووە و، بە (سی دی) پێشکەشی کردین. ئەو لە تەیراوە ژیاوە کە لە کۆنەوە گەڕەکێکی گەورەی هەولێر بووە و بەردەوامیش زێد و لانکەی کوردایەتی و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، کاك قادر هاتووە ناوی هەموو تێکۆشەرانی ئەوێی لە دەقەکەیدا خستووەتە چوارچێوەی چیرۆك و بەسەرهاتی مانادار، من خۆم وەك کارێکی هونەری چێژم لە بەرهەمەکەی بینی، وەلێ نازانم لە ڕووی هونەری حەیرانبێژییەوە لە چ ئاستێکدا بوو! چونکە باشی لێ نازانم، ئەمەش دەبێ پسپۆڕانی حەیران قسەی لەبارەوە بکەن، کە چەندین کەسی بەتوانامان هەن، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ کاك قادر دەخوازم و چاوەڕێی بەرهەمی زیاتری لێ دەکەین.

لوقمان نانەکەلی: نوستالۆژیا و گەڕانەوە بۆ یاد و یادەوەریی کۆن و جاران، بەشێکە لە هزرو بیری مرۆڤ، نەنگی نییە مرۆڤ بە شار و گەڕەك و کۆڵان و گوند و شوێنی لەدایکبوون و سەرەتای چاوکردنەوەی ژیانی خۆیدا هەڵ بڵێ! ئەوەتا نووسەری گەورە (ڕەسوڵ حەمزاتۆڤ) بە ڕۆمان باس لە شار و گەڕەك و کۆڕن و خانووی تایبەتی جێنەزرگەی ژیانی خۆی دەکات و شانازی بە جوانی و چێژی ئەو سەردەمەوە دەکات.



قادر ئەسعەد یەکێکە لەو هونەرمەندە بەتواناییانەی کە سەربردەی گەڕەکێکی کۆنی شاری هەولێری هەرێمی کوردستانی باس کردووە، بە حەیران و بەسەرهات و ناوهێنانی کەسایەتی و کاسبکار و شۆڕشگێڕ و خەباتکارانی سەردەمێ دەکات، کە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لە هەڕەتی مەشخەڵی هەڵگیرساندا بووە و، ئەگەر ئەو شاکارەی هونەرمەند بکرێتە فلیمێکی سینەمایی، بێگومان زۆر نایاب و پێشەنگ دەردەچێێت.

هەرچەند هەر بستێکی نیشتیمان و خاکی کوردستان بێ جیاوازی لای ئێمە خۆشەویستە و قوربانی بۆ دەدەین، بۆیە لە ڕووی کەلتووری و هونەری بەرزەوە ئەو بەرهەمەی هونەرمەند دەنرخیندرێت و داوا دەکەم لە هونەرمەندان ڕوو لەو جۆرە حەیران و لاوکانە بکەن و کەلەپووری نەتەوەیی زیندوو بکەنەوە و برەوی پێ بدەن.

شاراوە نییە ئێمەی نووسەران لەو بوارەدا هاوکاری بووین و لە بەشێکی گەورە لە بیرۆکە و نووسینەکاندا بەشداربووین، بەڵام هونەرمەند توانیویەتی زیاتر ئەو نووسینە زیندوو بکاتەوە و ڕۆحی بە بەردا بکات.

کە گوێ لەو حەیرانەی تەیراوە دەگرین، بەتایبەت دانیشتوانی کۆنی ئەو گەڕەکە، تەزووی یادی ئەو ڕۆژە جوانانەمان بیردێتەوە، و ساتێ دەچینەوە کەونەمەفتەن و دەست لەملانێی کەسایەتی و کەسەکانێك دەکەین کە لە ژیاندا نەماومان، لە یادەوەریەکانمان زیندوو دەبنەوە.

میزاجی کوردەواریمان بەرز دەبێتەوە، وەك ئەوەی گۆرانی شاعیر لە کۆپلە شعرێکدا بە ناوی بۆ فریشتەی مۆسیقا بۆ (دەروێش عەبدوڵڵا)ی دەفژەن و هونەرمەند گوتوویەتی:

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێك چووە، دەروێش عەبدوڵڵا
دەخیلت بم دەسا بەو لاوك و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە !
لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای، وەڵڵا !
دە ئەی دەروێش، سکاڵایەك لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە !...

# لە هونەر دووركەوتەوە بوو بە ملیۆنێر



خانمە ئەكتەری ئەمریكی جێسیكا ئەلبا لە ساڵی ٢٠١٣ یەكەم كتێبی خۆی بە ئامۆژگاری بۆ ژیانێكی تەندروستتر بڵاو كردەوە، كتێبەكە بوو بە یەكێك لە پرفرۆشترین كتێبەكان و ئێستا جێسیكا كار لەسەر بیرەوەرییەكانی دەكات، لە كتێبەكەیدا چەند نهێنییەك ئاشكرا دەكات، كە تا ئەو كات مایەی شۆك بوو بۆ جەماوەر.

جێسیكا لە ژیاننامەی خۆیدا ئاشكرای دەكات كە لە تەمەنی پانزە ساڵیدا ڕفێنراوە، ئەم بابەتەش پێشتر بە ئاشكرا باسی نەكرابوو، ئەو خانمە ئەكتەرە لە ساڵی ١٩٩٦ لە بەشی یەكەمی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بە ناوی (فلیپەر) ڕفێندرا، دوای چوارده كاتژمێر لە ناو سندووقی ئۆتۆمبێلێكدا دۆزرایەوە كە دەست وپێی بەسترابووەوە و چاوی بەسترابوو.

**چیرۆك**

جیسیكا ئاماژە بەوە دەكات كە ئەو ئامادەیە هەموو چیرۆك و بەسەرهاتەكانی ژیانی بگێڕێتەوە، هەر لە سەرەتاوە وەك ئەكتەری منداڵ تا ببێتە بەڕێوەبەری جێبەجێكاری كۆمپانیایەكی ملیار دۆلاری، ئەو ژیانێكی نایابی بەسەر بردووە و چیرۆكێكی گەورەی هەیە بۆ گێڕانەوە.

هەر لە كتێبەكەدا چەد بابەتێكی دیكەیش باس دەكات كە لە ژیانیدا زۆر هەستی پێ نەكراوە، لەوانە گەورەبوونی جێسیكا لە خێزانێكدا كە لە ڕووی ئایینییەوە توندڕەودا بوو، ئەوەش باس دەكات كاتێك تەمەنی بوو بە ٢٠ ساڵ، ئەو خانمە ئەكتەرە یاخی بوو و پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیەكی بەست بە ناوی مایكل وێزەرلی، دوای جیابوونەوەیان دواتر جێسیكا هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشەویستە ڕاستەقینەكەی كرد، كە كاش وارن بووو سێ منداڵی لێی هەبوو بە ناوەكانی ئۆنەر (١٢ ساڵ) و هێڤن (٩ ساڵ) و هایس تەمەن ٢ ساڵ.

كەسە نزیكەكانی جێسیكا دەڵێن زۆر شتی هەیە بۆ وتن، لەوانە ئەوەندە زاڵ بووە و باوەڕی بە تواناكانی خۆی هەبووە كە وازی كەسانی دیكە هێناوە. بەڕاستی چیرۆكی ژیان ئیلهام بەخشە.

دوای ئەو سەركەوتنە گەورەیەی لە دونیای نواندن و سینەمادا بەدەستی هێنا، لە ساڵی ٢٠١٢ جێسیكا ئەلبا كۆمەڵەی كۆمپانیای The Hon-est Company ی دامەزراند، كە كەلوپەلی بەكاربەری ناوماڵە و دووره لە كەرەستەی دەستكرد و دایبی درووست دەكات، جگە لە بەرهەمەكانی چاودێریكردنی پێستی لەش She is a very successful، ئەمەش وای كردووە كە تا ڕادەیەكی زۆر لە هونەر دوور بكەوێتەوە، بەڵام ئەو دووركەوتنەی ژنێكی گەنج كە سامانی پاكی یەكسانە بە ٣٤٠ ملیۆن دۆلار. جگە لە كاری خێرخوازی، هەروەها جێسیكا ئەلبا كۆمپانیایەكی دروست كرد كە بەرهەمی ژینگەدۆست بۆ دایكان و منداڵانی تازەلەدایكبوو دابین دەكات، نەك هەر ئەوە، بەڵكو لە ساڵی ١٩٧٦لۆبیی كرد بۆ دەرچوونی یاسایەك بۆ هەمواركردنەوەی یاسای كۆنترۆڵكردنی ماددە ژەهراوییەكان.





## یوسرا ئیبراهیم حەسەن

یاریزانی تۆپی پێی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراق بۆ گوڵان:

# هیچ شتێک وەک ئەوە چێژبەخش نییە خزمەت بە گەل و نیشتمانی خۆت بکەیت

هەولێری پایتەختی کوردستان هەموو کات لە یاریی فوتساڵدا خاوەنی چەندین کچەیاریزانی بەتوانابووە و گرنگیی زۆر بە یاریی تۆپی پێی کچان دەدات، هەموو کات کچە یاریزانانی ئەو پارێزگایە لە یاری فوتساڵ و تۆپی پێی گەوراندا لە ڕکابەریی سەرسەختی یانەکانی دیکەی کوردستان و عێراقدا بوون، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە یاریزانانی پایتەخت بۆ یانەکانی دیکەی شارەکانی عێراق یاری دەکەن، پایتەخت خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە ساڵانە لە هەریەك لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەشدارن، یوسرا ئیبراهیم حەسەن یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی هەولێر کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکان لەسەر ئاستی کوردستان، لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی پارێزگای هەولێرە و بۆ یانەکانی ئافرەتانی هەولێر و هێرش و زانکۆی سەلاحەدین و ئەمساڵیش بۆ ئافرەتانی دهۆك یاریی کرد و توانییان ناسناوەکە ببەنەوە، لە خولی عێراقیش بۆ یانەکانی زەورا و نەفتی باکوور یاری دەکات، جگە لەوەش یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقییە لە یاریگەی گەورە بۆ یاریی تۆپی پێی، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.



*** ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینیت لە کوردستان؟**

- لە ڕووی ناساندنی بە کچە یاریزانانەوە کە خولیای یاریی تۆپی پێیان هەیە، ئاستی یاریی فوتساڵ زیاتر بەرەوپێش دەچێت.

***ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-بێگومان نەبوونی بەردەوامی لە بەڕێوەچوونی خول و بەردەوام نەبوونی مەشقکردنی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش هۆکارە بۆ دابەزینی ئاستی یاریزان چ لە ڕووی جەستەییەوە بێت، یان لە ڕووی دەروونییەوە، کاریگەریی خۆی دەبێ.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

-هیوادارم زیاتر گرنگی بە تۆپی پێی کچان بدرێت و خول و پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە، بە تایبەتی لە شارەکانی کوردستان.

*** گرفتی وەرزشیی یاریی فوتساڵ لە چیدا دەبینیت؟**

- هیچ گرفتێك لە بەڕێوەچوونی یارییەکاندا نییە، تاکە گرفت نەبوونی خولە کە ساڵانە تەنیا یەك خول بۆ فوتساڵی کچان دەکرێتەوە لە کوردستان.

***لەلایەن یانەکانەوە گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- لە زۆربەی یانەکانی عێراق گرێبەستم بۆ دێ و ئەمساڵیش بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کرام بۆ بەشداری لە پاڵەوانێتی ڕۆژ ئاوای ئاسیا.

***بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- ناساندن و بەردەوامیدان بە وەرزشی کچان لە کوردستان و عێراق.

*** یاریکردن لە یاریگەی گەورە بۆ کچان زەحمەت نییە؟**

- یاریکردن لە یاریگەی گەورە خەونی منە و هیچ بەلامەوە زەحمەت نییە، بەڵام نەبوونی پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی بۆ یاریی تۆپی پێی کچان بۆ یاریگەی گەورە هۆکارە بۆ بەرەوپێش نەچوونی یاریزان لەم یاریگەیە.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزش؟**

-داواکارم کە گرنگییەکی زۆر بە وەرزشی کچان بدرێت و پشتگوێ نەخرێن، چونکە زۆر یاریزانانی بەهرەمەند هەن کە تا ئێستا نازانن ساڵانە خول بۆ کچانیش دەکرێتەوە، پێویستە وەرزشی کچان زیاتر بناسرێت تا ئەوانەی خولیای وەرزشیان هەیە بێبەش نەبن.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێکی کورد؟**

-خەونم یاریکردنە لە ڕیزی یانە ئەوروپییەکاندا.

***بەهیوای ئەوە نیت کە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بیت؟**

-بێگومان هیچ شتێك وەك ئەوە چێژ بەخش نییە خزمەت بە گەل و نیشتمانی خۆت بکەیت، هیوادارم ڕۆژێك ئەوە ڕوو بدات.

***لە هەردوو خولی کوردستان و عێراق یاری دەکەیت، کامەیان بەهێزتر و چێژبەخشترە؟**

- لە هەردووك خول یاری دەکەم، بێگومان خولەکانی عێراق بەهێزترن و گرنگیان زیاترە..

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- ئاریان ڕۆبن و لونێل مێسی.

***یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- یاریکردن بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق خۆشترین هەستی ژیانی وەرزشیم بوو.

***سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێت؟**

-هەموو سەرکەوتنێك چێژی خۆی هەیە، سەرکەوتنیش بە هەوڵ و ماندووبوون دەبێ.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، کە پشتگیریی یایزانەکانی کوردستان دەکات، بەهیوای ئەوەم قسەکانم بە هەند وەربگیرێت و بگاتە شوێنی خۆی.





# هەندرێن

## بووە پاڵەوانی جامی کوردستان

لە سەر یاریگەی نێودەوڵەتیی یانەی وەرزشی زاخۆ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشی، هەردوو یانەی هەندرێنی شاری هەولێر و ئاکرێ لە یاریی کۆتایی جامی یانەکانی کوردستان بەیەك گەیشتن، هەردوو یانە ئامادەکارییەکی زۆریان کردبوو بۆ ئەوەی بتوانن نازناوی جامەکە بۆ خۆیان یەك لای بکەنەوە، لە گێمی یەکەمدا گشت هەوڵەکان بێ سوود بوو، لە گێمی دووەمدا یاریزانانی یانەی هەندرێن بە پلانێکی تۆکمەتر هاتنە نێو یاریگە و توانییان ئەم گێمە بەسوودی خۆیان یەکلا بکەنەوە بە ئەنجامی(٢-١)گۆڵ، گۆڵەکانی هەندرێن لە ڕێگەی یاریزانان (هێمن نازم وعەباس حوسێن) و تاکە گۆڵی ئاکرێش یاریزان (سەلاح حەسەن) تۆمار کرا، بەم ئەنجامەش بۆ یەکەمجار لە مێژووی پاڵەوانێتیەکەدا هەندرێن نازناوەکەی بەدەست هێنا، لەم بارەشەوە ڕاهێنەری یانەی هەندرێن دڵشاد مەعروف بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:»ئێمە چەند ساڵێك بوو هەوڵمان دەدا بۆ بەدەستهێنانی نازناوی جامی کوردستان، ئەمساڵیش توانیمان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و لە یاریی کۆتاییشدا دوای ماندووبوونێکی زۆر، توانیمان نازناوی جامی کوردستان بگەڕێنەوە هەولێری پایتەختی کوردستان».



## لە پاڵەوانێتیی کاراتێی عێراق کچانی ئاڵا ئەنجامیان دڵخۆشکەر بوو

لە شاری سلێمانی بە بەشداریی ٥٠ یانەی شارەکانی عێراق، پاڵەوانێتی کاراتێ کچان و کوڕانی یانەکانی عێراق، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و بە بەشداریی زیاتر لە ١٥٠ یاریزانی شارەکانی عێراقی بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتییەشدا کچە یاریزانانی یانەی ئاڵای شاری هەولێر بەشدارییان کرد لە ئاستی کچان توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و، هەشت مەدالیای پاڵەوانێتییەکە لە سلێمانییەوە بگەڕێننەوە پایتەختی هەرێمی کوردستان، یانەی ئاڵا لە ئاستی پێشکەوتووان بە ٢٦خاڵ پلەی دووەمی ڕیزبەندی یانەکانی بەدەست هێنا و پێشمەرگەی سلێمانی یەکەم و خورماڵ سێیەم بوو، لە ئاستی ژێرتەمەن ٢١ساڵ کچانی ئاڵا بە پلەی سێیەم هاتن بە کۆکردنەوەی ٢٢ خاڵ لە دوای یانەکانی هەڵەبجە و پێشمەرگەی سلێمانی هات، لەم بارەشەوە مامۆستا کارزان سەعید ڕاهێنەری کاراتێ کچانی یانەی ئاڵا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خۆشبەختانە توانیمان لەم پاڵەوانێتییەدا ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین، هەر چەندە هەشت یاریزانی تیپەکەمان بەشداریی کێبڕکێیەکانیان کردبوو لە کێشە جیاوازەکان و ئاستە جیاوازەکاندا و، هەشت مەدالیای جۆراوجۆرمان بەدەست هێنا، پلەی دووەم لە ئاستی پێشکەوتووان و پلەی سێیەم لە ژێر تەمەنی ٢١ ساڵ، ئەو ئەنجامانە بۆ ئێمە زۆر باشە و هەوڵیش دەدەین لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنین».





# فیستیڤاڵی پەروەردەکانی سنووری پارێزگای هەولێر ئەنجام درا

بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزشی و دیدەوانی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی دوای دە ساڵ لە چاوەڕوانی توانی ئەمساڵ فیستیڤاڵی پەروەردەکان بەڕێوەببات، لەم فیستیڤاڵەدا هەریەك لە پەروەردەکانی (ناوەندی هەولێر، دەوروبەری هەولێر، بنەسڵاوە، شەقڵاوە، کۆیە، خەبات، مەخموور) بەشداربوون بە ڕکابەریکردن لە سەر نازناوەکان، لە بارەی بەڕێوەچوونی ئەم فیستیڤاڵەش مامۆستا (بێجان ئیبراهیم) بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزشی و دیدەوانی لە پەروەردەی گشتیی هەولێر گوتی: «ماوەیەکی زۆر لە ئامادەکاریدابووین بۆ بەڕێوەچوونی ئەم فیستیڤاڵە و ئامانجمان بوو کارێکی جوان و سەرنجڕاکێش ئەنجام بدەین لە پایتەختی کوردستان، کە حەوت پەروەردەی سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر بەشداربوون، سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر دەکەین کە هاوکارێکی باشی ئەم فیستیڤاڵە بووە، قوتابیان و مامۆستایانی پەروەردەکان بە ڕۆحێکی بەرزی وەرزشییەوە بەشداریی یارییەکانیان کرد، کارەکانمان بە ڕێکوپێکی بەڕێوەچوو، و سەرجەم لێژنەکانی یارییە جیاوازەکان ئەنجامدرا کە ٢٥ یاریی جۆراوجۆری لە خۆ دەگرت لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، سوپاسی چالاکیی وەرزش و دیدەوانیی پەروەردەی قەزاکانیش دەکەین، کە هەماهەنگیی باشیان بۆ کردین بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانی ئەم فیستیڤاڵە بگەیەنینە ئەمڕۆ، کە ماوەیەکی زۆرە لە پایتەختی کوردستان ئەم فیستیڤاڵە نەکراوە، خۆشبەختانە دوای چەندین جار دواخستن ئەم کارە کرا، هیواداریین بتوانین خزمەتێکی زۆر بە بواری وەرزشی بکەین لە ناوەندەکانی خوێندن و ئەم جۆرە چالاکییە وەرزشییانە بەردەوام بکەین، دواتریش لەلایەن ئامادەبووان خەڵات و دیاری بەسەر قوتابییە سەرکەوتووەکان دابەش کرا. ئەنجامەکانیش بەم شێوەیە بوو

ئاستی کچان:

١-پەروەردەی بنەسڵاوە ٦٥خاڵ

٢-پەروەردەی ناوەندی هەولێر ٥٢خاڵ

٣-پەروەردەی خەبات ٣٧خاڵ

پاڵەوانی گۆڕەپان و مەیدان هەریەك لە قوتابیان(ژوان عزەدین و گەلارا عەلی بە ١٤خاڵ) بە هاوبەشی بوونە پاڵەوان لە پەروەردەی بنەسڵاوە.

ئاستی کوڕان

١-پەروەردەی بنەسڵاوە ٨٧خاڵ

٢-پەروەردەی ناوەند ٦٠خاڵ

٣-پەروەردەی دەوروبەر ٥٤،٥خاڵ

پاڵەوانی گۆڕەپان و مەیدان قوتابی (عەلی عەبدوڵڵا بە٢١خاڵ ) لە پەروەردەی بنەسڵاوە.

# ئەنتەرمیلان دڵخۆشە بەنەهاتنی لۆکاکۆ

پیپی مارۆتا، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری یانەی ئەنتەرمیلان گوتی یانەکەمان بەبەختبوو کاتێک ڕۆمیلۆ لوکاکۆ هاوینی ڕابردوو، ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە بۆ ئەنتەرمیلان.

لە بازاڕی گواستنەوەی هاوینەدا مشتومڕی زۆر و هەوڵی زۆر هەبوو بۆ پەیوەندیکردنی لوکاکۆ بە یانەی چێڵسی لەکاتێکدا یاریزانی ئەنتەرمیلان بوو، بەڵام ئەو هێرشبەرە بەلژیکییە گفتوگۆی لەگەڵ یۆڤانتوس دەستپێکرد و بەوەش ئەنتەر لە گفتوگۆیەکە کشایەوە و لە کۆتاییشدا لوکاکۆ پەیوەندی بە یانەی ڕۆما کرد.

پرسیار لە ماۆرتا کراوە سەبارەت بە نەگەڕانەوەی لۆکاکۆ چەند کاریگەری هەبوو لەسەر بوونی ئەنتەرمیلان بەپاڵەوانی خولی ئیتاڵیا.

بەڕێوەبەری وەرزشیی یانەکە گوتی: شتێک لە ژیاندا هەیە، کە زۆر بایەخی پێنادرێت، ئەو شتەش بەختە.

هەروەها گوتی: لەو دۆخەدا ئێمە بەختەوەربووین نکوڵی لێناکەم، کە ئەو ئامانجی ئێمە بوو، بەڵام دۆخەکە گۆڕا و کڕینی هێرشبەرێکی دیکەمان کردە ئامانجی خۆمان بەراورد بەو پرۆژەیەی لە سەرەتای بازاڕی گواستنەوەدا کردبوومانە ئامانج.

ئەو زیاتر گوتی: ئێمە گرنگیی تۆرامان دەزانی و لە گرنگی مانەوەی لۆکاکۆش تێدەگەیشتین، گرێبەستی سەرکەوتووی وەک سانچێز و ئارناتۆڤیچمان ئامادەکرد، کە لە ڕووی ئابووری و هونەرییەوە سەرکەوتووبوون، ئێستاش ئێمە خاوەنی بەهێزترین هێڵی هێرشبەرین لە خولەکەدا و بەرهەمەکەمان چنییەوە.

هاوینی ڕابردوو هاندەرانی ئەنتەرمیلان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە پاشگەزکردنەوەی یانەکە لە گرێبەستکردن لەگەڵ لۆکاکۆ پاش ئەوەی ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر دەنگۆکانی گفتوگۆکردنی نێوان هەردوولا.



## هەڕەشەکانی فیفا و یویفا بەردەوامە

فیفا و یویفا هەڕەشە لە تۆپی پێی ئیسپانیا دەکەن و ئەگەر هەیە چالاکییەکانی تۆپی پێی ئەم وڵاتە لە لایەن ئەم دوو دامەزراوەیە ڕابگیرێت.
ڕۆژنامەی ئاس-ی ئیسپانی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڵاویکردەوە یەکێتیی تۆپی پێی جیهان و یەکێتیی تۆپی پێی ئەورووپا هەڕەشە دەکەن بە ڕاگرتن و سڕکردنی سەرجەم چالاکییەکانی تۆپی پێی ئیسپانیا لە نێوانیاندا خولی ئیسپانیا و دوورخستنەوەی یانەکانی ئیسپانیا لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە وەرزی داهاتوودا.
ڕۆژنامە ئیسپانییەکە ئاشکرای کردووە ئەم هەڕەشەیەی دوو دامەزراوەکەی تۆپی پێ بەهۆی دەستێوەردانی حکوومەتی ئیسپانیایە لە کاروبارەکانی یەکێتیی تۆپی پێی ئەو وڵاتە و ئەگەر ئەم دەستێوەردانەش بەردەوام بێت ئەوا ناچار دەبن بە ڕاگرتنی چالاکییەکانی تۆپی پێی ئەم وڵاتە.
هێما بۆ ئەوەش کراوە لەوانەیە ڕێگە نەدرێت یانەکانی ئیسپانیا بەشداری لە پاڵەوانیەتییە ئەورووپییەکانی وەرزی داهاتوو بکەن لە نێوانیاندا دوورخستنەوەی ڕیاڵ مەدرید و بەرشلۆنە و یانەکانی دیکە لە خولی یانەکانی ئەورووپا و یۆرۆپالیگ، جگە لەوەش ڕێگە بە هەڵبژاردەی ئیسپانیا نادرێت بەشداری لە یۆرۆی ٢٠٢٤ بکات.

## ئارسین ڤینگەر پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای ئاشکراکرد

ئارسین ڤینگەر ڕاهێنەری پێشووی یانەی ئەرسیناڵ ناوی ئەو یانەیەی دەستنیشانکردووە، کە پێیوایە لە کۆتایی وەرزی ئەمساڵدا نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی دەباتەوە.
ڤینگەر لە لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی لوپاریزیان-ی فەرەنسی ناوی یانەی بەربژێر و ئامادەی بۆ بردنەوەی نازناوی پاڵەوانێتییە ئەورووپییەکە داناوە و دەڵێ، ئەمساڵ ساڵی ئەوانە.
ڤینگەر، کە بە ڕاهێنەری مێژوویی ئەرسناڵی ئینگلیزی دادەنرێت لەبارەی ناوی یانەکەوە گوتی: لە سەرەتای وەرز گوتوومە ئەمساڵ ساڵی بردنەوەی نازناوی خولی یانە پالەوانەکانی ئەورووپایە دەبێت لە لایەن پاریس سانت جێرمان.
سانت جێرمان لە قۆناخی چوارگۆشەی زێڕینی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەرانبەر برووسیا دۆرتمۆند یاری ئەنجام دەدات دوو یانەکەی دیکەی سەرکەوتوو بۆ چوارگۆشەی زێڕینی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ڕیال مەدرید و بایرن میونیخ و بە یەک دەگەن.
ڤینگەر پێیوایە کیلیان ئێمباپێ و یاریزانەکانی دیکەی سانت جێرمان توانای ئەوەیان هەیە بەسەر برووسیا دۆرتمۆند بگەنە یاریی کۆتایی.
سانت جێرمان لە قۆناخی پێشوودا وێڕای شکستی بەرامبەر بەرشلۆنە ٢ - ٣، لە یاریی گەڕانەوەدا ڕیمۆنتادای بەسەر ئەو یانەیەدا کرد و ٤ - ١ سەرکەوتنی بەدەستهێنا.
سانت جێرمان هەوڵدەدات بۆ دووەم جار لە مێژوویدا بگاتە یاریی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا پاش ئەوەی ساڵی ٢٠٢٠ گەیشت و لەوێ بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر بە بایرن میونیخ دۆڕا.



# جینەكان یان ستایلی ژیان..
# كامیان كاریگەرترە بۆ تەندروستی؟

بۆ ئەوەی كە تووشی هەمان ئەو نەخۆشییە ببیت كە لە ئەندامانی خێزانەكەتدا هەیە، پێكهاتەی جینەكانت Genetic makeup بە تەواوی یەكلاكەرەوە نین، بە مانایەكی دیكە مێژووی خێزانت دەتخاتە ژێر ڕیسكی تووشبوون، بەڵام لەوانەیە كە هۆكارەكانی ستایلی ژیانت ڕۆڵێكی گەورەتریان هەبێت بۆ زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بەو نەخۆشییانەی كە لە خێزانەكەتدا بە ڕێگەی جینەكان دەگوازرێنەوە. ئەگەر تەندروستی بە سادەیی لەسەر جینەكانتدا نووسرابن، كەواتە ئامانج لە مەشقی وەرزشی و خۆراكی تەندروست چی دەبێت؟ ڕاستییە زانستییەكە ئەوەیە كە بۆ زۆربەی كەسەكان، تەنانەت ئەگەر جینەكان ئەگەری تووشبوون بە گەلێك نەخۆشی زیاد بكەن، ئەوا بە ستایلێكی ژیان كە خۆراكی تەندروست و مەشقی وەرزشی لەخۆبگرێت، كاریگەرییەكی ئەرێنی گەورەی دەبێت بۆ گرفتەكانی وەكو نەخۆشیی دڵ، نەخۆشیی شەكرەی جۆری دوو، شێرپەنجە، لەگەڵ نەخۆشیی ئەلزهایمەر. سیفاتە جینییەكان لەوانەیە كە هیچ كاریگەرییەكیان بۆ تووشبوون بە نەخۆشی نەبێت ئەگەر چەند وروژێنەرێكی دەوروبەر و ستایلی ژیان لە ئارادا نەبن. ئەو هۆكارانە كاریگەری دەكەنە سەر ئاراستەی كاركردنی ماددەی جینی یان DNA لە لەشدا، بۆنموونە خۆراكی ناهاوسەنگ و ناتەندروست، جگەرەكێشان، یان ئەنجام نەدانی مەشقی وەرزشی ڕۆڵی گەورەیان هەیە بۆ گۆڕینی ئاراستەی جینەكان بۆ لایەنی نێگەتیف یان تووشبوون بە نەخۆشییەكانی تەمەن، وەكو نەخۆشیی دڵ و شەكرە.






# بەهای خۆراکیی هێلکە

هێلکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ پرۆتین، کۆلین Choline، چەوری، ڤیتامینەکانی A، D، B، لەگەڵ مادده دژەئۆکسانەکانی کارۆتینۆیدەکان Carotenoids بەتایبەتی لیوتین و زیازانتین، هەروەها کانزاکانی فۆسفۆر، ئاسن، پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، سیلینیۆم.
سوودە تەندروستییەکانی هێلکە: پاراستنی هێز و بارستایی ماسوولکەکان بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی پرۆتین لە هێلکەدا، کە بنیاتنەوە بۆ ماسوولکەکان، دابینکردنی چەوریی تەندروست بۆ لەش وەکو چەورییە فرەناتێرەکان کە سوودبەخشن بۆ دابەزاندنی ئاستی کۆلیسترۆڵی خراپ LDL لە خوێندا، باشترکردنی تەندروستیی چاو و پاراستنیان لە گۆڕانەکانی سەنتەری تۆڕەی چاو کە پەیوەستە بە تەمەن AMD و بینین دەخاتە مەترسی، هاندانی تەندروستیی مێشك، بەتایبەتی پاراستنی توانای یاد و فێربوون بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ماددەی کۆلین. لەگەڵ هەموو ئەو سوودە تەندروستییانەدا، زەردێنەی هێلکە ڕێژەیەکی بەرزی کۆلیستیرۆڵ لەخۆدەگرێت، بۆنموونە بە تێکڕایی زەردێنەی هێلکەیەکی گەورە نزیکەی ٢٠٠ ملگم کۆلیسترۆڵی تێدایە، بۆیە زیاد خواردنی هێلکە لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا. لە لایەکی دیکە، هێلکە یەکێکە لەو خۆراکانەی کە لە هەندێك کەسدا دەبێتە ئەگەری پەیدابوونی هەستەوەری، بەتایبەت لە منداڵاندا.

# پاراستنی تەندروستی پاش ٥٠ ساڵی تەمەن

لەگەڵ بەتەمەناچووندا، ڕیسکی تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان زیاد دەبێت، وەکو نەخۆشیی دڵ، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، هەروەها هەوکردنی جومگەکان، بەڵام بە پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێکی ژیانی تەندروست دەتوانیت تا ڕادەیەکی باش تەندروستییانە ژیان بەسەر بەریت، کە بریتین لە:

- پابەندبوون بە خۆراکی تەندروست و هاوسەنگ، کە هاندەر بێت بۆ بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، بۆنموونە بڕێکی باشی پرۆتین وەکو گۆشتی پەلەوەر، ماسی، هێلکە، نیسك و پاقلەمەنییەکان، کاکڵ و تۆوەکان بۆ پاراستنی بارستایی ماسوولکەکان، لەگەڵ بڕێکی باشی کالسیۆم کە لە شیر و ماست و سەوزە گەڵا تاریکەکان و گەلێك خۆراکی دیکەدا هەیە، ئینجا میوەی جۆراوجۆر، بەتایبەتی ئاڤۆکادۆ، هەروەها خۆراکە دەوڵەمەندەکان بە ڤیتامین B12 وەکو شیری باوی یان پاقلەی سۆیا، پاشان ڕۆژانە خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو.
- ساڵانە بەسەرکردنەوەی تەندروستی و ئەنجامدانی چەند پشکنینێکی تاقیگە لە لایەن دکتۆرەوە.
- گرنگیدان بە نووستن کە شەوانە لە حەوت کاتژمێر کەمتر نەبێت.
- ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی سووك یان مامناوەند کە هەفتانە لە ١٥٠ خولەك کەمتر نەبێت یان ڕۆژانە بۆ ماوەی ٢٢-٣٠ خولەك.
- سووککردنی سترێس، چونکە سترێس هاندەرە بۆ زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی دڵ، جەڵتەی مێشك، قەڵەوی، نەخۆشیی شەکرە.
- دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، هەروەها وەرگرتنی چەند جۆرێکی ڤاکسین بەتایبەتی ڤاکسینی ئەنفلوەنزا و کۆڤید-١٩.
- کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش.



# نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین B12

ڤیتامین B12 بە کۆبالامین Cobalamin ناسراوە، چونکە کانزای کۆبالت لەخۆدەگرێت، لە ئاودا دەتوێتەوە، زۆر گرنگە بۆ دروستبوونی خرۆکە سوورەکانی خوێن و ترشی DNA ناوکی خانەکانی لەش، هەروەها بەرهەمهێنانی وزە لە لەشدا، لەگەڵ فرمانی دروستی کۆئەندامی دەمار. پێویستیی ڕۆژانەی ئەم ڤیتامینە بۆ کەسانی پێگەیشتوو تەنیا ٢,٥ مایکرۆگرامە، سەرچاوە خۆراکییە دەوڵەمەندەکانی ڤیتامین B12 ئەمانەن: ماسی، گۆشت، جگەر، هێلکە، پەلەور، پاقلەی سۆیا، لەگەڵ شیر و بەرهەمەکانی شیر.

کەمیی ڤیتامین B12 حاڵەتێکی باوە، نیشانەکانی بریتین لە: هەستکردن بە سڕبوون لە دەست و قاچ و پێیەکاندا، چونکە کەمیی ڤیتامین B12 دەبێتە ئەگەری تێکدانی توێکڵی دەمارەکان، گرفت لە پیادەڕۆییدا، هەستکردن بە سەرما، هێڵنج، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن و کەمبوونەوەی کێشی لەش، سکچوون یان قەبزی، سەرئێشە، کاڵبوونی ڕەنگی پێست، خەمۆکی، شێوان لەگەڵ گرفتی پەیوەست بە یاد و بیرهاتنەوە، بێهێزبوونی ماسوولکەکان و هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، هەوکردنی دەم، هەوکردن و لووسبوونی زمان کە هاوکاتە لەگەڵ هەستکردن بە سووتانەوەی زمان، دڵەکوتێ یان هەستکردن بە ترپەکانی خێرا لێدانی دڵ Palpita-tions.



# هۆکارەکانی ئازاری پشتەسەر

ئازار لەلای پشتەوەی سەر گەلێك هۆکاری لەپاڵە، دەتوانرێت کە تەنیا بە چەند گۆڕینێکی سادە لە ستایلی ژیان یان بەکارهێنانی چەند دەرمانێك ڕێگە لە سەرهەڵدانی ئازارەکە بگیرێت، یان بەلای کەم سووکتر بکرێت. هۆکارەکانی ئازاری پشتەسەر: گرژە سەرئێشە Tenson headaches کە بە باوترین هۆکار دادەنرێت و دەبێتە ئەگەری ئازار لای پشتەوە و تەنیشتی لای ڕاستی سەر، ئازاری پشتەسەر لەبەر هەوکردنی دەمارەکانی مل Occipital neuralgia کە لە پەتکە دەمارەوە سەرچاوە دەگرن، ئەم حاڵەتە زیاتر لە تووشبووانی شەقەرسەردا بەدی دەکرێت، ماندووبوونی ماسوولکەکانی مل و شان و پشت بۆ مەبەستی جیاوازی وەکو زیاد سەیرکردنی مۆبایل، کە هاندەرە بۆ گرژبوونی ئەو ماسوولکانە و ئازار لە لای پشتەوەی سەردا، خزینی کڕکڕاگەی نێوان بڕبڕەکانی مل، کە سەرەتا دەبێتە هۆی ئازار لە لای پشتەوەی مل و پاشان بۆ بەشی پشتەوەی سەر بڵاودەبێتەوە، کە هاوکاتە لەگەڵ هەستکردن بە نارەحەتی لە شان و قۆڵەکاندا، دابەزینی پەستانی شلەی دەوری شانەکانی مێشك CSF بۆ پێوانەی کەمتر لە ٦٠ ملم ئاو، هەروەها شەقەسەر کە جگە لە پشتەسەر، بەشەکانی دیکەی سەریش دەگرێتەوە و لەوانەیە کە هاوکات بێت لەگەڵ هێڵنج، یان ڕشانەوە و هەستیاربوون بۆ ڕووناکی.



# ناڕێکیی لێدانەکانی دڵ

ناڕێکیی لێدانەکانی دڵ Arrhythmia واتە ناڕێکی لە خێرایی و یەکسانیی لێدانەکانی دڵ لە ئەنجامی باش کارنەکردنی سیستمی کارەبایی دڵدا. تووڕەبوون، پەستی، ماندووبوونی جەستەیی و مەشقی وەرزشی لێدانەکانی دڵ زیاد دەکەن، کەچی لە کاتی حەسانەوە و نووستندا لێدانەکانی دڵ کەم دەبنەوە، ئەم گۆڕانانە لە خێرایی لێدانەکانی دڵدا بە ئاسایی هەژمار دەکرێن، بەڵام زیادبوون و کەمبوون یان ناڕێکبوونی لێدانەکانی دڵ لە کاتەکانی دیکەدا بە نا ئاسایی دادەنرێت، کە لەوانەیە بێ زیان بێت یان ژیان بخاتە مەترسییەوە. بە گشتی ناڕێکیی لێدانەکانی دڵ دوو جۆری هەیە: یەکەم، زیاد لێدانی دڵ Tachycardia واتە لێدانی زیاتر لە ١٠٠ ترپە لە یەك خولەکدا. دووەم، کەم لێدانی دڵ Bradycardia واتە لێدانی کەمتر لە ٦٠ ترپە لە یەك خولەکدا. نیشانەکانی ناڕێکیی لێدانەکانی دڵ: هەستکردن بە ئازار لە سینگدا، کەمبوونەوەی توانای بەرگەگرتنی فیزیکی، دڵەکوتێ، هەستکردن بە سووکبوونی سەر، ئارەقەکردن، هەناسەتەنگی، پەستی، هەروەها وەستانی دڵ کە ئەگەر زۆر زوو چارەسەر نەکرێت ئەوا ژیان بە توندی دەخاتە بەر مەترسیی مردن. هۆکارەکان: تووشبوون بە نۆرەیەکی دڵ لە ڕابردوودا، نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، نەخۆشیی ماسوولکەی دڵ، نەخۆشیی شەکرە، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەوکردن بە ڤایرۆسی کۆڤید-١٩، زیادبوون یان کەمبوونەوەی چالاکیی گلاندی دەرەقی، هەناسە وەستان لەکاتی خەودا، قەڵەوی، زیانی لابەلای بەکارهێنانی چەند دەرمانێك، زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکان و ئەلکهول، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، بۆماوەیی، جگەرەکێشان، هەروەها پەستی و سترێس.



# مینی کۆمپیوتەرێک بەتایبەتمەندییەکی بەرزەوە

مینی کۆمپیوتەر (وردیلە کۆمپیوتەر) بەو کۆمپیوتەرانە دیسکتۆپانە دەگوترێت کە زۆر بچووکن واتە بەکارهێنەر دەتوانێت لە جانتایەکدا هەڵیانبگرێت و هەمان کارایی کۆمپیوتەری گەورەیان هەیە. بۆ نموونە وردیلە کۆمپیوتەری جۆری khadas mind کە قەبارەکەی بەقەد تەبلێتێکی ئاسایی نابێت، بەڵام تواناکانی لە کۆمپیوتەرە گەورەکان بەهێزترە.

کۆمپیوتەری ناوبراو ماژۆلارە، واتە پارچەکانی بەهۆی بەکارهێنەرەوە لە پاڵ یەك دەخرێنەوە. مینی کۆمپیوتەرەکە Dockێکی تایبەتی لەگەڵدایە دەتوانێت بەهۆیەوە چەندین ئەرکی دیکەشی پێ ئەنجام بدەی وەك پەیوەند کردنی چوار مینتۆر و ئامێرەکانی تایبەت بە گەیم.

کێشی وردیلەکە کۆمپیوتەرەکە بەتەنیا بەبێ Dock تەنیا ٤٥٠ گرامە. سیستەمی ویندۆز ١١ی لەسەرە. یەکەی لێکدانەوەی ناوەندی واتە CUP دوازدە ناوەکییە و خێراییەکەی دەگاتە ٥ گیگاهێرتز. هاردەکەی لە جۆری SSDیەو ١ ترابایتە. رامەکەی ٣٢ گیگابایتە. باترییەکەی هەتا پێنج کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت.




## میمۆری کارت

میمۆری کارت بەتایبەت بۆ مۆبایل و کامێراکانی وێنەگرتن بەرزترین قەوارەیان ١٢٨ گیگابایتە و لەو ماوەیەدا قەوارەی یەك ترابایتیشی بەرهەم هاتووە. کۆمپانیای SanDisk کە دەکرێ بڵێین لەریزی پێشەوەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی میمۆری کارتە، ئەم رۆژانەراگەیاند میمۆری کارتێکی بەرهەمهێناوە کە قەوارەکەی چوار ترابایتە. بەرهەمهێنانی میمۆری کارت بەم قەوارەیە دەبێتە




## کامێرایەک بەقەد تۆپێکی تێنس

کۆمپانیای فوجی فیلمی ژاپۆنی، کامێرایەکی نوێی بەرهەمهێناوە کە بەقەد تۆپێکی تێنس دەبێت و بچووك و لەپەنجەکانی بەکارهێنەردا جێی دەبێتەوە.

کامێرا بچووکە ناوی instax pal لەگەڵ کامێراکە پرینتەرێکی بچووکیش هەیە کە دەستبەجێ وێنەکان دەردەخات. کوالیتی وێنەکان بەرز نییە و تەنیا ١٠ میگاپیکسلە. بەبێ میمۆری دەتوانێت پەنجا وێنە بگرێت، دیارە میمۆریشی دەخرێتە سەر. کامێراکە راستەوخۆ لە مۆبای پەیوەند دەدرێ و وێنەکان بۆ سەر مۆبایل بەرێ دەکات. تایبەتمەندییەکی کامێراکە ئەوەیە لەگەڵ وێنەگرتن دەتوانێت بۆ چەند چرکەیەکیش لەگەڵ وێنەکە دەنگ تۆمار بکات. ئاپێکی تایبەتی هەیە کە لەسەر مۆبایل دادەنرێ و لە رێگای ئاپەکەوە دەتوانی دەستکاریی وێنەکان بکەی. کامێراکە چەند رەنگێکی هەیە.




## ـــــی چوار ترابایتیش بەرهەمهات

شۆڕشێکی گەورە لە جیهانی داکردندا، بەتایبەتی بۆ مۆبایل. لەمەودوا بەرهەمهێنانی مۆبایل بە قەوارەی میمۆری ئەوەندە ئاست بەرز وا دەکات کۆمپیوتەر و مۆبایل بەهاوتەریبی یەکدا بڕۆن. خێرایی گواستنەوە و داکردنی داتاکان لە شێوەی UHS-Iیە، ١٠٤ میگابایت لە چرکەیەکدا دەگوازێتەوە. هەروەها بۆ داکردنیش دەتوانێت ٣٠ میگابایت لە چرکەیەکدا بگوازێتەوە، ئەوەش بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆی 8K زۆر گونجاوە. کۆمپانیای بەرهەمهێن ڕایدەگەیەنێت پێموانییە ئەمساڵ ئەم میمۆرییە بخەمە بازاڕەوە. بەرهەمهاتنی کارت میمۆری بەو قەوارەیە وادەکات گۆڕانکارییەکی زۆر لە جیهانی بەرهەمهێنانی لاپتۆپدا بێتە دی، هەم کێشیان بچووك بێتەوە و هەم خێراییان بچێتە سەر.



## کیبۆرد و ماوس پێکەوە

کیبۆردی جۆری Cleve Tura CLVX1 کیبۆردێکی ناوازەیە و تایبەتە، کیبۆردێکی قەبارە بچووك و بەڵام تواناکانی گەلێك زۆرن. لەیەك کاتدا بە هەموو سیستەمەکانەوە پەیوەند دەدرێ وەك: ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس، ویندۆز و لینۆکس.

ناوازەیی کیبۆردەکە لەوە دایە کە ماوس یا تۆچ پۆدی نییە و بەڵکو بە داگرتنی دوگمەیەك هەموو کیبۆردەکە دەبێتە ماوس یا تۆچ پۆدێکی تایبەت. دوگمەکانی کیبۆردەکە دەکرێت بەهۆی پرۆگرامی تایبەتییەوە بەرنامەڕێژ بکرێن.

کیبۆردەکە هەم کێبڵە و هەم بلوتوس و وای-فای. تەنانەت بۆ مۆبایلیش شوێنی کێبڵی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کلیکی لای ڕاست و چەپی ماوسی هەیە بە کۆمەڵێك فەرمانی زیادەوە.

## کی کی ڕۆبۆتێک لە هەستەکان دەگا

جیهانی ڕۆبۆتەکان کەوتۆتە قۆناغێکی نوێوە. هەرچەندە لە سەردەمی ژیریی دەستکرد و تەکنەلۆژیای نوێدا تا ڕادەیەکی زۆر هەستەکانی وەك پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و سۆزدارییەکان لە کەمیانداوە، بەڵام هەوڵدراوە لە ڕێگای پەیوەندی نێوان ڕۆبۆت و مرۆڤ ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن. بەرهەمهێنانی ڕۆبۆتی kiki یەکێکە لەو ڕێگە چارانە. Kiki ڕۆبۆتێکی بچووکە، هەستی بەکارهێنەرەکەی دەخوێنێتەوەو لێیتێدەگا، کاتێك خەم دایگرتووە بە بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکی شاد دەیەوێ ئەو خەمەی کەم بکاتەوە. کاتێك دەستی بەسەردادێنی وەك بێچوە پشیلەیەك هەست بە خۆشی دەکات و کە تووڕەش دەبی بێزار دەبێ. جوڵە دەکات و سەما دەکات و گۆرانی دەڵێت و چیرۆك دەخوێنێتەوە. بەردەوام لەگەڵ هەڵسوکەوتی بەرکاهێنەرەکەی ڕادێ و زیاتر تێیدەگا. بەهۆی ئاپێکەوە و لە ڕێگای مۆبایلەوە بەکارهێنەرەکەی دەتوانێت بەرنامەی زیاتری بۆ دابنێ و لەگەڵ ئەرك و کاری نوێ ڕایبێنێ.







# درۆنێک بۆ ڕاوە ماسی

درۆنەکان ئەوانەی تایبەتن بۆ کاری خزمەتگوزاری مرۆیی، خزمەتێکی بەرچاو ئەنجام دەدەن و ئەرک و کارەکانیان زۆر ئاسان کردۆتەوە، بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم و سینەمادا.

درۆنەکان هەموویان هەر بە هەوادا دەفڕن، بەڵام درۆنی جۆری splash drone 3 لەگەڵ ئەوەیدا بە هەودا دەفڕێ، بەڵام لە ژێرئاویش دەڕوات و ئەگەر بکەوێتە ناو ئاویش هەڵدەستێتەوە. درۆنی ناوبراو زیاتر بۆ ناو دەریا و قەراخ ڕووبارەکان سوودی لێوەردەگیرێ. بەتایبەتی بۆ ڕاوەماسی.

درۆنەکە بەهۆی کامێرای بەهێزی 4K شوێنی ماسییەکان لە ژێرئاودا دەستنیشان دەکات و تەنانەت قولاییشی هەڵدەگرێت و توانای هەڵگرتنی یەك کیلۆ بەرزکردنەوەی هەیە و هەروەها لە ژێر ئاویشدا بەبێ بەرزکردنەوە توانای هەڵگرتنی زۆری هەیە. جگە لە ڕاوکردن و دەستنیشانکردنی شوێنی ماسییەکان، بۆ گواستنەوە کەلوپەل لە بەلەمێکەوە بۆ بەلەمێکی دیکەش سوودی لێدەبینرێ. کۆنترۆڵ و مۆنیتۆری تایبەتی خۆی لەگەڵدایە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**ئازیزێك دەپرسێت چەندین فلاش میمۆریم هەیە کاتێك دەیانخەمە سەر کۆمپیوتەر هیچ نیشان نادەن و پێموایە سووتاون. ئایا بەڕاستی ڕێگایەك هەیە بۆ چاکردنەوەی فلاشە تێکچووەکان؟**

بەڵێ خوێنەری ئازیز وەك مزگێنییەك پێت بڵێم، هیچ کام لەو فلاشانەی کە پێتوایە سووتاون و تێکنەچوونە و دەکرێت لە ڕێگای پرۆگرامی تایبەتییەوە جارێکی دیکە تەنیا بە چەند خولەکێك چاك بکرێنەوە. بەڵام گەلێك جاران ئەو زانیارییانەی لەسەر فلاش میمۆرییەکەن ناگەڕێنەوە و دەسڕێنەوە، ئەویش لە ڕێگای پرۆگرامی تایبەتییەوە جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە. لە ڕێگای تۆوە بە خوێنەرانی دیکەش دەڵێم، فلاش میمۆری تێکناچێت و بە قەولی ئێوە ناسووتێت، بەڵکو کۆمپیوتەر فۆرماتەکەی نادۆزێتەوە.

# ئەڵقەی زیرەکیی بلاک شارک

ئەڵقەی ژیریش یەکێکە لە بەرهەمە نوێیەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم، ئەنگوستیلە یا ئەڵقە بەهۆی ئەوەی هەڵگرتنی ئاسانە و شاشەیەکی تایبەتی نییە، لە کاتژمێر و مۆبایل ئاسانتر بەکار دێت. کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ وەك ئەپڵ و سامسۆنگ هەرکام بە نۆرەی خۆیان ئەڵقەی هۆشمەندیان بەرهەمهێناوە.

لەم ڕۆژانەدا لقێکی نوێی شیائۆمیش بەناوی «بلاك شارك» ئەڵقەیەکی نوێی بەرهەمهێناوە، هەم سەرنج ڕاکێشە و هەم تواناکانی بۆ چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەی بەرچاون، وەك: توانای زانینی ڕێژەی لێدانی دڵ، ڕێژەی ئۆکسیجینی ناو خوێن، گەرمای لەش و لێدانی دڵ..تاد.

خاڵی جێگای سەرنجی ئەڵقە هۆشمەندەکە ئەوەیە کە لە ساڵێکدا دوو جار پێویستی بە شەحنکردنەوە هەیە. تیرەی ئەڵقەکە ٢,٢ ملمە.





# کیبۆردێکی ناوازەی دوو پارچە

کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکان و ئامێری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەرە. فەرمانەکان و داتاکان لە کیبۆردەوە دەگوازرێنەوە بۆ ناو کۆمپیوتەر. گشت کیبۆردەکان لەچەندین دوگمە لە چەند ریزێکدا پێکهاتوون، ژمارەی دوگمەکان لە کیبۆردێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە.

کیبۆردی جۆری dygma raise 2 کیبۆردێکی ناوازەیە. کیبۆردەکە لە دوو پارچەی چەپ و ڕاست پێکهاتووە، بە هەردوو پارچەکەکان ٦٨ دوگمەن. لە ژێر هەر دوگمەیەکیشدا گلۆپێکی LEDی ڕەنگی هەیە. هەردوو پارچەکە بەهۆی کێشێکی موگناتیسی پێکەوە دەنووسێن. قەوارەی کیبۆردەکە ١٢,٥ ئینجە. پارچەکان سایزەکانیان وەك یەك نییە. لای ڕاست لەلای چەپ گەورەترە. دوو پارچە بوون ئەو خاڵە ئەرێنییەی هەیە کە بەکارهێنەر دەستی ئاوەڵاترە.

بەشێك لە دوگمەکان دەکرێت فەرمانی جیاجیان بۆ دابندرێ، لە ڕێگای پرۆگرامی تایبەتەوە دەکرێت فەرمانەکان بگۆڕدرێن و یا زیاد و کەم بکرێن.



## ماڵپەڕێکی ژێری دەستکرد بۆ وێنەی مامەڵات

وێنەی مامەڵە هەم شێوەی گرتن و ڕاوەستانەکەی و هەم شێوەی جلوبەرگەکەی جیاوازە لەگەڵ وێنەیەکی ئاسایی. بە زۆری قەبارەی وێنەی مامەڵات (٤×٣) دایە و دەبێ ڕووبەڕوو بێ. ئەوەندە دەکرێت جلێکی فەرمیت لەبەردابێ. ئێستاکە بە فۆتۆشۆپ و پرۆگرامە هاوشێوەکانی گۆڕینی جلوبەرگ زۆر ئاسانە. بەهۆی ژیریی دەستکردیش ئەوەندەی دیکە ئاسانتر بووە. ماڵپەڕی خزمەتگوزاری ژیریی دەستکردی cutoutpro/passport-photo-maker لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ئەو ئەرکەت بۆ ئەنجام دەدات. لە بۆکسێکدا هەر جۆرە سایزێکی وێنە بتهەوێ دەتداتێ. هەروەها لە بۆکسێکی دیکەدا، دەتوانی جلوبەرگەکە بگۆڕی و ستایلی دڵخوازی خۆت بدۆزیەوە.

# پرۆگرامێکی مۆبایل پاڵپشت بە ژیریی دەستکرد

مۆبایلەکانی ئەم سەردەمە زۆربەیان کوالیتی و چۆنییەتیی وێنەگرتنیان لە ئاستی بەرزدایە و جار هەیە هاوتای کامێرا پیشەییەکانن. بەڵام کامێرای پێشەوەیان ئەوەی تایبەتە بە سێلفی گرتن ئاستی زۆر بەرز نییە.

بەهۆی ئاپ و پرۆگرامی ژیریی دەستکردەوە ئەو کێشەیەکش چارەسەر بووە. ئەپلکەیشن یا پرۆگرامی Lensa: Photo Editor تایبەتە بە چارەسەرکردنی وێنەی سێلفی. پرۆگرامەکە هی سیستەمی ئەندرۆیدە. هەموو ئەو کێشانەی لە وێنەی سێلفیدا دروست دەبن چارەسەریان دەکات، وەك نەبوونی ڕووناکی، ساف و لووسکردنی پێست، سپیکردنەوەی ددان. هەروەها لابردنی پەڵە و زیبکە. گۆڕینی باکگراوەندی وێنە. بۆ خانمان میکاژ و ئارایش کردنی ڕوخسار و چەندین تایبەتمەندیی دیکە لە پرۆگرامی ناوبراودا هەن، پرۆگرامەکە پاڵپشتی لە ژیریی دەستکرد دەکات و ماڵپەڕێکی تایبەتیشی هەیە.







## ڕێگەکانی پۆڵیشکردنی زێڕوزیو لەماڵەوە بە تێچووی کەم

زێڕ کانزایەکی بەنرخ و نەرمە، بۆیە ئەو کەرەستانەی لە زێڕ دروست دەکرێن پێویستیان بە شێوازی پاککردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی تێك نەچن، پێویستە ساڵانە تەنیا جارێك یان دووجار زێڕ پۆڵیش بکەیت، ئەگەرنا پۆڵیشی زۆر دەتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت، وەك:

ئاوی گەرم (نەك کوڵاو) بکەرە ناو قاپێکەوە کە لەگەڵ قەبارەی پارچە زێڕە پیسەکەدا بگونجێت، چەند دڵۆپێك مادەی پاککەرەوەی شۆردنی تێبکە، پارچە زێڕینەکە لە ئاودا بۆ ماوەی نێوان ١٠ بۆ ١٥ خولەك نقووم بکە، فڵچەی ددان یان هەر فڵچەیەکی نەرم بەکار بهێنە بۆ ئەوەی بە نەرمی کەرەستەکە بشۆیت و هەر پیسییەکی سەخت لاببەیت، دواتر پارچەکە لەژێر ئاوی شلەتێندا بشۆ و بە خاولییەکی پاك و خاوێن بە نەرمی وشکی بکەرەوە.

# هەنگاوەکانی پەیوەست بە پاککردنەوەی قەنەفە و ناوماڵ بەبێ ئاو

بەکارهێنانی ڤاکیوم: هەنگاوی یەکەم بەکارهێنانی ئامێری ڤاکیوم کلینەرە، بەهۆی ڕۆڵی کاریگەر و بەهێزی ئەو ئامێرەی باس کراوە، هاوکارە لە ڕزگاربوون لە برێکی زۆر لە پیسی و پاشماوە و خاك و خۆڵ.

پاودەری سۆدەی نان: لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەتوانرێت پاودەری سۆدەی نان لەسەر قەنەفەکان بپرژێندرێت، فڵچەیەك کە تاڵەکانی ڕەق بێت، بۆ شوێنە پیسەکان بەکار دەهێنرێت، پێویستە نزیکەی نیو کاتژمێر چاوەڕێ بکەیت، دواتر شوێنەواری پیسییەکان لاببەیت.

سرکەی سپی: دەکرێت سرکەی سپی بۆ پاککردنەوەی قەنەفەی قوماش بەکار بهێنرێت، بە شێوەیەك کە خاولییەکی نەرم بە سرکە تەڕ بکرێت و دەست بە پرۆسەی پاککردنەوە بکرێت، ئەمەش کایگەرییەکی باشی دەبێت.

گیراوەی کاریگەر بۆ پاککردنەوە: گیراوەیەك لە سرکە و سۆدەی نان و ئاوی لیمۆ، بخەرە ناو شووشەیەکی سپرا و سەری قەپات بکە و بە باشی بیهەژێنە، پێش ئەوەی پاشماوەکە بسڕیتەوە بۆ ماوەی یەك بۆ دوو کاتژمێر چاوەڕێ بکە، دواتر تێکەڵەکە بپرژێنە سەر ئەو پەڵە قاوەییانەی کە لەسەر قوماشی قەنەفەکە دروست بوون.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



# نوێترین مۆدێلی ئیکسسواراتەکانی قژ لە پێشانگەکانی مۆدەی ٢٠٢٤

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سەرنجت ڕابکێشین بۆ شێوازێکی قژ، کە بە جوانترین مۆدێلەکان لە ئیکسسواراتەکانی قژ لە مۆدەی ساڵی ٢٠٢٤ ڕازاوەتەوە، بە کەرەستەیەك کە لە نێوان (قەدیفە و ساتن و کرێپ)دا جیاواز بووە، هەروەها بە دیزاینی جیاواز، لەوانە بچووك و نەرم و داهێنەرانە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوانەدا بگونجێت کە درێژیی قژیان جیاوازە.

شریتی قژی ڕەنگاوڕەنگ: ئەگەر هەست بە ستایلی ڕابردوو و شێوازی قژی قوتابخانە دەکەیت، شریتی ڕەنگاوڕەنگ هەڵبژێرە، وەك مۆدێلی (کریستیان سیریانۆ) لە هەفتەی مۆدەی نیویۆرك (بەهار-هاوین)ی ئەمساڵ ٢٠٢٤، و یادەوەرییەکانی ڕۆژە خۆشەکان بهێننەوە یاد.

ئیکسسوارات بۆ قژی شێوە پەڕ: لە نێو ئەو ئیکسسواراتە مۆدێرن و داهێنەرانەی کە لە نمایشەکانی هەفتەی مۆدەی بەهار و هاوینی ٢٠٢٤دا سەرنجیان ڕاکێشا، بریتین لە ئیکسسواراتێکی قژی پەڕ، کە بە پەڕێکی ناسکی بلوری ڕازاوەتەوە. تۆش دەتوانیت هەڵبژاردن بۆ ڕازاندنەوەی قژت بە ستایلێکی هاوشێوەی مۆدێلی (ئانایا) کە لە هەفتەی مۆدەی دوبەی بەهار-هاوینی ئەمساڵی ٢٠٢٤ نمایش کران.







# یەکەم مۆبایلی گەڕۆک و زیرەک








لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەم مۆبایلی زیرەك بڵاو کرایەوە، ئەم مۆبایلە کۆمپانیای میتسوبیشی ژاپۆنی بەرهەمی هێنا بوو لەژێر ناوی (IBM Simon) کە نرخەکەیشی ٨٩٩ دۆلار بوو، هەروەها شاشەیەکی لەمسی LCD بە قەبارەی ٤.٥ ئینجی هەبوو، تەلەفۆنەکە پێش سەردەمی خۆی بوو، بەو پێیەی دەیتوانی ئیمەیڵ و فاکس بنێرێت و وەربگرێت، هەرچەندە زاراوەی (سمارتفۆن) تا ساڵی ١٩٩٥ نەهاتە ئاراوە، بەڵام ئەم مۆبایلە وەك یەکەم مۆبایلی زیرەکی ڕاستەقینە دەناسرێتەوە، کۆمپانیاکە ٥٠ هەزار مۆبایلی لەم جۆرەی فرۆشتووە.

# دینگ و بەرداشە بۆ ساوار چاککردن



دینگ، ئەو ئامێرە خۆماڵییەی ساوارخواردن لە زەمەنی ئەودا تامو لەززەتی خۆی هەبوو، وەرزی پایزان کۆمەڵگەی هەولێر بە مەنجەڵی گەورە گەورە ساواریان دەکوڵاند و لەسەربانان هەڵیان دەخست، منداڵ شادومان دەبوون کە دانویان دەخوارد، ئیدی بەرەو دینگ دەچوون ساوار، گەنمەکوتاو، بروێش، پیرخەنی. هەر لەو سەردەمەدا ئامێرێك دەرچوو بە پشتەکوڵ بە کوڵانان دەیانگەڕاند تا خەڵك هەرشتەی پێ دروست بکات، وەك جلك لەسەر دەست هەڵدەخرا تا زوو وشك ببێتەوە، ئینجا بە سێڵ سوور دەکرایەوە منداڵیش بەڕۆکیان لە پاشماوەکە پڕ دەکرد، بۆن بەرامەی هەرشتە بەسەر ماڵە دراوسێکان دەڕۆیشت. ئەو ئاژەڵەشی دینگەکەی دەسووڕاند وەکو (وڵاخی گێرە و جەنجەڕ) پارچە لبادێکیان لە تەنیشت چاوی دەبەستەوە تا جگە لە ئیشەکەی خۆی هیچ شتێك نەبینێت، لە هەولێر پێی دەڵێن دینگ لە سلێمانی پێدەڵێن بەرداش، هەندێك جار بە هێستر یان گا یانیش گوێدرێژ دەخولێنداریەوە، ساوەر و گەنمەکوتاو و بروێشی پێ دەهاڕدرێت.







# گەورەترین کتێبخانە لە جیهاندا

کتێبخانەی شێخ محەمەد بن ڕەشیدە لە میرنشینی دوبەی کە تێچووی کتێبخانەکە یەك ملیار درهەم (نزیکەی ٢٧٢ ملیۆن دۆلار) بووە، کتێبخانەی محەمەد بن ڕەشید بە هەر حەوت نهۆمەکەیەوە، ناوەڕۆکی زانستی زەبەلاحی تێدایە، کە پێکهاتووە لە زیاتر لە یەك ملیۆن و ١٠٠ هەزار کتێبی کاغەزی و دیجیتاڵی بە زمانی عەرەبی و زمانەکانی دیکە، زیاتر لە ٦ ملیۆن تێزی زانستی، نزیکەی ٧٣ هەزار پارچەی مۆسیقا، ٥٧ هەزار ڤیدیۆ، نزیکەی ١٣ هەزار بابەت، هەروەها کتێبخانەکە زیاتر لە ٥٠٠٠ کاغەزی مێژوویی و ئەلیکترۆنیی وەك ئەرشیف بۆ ماوەی ٣٢٥ ساڵ و نزیکەی ٣٥ هەزار ڕۆژنامەی کاغەزی و ئەلیکترۆنی لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان و نزیکەی ٥٠٠ کۆکراوەی دەگمەن لەخۆدەگرێت.




# جانتای ڕاستەقینەی شێوە کارتۆن






جانتاکان هەمیشە شێوەیەکی سەیر و بەرچاویان هەن، هەندێکیان لە پێست و نایلۆن و قایش و لاستیك دروست دەکرێن، بەڵام ئەم جانتایانە وەك ئەوەی کارتۆن بن، فیلم کارتۆن نین، بە فۆتۆشۆپیش دانەنراون، بەڵکوو جانتای ڕاستەقینەن و لەلایەن (چای سوو) و (ڕیکا لین)ی دیزاینەری تایوانییەوە بەرهەم هێنراون و براندێکیشیان بۆ ئەو مەبەستە دامەزراندووە بە ناوی «Jump From Paper».



## کاریکاتێر

کەسێك لەم کاریکاتێرەکەدا وەستاوە، لە خۆیەوە دەڵێت: هیچ کێشەیەکی ژینگە و تێکدانی ژیان نابینم، کەچی لە بەردەمیدا ئاگر کەوتووەتەوە.



## دیمەنە سەیرەکان

یەکێکە لە دیمەنە جوانەکانی زەماوەندی کوردی، کە بریتییە لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ١٩٢٥ زایینی.

## زەنگ و ئالارمی کۆن





جاران زەنگ و ئالارمی بانگکردن لە خەو نەبوو، بۆیە ئەوانەی کار و ئەرکیان هەبوو بەئاگا نەدەهاتن و کارەکەیان لە دەست دەدا، ئەوانیش پەنایان بۆ داهێنانێك برد تا بتوانن لە خەو هەڵسن، ئەم داهێنانەش بریتیی بوو لە بزمار و مۆم، بۆ ئەوەی دڵنیابن لە کاتی خۆیدا لە خەو هەڵدەستن ئەوان دەیانزانی چۆن کاتی سووتانی مۆمەکە حیساب بکەن، مۆمەکەیان لە ناو دەفرێکی کانزاییدا دادەنا بۆ ئەوەی کە بزمارەکەی برکەوت دەنگێك دروست بکات، بەمەش دەنگەکە ئەوەندە دەبوو کە کەسەك بەئاگا بهێنێت.

## یاسا

### بژێویی کچ و ئافرەت

بژێوی بریتییە لەو بڕە پارەیەی مرۆڤ خەرجی دەکات بۆ ئەو کەسانەی مافی خەرجیان لەسەر ئەوە لە هاوسەرو منداڵ و خزم، بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی ٥٩/ ٢ بژێوی منداڵی کچ لەسەر باوکی تا ئەو کاتەیە کە هاوسەرگیری ئەکات، وە لەدوای هاوسەرگیری وە بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی ٥٨ لەیاسای باری کەسێتی بژێویەکەی لەسەر هاوسەرەکەیەتی. لێرەوە پرسیارێك دروست ئەبێت، ئەگەر کچێك هاوسەرگیری کردو پاشان بەهەر هۆکارێك لەهۆکارەکان لەهاوسەرەکەی جیابۆوە، جا ئەگەر هۆکاری جیابوونەوەکە لەلایەن ئافرەتەکەوە بێت یاخود هاوسەرەکەی. پێویستە لەسەرەتاوە دادگا ئەوە یەکلایی بکاتەوە ئایا ئەو ئافرەتە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی هەیە یاخود نا؟ لەبەرئەوەی بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی ٥٨ لەیاسای باری کەسێتی بژێوی هەموو کەسێك لەماڵی خۆیەتی، تەنها هاوژین ( ژن ) نەبێت بژێوی لەسەر هاوسەرەکەیەتی.لەسەر ئەم بنچینەیەش دادگا لێکۆڵینەوە لەوە ئەکات کە ئەو ئافرەتە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی هەیە یاخود نا؟ هەرکات بۆ دادگا ڕوون بۆوە ئەو ئافرەتە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی نیە ئەوا بژێوی لەسەر باوکی دەکەوێت، تەنانەت ئەگەر هۆکاری جیابوونەوەی وەیان تەڵاق دانی لەخودی ئافرەتەکەوە بێت، لەگەڵ بوونی تێبینیەکی گرنگ ئەویش بریتیە لەوەی ئەو ئافرەتە بژێوی بۆ ماوەی چاوەڕوانیەکەی (بەندی) کە سێ قروء یان سێ مانگ، ناکەوێت لەسەر باوکی لەبەر ئەوەی لەوماوەیە بژێویەکەی وەبەگوێرەی ئەحکامی ماددەی ٥٠ لەیاسای باری کەسێتی لەسەر هاوسەرەکەیەتی.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

نهێنییەکانی شوێنی کارەکەت هەرلەوێ بهێڵەرەوە و پێویست ناکات هەمو شتێك ببەیتە دەرەوەی کارەکەت، دەنا تووشی کێشە دەبیت، لە ڕووی تەندروستییەوە گرنگی بەو خۆراکانە بدە کە سیستمی بەرگریی جەستە بەهێز دەکەن.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پەستانی پیشەیی لەسەرت زۆر دەبێت و ئاسان نابێت کێشەکان چارەسەر بکەیت، ئەمەش لە ئەنجامی کەمتەرخەمی خۆتە لە ڕووی پیشەییەوە، باشترە لە تەمەڵی دوور بکەویتەوە، بڕیاردان ئاسان نابێت لە ئێستادا، لە ڕووی تەندروستییەوە ماندویت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە تەنیا سەرنجت بخەرە سەر کارە گرنگەکان و خۆت بە کاری کەسانی دیکەوە سەرقاڵ مەکە، بڕیارەکان لە لایەنی پیشەییەوە زۆر باشن، ئەمەش زیاتر پلەت بەرز دەکاتەوە، لە ڕووی تەندروستییەوە ڕەنگە گرفتی گەدەت بۆ دروست ببێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەگەر لەگەڵ ئەم کارەی ئێستات هەست بە ئاسوودەیی ناکەیت، دەتوانیت بە دوای کاری باشتردا بگەڕێیت، سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، لە ژیانی تایبەتیتدا دۆخەکە بە خواستی تۆ نابێت، ئامۆژگاری دەکرێیت کۆنترۆڵی تووڕەییەکانت بکەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ڕەنگە کەسانێك ببنە هۆی بێزارکردنت، بەتایبەتی لە شوێنی کارەکەت، باشترە بزانیت چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەکەیت، بڕیارەکان بە ژیرانە بدە، لە ڕووی داراییەوە تا ڕادەیەکی باش توانای چارەسەرکردنی کێشەکانت هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەندێك کێشە هەیە کە مێشکیان سەرقاڵ کردوویت و بەردەوام بیریان لێ دەکەیتەوە، باشترە دڵ و مێشکت بۆ کەسێکی نزیکت بکەیتەوە و ئەزموونی لێ وەربگریت، پاڵپشتی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت و پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆر باش دەبێت.


بۆ زانیاریت

## تیشکی ئێکس



ئەو تەنانەی لە گەردووندا تیشکی ئێکس دەردەکەن و یەکجار بە شەوقن، گرفتیان بۆ زانایان دروست کردووە، چونکە نابێ ئەوەندە تیشکی ئێکس لەو تەنانەوە دەربچێت، بەڵام پێوانەکان تۆماریان دەکەن. لێرەدا باسی ئەو تەنانە دەکەین کە هەرنەبێ تەنیا بە تیشکی ئێکس، ١٠٠ ملیۆن ئەوەندەی وزەی خۆر دەردەدەن. ئەوەندە تیشکدەرن کە لە سنووری ئیدینگتۆن تێدەپەڕن، سنووری ئیدینگتۆن ئەو بڕە وزەیەیە ئەستێرەکان دەتوانن بەرهەمی بهێنن و دەریدەن و بە پێی یاساکانی فیزیا لە گەردووندا، نابێ لەو سنوورە تێپەڕن، ئەو سنوورە بە پێی بارستایی ئەستێرەکان دەگۆڕێت. ئیدینگتۆن (١٨٨٢-١٩٤٤) فیزیکناس، ماتماتیکناس و گەردووناسێکی بەریتانیایی بوو، سەرەتا لە تیشکدانی ئەلکترۆنەوە گەیشتە ئەو ئەنجامە، دواتر سەرنج درا بابەتەکە بۆ تەنە درەوشاوەکانی گەردوونیش ڕاست بوو،

ئەو تەنانەی ئەو بڕە زۆرەی تیشکی ئێکس دەردەدەن پێیان دەڵێن ULX. هەیانە تا ٥٠٠ ملیۆن ئەوەندەی خۆر لە شەبەنگی تیشکی ئێکس ڕووناکە و زانایانی سەرسام کردووە، دوایین توێژینەوە سەبارەت بەو جۆرە تەنانە بە یارمەتی تەلەسکۆبیکی پێشکەوتوو کراوە کە پێی دەڵێن NuSTAR، ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەوەی تا ئێستا بۆ ئەو تەنانە تۆمار کراون دروستە و ئەو تەنانە سنووری ئیدنگتۆنیان شکاندووە. تاکە لێکدانەوەی ئێستا بۆ ئەو جۆرە تەنە زۆر ڕووناکانەی تیشکی ئێکس هەمانە، ئەوەیە کە دەبێت ئەو تەنانە بواری موگناتیسیی یەکجار بە تین و بە هێزیان هەبێت، ملیاران جار بەهێزتر لە هەر موگناتیسێك کە مرۆڤ دروستی کردبێت.



## پەند و وتە

میلان کۆندێرا، ڕۆماننووسی فەرەنسی و لە دایکبووی وڵاتی چیك، لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری برنۆ لە چیك لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠٢٣ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئازار دەڵێ: ئازارەکان پێویست ناکات هۆکاریان هەبێت، بەڵام هەندێ جار هۆکاری تایبەتی هەیە و کە هۆکارەکانیش بێ مانا و لۆژیکیش نین.




## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند گیاندارێك هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا گیاندارەکان بدۆزیتەوە و بزانیت چ جۆرە خشۆك و گیاندارێکن.

فیلم

## ڕیکی ستانسکی - Ricky Stanicky




فیلمێکی کۆمێدی و فەنتازیایە، باس لە سێ هاوڕێی منداڵی دەکات دوای بیست ساڵ لە دروستکردنی کارەکتەری خەیاڵی ڕیکی ستانکی، هێشتا ئەو هاوڕێیە درووست نەبووە کە وەك بیانوویەکی بەسوود بۆ ڕەفتارە ناپێگەیشتوەکانیان بەکاری دەهێنن، کاتێك هاوسەری ئەو سێ هاوڕێیە گومانیان لا درووست دەبێت لە بوونی هاوڕێیەکیان بە ناوی ڕیکی، داوای ئەوە دەکەن دوا جار چاویان بە ڕیکی بکەوێت، سێ تاوانبارەکە بڕیار دەدەن کەسێك بە ناوی (ڕۆد) ئەکتەری کۆمیدیا بەکرێ بگرن، بۆ ئەوەی ڕۆڵی ڕیکی بگێڕێت، بەڵام کاتێك ڕۆد ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت، ئەو سێ هاوڕێیە خۆزگە دەخوازن کە هەر لە سەرەتاوە کەسێکیان بە ناوی ڕیکی لە خەیاڵی خۆیاندا دروست نەکردایە و ئەم هەموو ڕەفتارە گاڵتەجاڕانەشیان نەنواندایە. فیلمەکە لە دەرهێنانی پیتەر فاریللیە، بودجەی فیلمەکە (٤٩) ملیۆن دۆلارە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٣ خولەکە، لە نواندنی (جۆن سینا، زاك ئیفرۆن، ئەندریو سانتینۆ، لیکس سکۆت، ئەنجا ساڤاسیك، جیرێمی فاولەر)ە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ڕووی پیشەییەوە ڕۆژێکی گرنگ دەبێت و چانسی سەرکەوتنت زۆرە، هەروەها چەندین شتی نوێ فێر دەبیت، لە ژیانی تایبەتیتدا هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، هەمو شتێك بە خواستی تۆ دەبێت، ئەگەر خۆت هەوڵی چارەسەرکردن بدەیت و پشت بە کەسانی دیکە نەبەستیت ڕەنگە کێشەکانت کۆتاییانپێ بێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە بڕیارێکی گرنگ دەدەیت، لە شڵەژان و پەلەکردن دوور بکەوەرەوە، لەلایەنی داراییەوە ڕووبەڕووی گرفت دەبیتەوە، لە لایەنی سۆزدارییەوە واز لە گومان بهێنە لە خۆشەویستەکەت، دەنا ناکۆکییەکانتان قووڵ دەبێتەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بچوکترین کەمتەرخەمی لە لایەنی پیشەییەوە زیانی گەورەت پێ دەگەیەنێت، باشترە هەموو کارەکانت بە وریایی بکەیت، هەروەها خێرا متمانەکردن تووشی گرفتت دەکات، لە ڕووی داراییەوە قازانجێکی زۆر باش دەکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


لە ڕووی تەندروستییەوە هەر گرفتێکت بۆ دروست بوو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پزیشکەوە بکە و خۆت پشتگوێ مەخە، لە لایەنی پیشەییەوە چەند بەربەستێکت بۆ دروست دەبێت، مەترسە و توانای ئەوەت هەیە تێیان بپەڕێنیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە لە تەمەڵی دوور بکەوەرەوە و کەمێك چالاك بە، پەستانی پیشەیی زۆر لەسەرت دەبێت، ئەگەر دەتەوێت دەست بە کارێکی نوێ بکەیت لە پاڵ پیشەکەتدا، ئەوا هەواڵێکی خۆش دەبیستیت لەوبارەیەوە، لە ڕووی تەندروستییەوە دەربارەی گرفتەکانی خۆت کەمتەرخەم مەبە.


### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە ئەم ڕۆژانە گرنگ دەبێت، دەرفەتی ئەوەت دەبێت ئەو وشانەی ماوەیەکی زۆر لە دڵی خۆتدا هەڵت گرتوون بیاندرکێنیت، کەسانێکی زۆر پشتگیریت دەکەن، مەترسە لەوەی شکست بهێنیت لە ژیانی تایبەتیت، دەگەیت بەو ئاواتانەی ئارەزووی دەکەیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Inifniti GPS by TimeNet, providing GPS tracking services in various fields including Car, fleet management, school bus management, personal tracking, animal tracking, as well as construction and transportation solutions.

Our offer includes:
GPS device for cars, motorcycles, trucks and buses and asset tracking

The annual subscription includes the following:
GPS device - SIM card with internet - platform and mobile application - 12 months service
All this for only 149 thousand dinars





Inifniti GPS لەلایەن TimeNet، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەدواداچوونی GPS لە بوارە جیاوازەکاندا لەوانە ئۆتۆمبێل، بەڕێوەبردنی کەشتی، بەڕێوەبردنی پاسی قوتابخانە، بەدواداچوونی کەسی، بەدواداچوونی ئاژەڵ، هەروەها چارەسەری بیناسازی و گواستنەوە.

ئۆفەرەکەمان بریتیە لە:
ئامێری جی پی ئێس بۆ ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل و بارهەڵگر و پاس

بەشداریکردنی ساڵانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
ئامێری GPS – سیمکارت لەگەڵ ئینتەرنێت – پلاتفۆرم و ئەپڵیکەیشنی مۆبایل – خزمەتگوزاری ١٢ مانگ
هەموو ئەمانە تەنها بە 149 هەزار دینار



Contact with us :

- 07502749592 - 07502749591
- www.infinitigps.com
- info@infinitigps.com
- khabat stree, Erbil,Iraq

Weekly
Gulan
May 6, 2024 Issue,No.1412

